# گەمەکانی دەسەڵات

"سێ شانۆیی هاوچەرخی کوردی "

## گۆڕەپانی دیموکراسی

## خەونەکانی لاتێك

## نەورۆزی ئازادی

نووسینی : د. ئازاد حەمە شەریف

چاپی یەکەم
2009

ناوی کتێب: گەمەکانی دەسەڵات : سێ شانۆیی هاوچەرخی کوردی
دانەر: د . ئازاد حەمە شەریف
چاپی:یەکەم -2009
دیزاینی بەرگ : ئاسۆی مامزادە.
تیراژ : 500 دانە.
ژمارەی سپاردن (2413) ی ساڵی 2008 ی پێدراوە.
چاپخانە: چوارچرا - سلێمانی
چاپی : یەکەم - سلێمانی 2009 .

© مافی لەچاپدانەوە بۆ دانەر پارێزراوە

<u>تێبینی</u> (1): هیچ تیپ و گروپێك مافی ئەوەی نی یە بەبێ ڕەزامەندی نووسراوی دانەر ئەم بەرهەمانە بخاتە سەرشانۆ یان بۆ تەلەفزیۆن و رادیۆ ئامادەیان بکات.

<u>تێبینی</u> (2): کەسایەتییەکانی ئەم شانۆییانە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕا ستەوخۆ هیچ کەسانێکی دیاریکراو ناگرێتەوە، چونکە مەبەستی ئەم شانۆییانە پتر نیشاندانی دیاردەکانە لە کەسەکان.

# ناوەرۆك


- چەند پەیڤێك .......................................... 4
- گۆڕەپانی دیموكراسی........................................ 7
- خەونەكانی لاتێك ......................................... 70
- نەورۆزی ئازادی.......................................... 94

## چەند پەیڤێك

شانۆی كوردی تا رۆژی ئیمرۆش هەر یان تراژیدیا بووە یان داستان ئامێز. شانۆی كۆمیدی زۆر بەكەمی سەری بە ماڵی كوردی دا كردووە ، با هەر باسی شانۆی كۆمەڵا یەتی رەخنە ئامێزیش نەكەین چونكە ئەوەیان وەكو مانگی یەكشەوەیە جاروبار دەردەكەوێت .

هەڵبەتە ئەو بارودۆخە سیاسیەی كە سەدان ساڵە داگیركەران لە كوردستان دروستیان كردووە بۆتە هۆی ئەوەی كورد هەمیشە لەگەڵ تراژیدیا بژیت و بەرخودانی خۆیشی لە داستان دا بەرجەستە بكات .

بەڵام ، ئێستا كۆمەڵگەی كوردەواری بەدەست سەدان كێشەی كۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنێت و كاتی ئەوە هاتووە كە ئێمەش پەرە بە جۆرە كانی دیكەی درا ما بدەین بە تایبەتیش كۆمیدیا و شانۆی كۆمەڵایەتی لە جۆری شانۆییەكانی ئارسەر میلەر و ئیبسن و مۆلێر .

چونكە تەنیا لە رێگای ئەوا نەوە دە توانین بە جوانی لە كێشە و ئارێشەكانی كۆمەڵگەی خۆمان بگەین .

ماوەی چەند ساڵێكە لە بەشی ئینگلیزی كۆلیژەكانی ئەدەبیات و زمان و پەروەردە بابەتی رەخنە و شیكردنەوەی دەقی شانۆییم بە قوتابی و خوێندكاران دەڵێمەوە و دوو ساڵیشە وەكو مامۆستا لەبەشی شانۆی كۆلیژی هونەرە جوانەكانی زانكۆی سەلاحەدین هەمیشە لەناو پۆلدا جەخت لەسەر ئەوە دەكەمەوە كە ئاراستەی بیركردنەوە و ڕوانینی خوێندكاران و قوتابیان بەرەو كۆمیدیا و شانۆی كۆمەڵایەتی بگۆڕم .

جا هەرسێ شانۆیی "نەورۆزی ئازادی" و "خەونەكانی لاتێك" و

"گۆڕەپانی دیموكراسی" زادەی ئەو روانین و هەوڵە لەمێژینەمن . لەو شانۆییانەدا چەندین دەردو كێشەی كۆمەڵگەی كوردەواریم خستۆتە بەر تیشكی سەرنج و رەخنە ، هەوڵیشم داوە بەشێوەیەكی هاوچەرخانە مامەڵە لەگەڵ ئەو كێشانە بكەم. لەهەندێك شانۆیی چارەسەریم بۆ دەستنیشان كردوون و لە هەندێكی تریاندا كێشەكەم بەبێ چارەسەری بەجێ هێشتووە تاوەكو خوێنەران و بینەران بەخۆیان بەدوای چارەسەركردنی ئەو كێشانەدا بگەڕێن چونكە ئەو كێشانە كێشەی خۆیانە و هەر ئەوانیش دەتوانن چارەسەری بكەن .

ئەم شانۆییانە كۆمیدیایەكی تاڵن چونكە پڕ فرمێسك و دەردەسەرین. شانۆیی ئاسایی نین و تێكەڵەیەكن لە پێكەنین و گریان - پێكەنین بە عەقڵی نەفامی دەسەڵاتدارە نەزانەكان و گریان بۆ ئازار و چەرمەسەری مرۆڤە پاكە بێ گوناهەكان. وشە و رستەكانی پڕن لە پێكەنین و گریان. ئەمانەش فرمێسكی تاقە كەسێك نین، بەڵكو خەستكراوە و پوختەی دڵۆپە فرمێسك و هاوار و ناڵەی سەرجەم ڕۆشنبیران و ڕەش و ڕووتانە لە سەرانسەری جیهاندا، هاوارێكی برینداری پڕناڕەزایی یە بەڕووی ستەم و زۆرداری و دڵڕەقی دەسەڵاتداران كە ماف و ئازادی میللەتیان زەوتكردووە ... ئاشكراكردن و ریسواكردنێكی تراژیكۆمیدیانەی ڕووی ڕەشی دزێوەكانە لەسەر پەردەی خیانەتی مێژووی جیهانی... تۆماری تاوانكاری و وێرانكاری و خراپەكاریانە لە هەر كوێیەك بن.

حا چونكە ئەم شانۆییانە شانۆی هەڵوێست و بەرەنگارین ، خوێنەر و بینەرانی ئەم جۆرە شانۆییانە بیانەوێت و نەیانەوێت خۆیان لە بەرەیەكدا دەبیننەوە - یان بەرەی ڕۆشنبیران و ڕەش و ڕووتان

وخێرخوازان کە بەدەست زڵهێزەکانی ئەم دونیایە دەناڵێنن - یان بەرەی دەسەڵاتدارە ستەمکارە گەوج و خراپەکان. بە درێژایی مێژووش زۆردار و دەسەڵاتدارە خراپەکانی دونیا هەمیشە ڕاوی ڕۆشنبیرە ڕاستەقینە و مرۆڤە سەربڵندەکانیان ناوە و بەراستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەوڵیان داوە لەناویان ببەن . خۆ ئەگەر پێشیان نەکرابێت وابکەن ، ئەوا شاربەدەر و نانبڕاویان کردوون و ناویان زڕاندوون . ئەم جەنگە هەر لەسەرەتاوە هەبووە و هەتا دونیاش مابێت هەر بەردەوامە. هیچ مرۆڤێکی خاوەن ویژدان یان تەنانەت بێویژدانیش ناتوانێت ئەم شانۆییانە بە بێ باکی و هەستمردوویی و بێ هەڵوێستی بخوێنێتەوە. بەدەست خۆشیان نی یە، دەبێ بکەونە یەکێك لەم دوو بەرەیە. سەرەنجام ، یان دەبنە پشتگیریکاری خەباتی پیرۆزی ڕۆشنبیران و ڕەش و ڕووتان و چاکەکەران یان دەبنە دوژمنی باوەکوشتەیان. جا چونکە ئەم شانۆییانە بەرهەمی گریان و پێکەنینن و هەردوو بەرەش هاندەری لە دایکبوونیان بوون، بۆیە منیش پێشکەش بە هەردوولایان دەکەم.

- بەرەی خاوەن ئازار و فرمێسك کە هەوێنی ئەم ئاوێتە یە پیرۆزەن: ئاوێتەی فرمێسکی پێکەنینێکی تاڵ.

- بەرەی زۆرداران و خیانەتکاران کە بە کارە بێ بەزەیی و نامرۆڤانەکانیان زمانی رق و گاڵتەجاڕانەی ڕۆشنبیران و ڕەش و ڕووتانیان ئاگراوی کردووە و دەماری خوێنی گەشیان هێناوەتە جۆش و کەفوکوڵێکی دانەمرکاو .

د. ئازاد

(1)

# شانۆیی

# "گۆڕەپانی دیموكراسی"*

**میژووی نووسینی ئەم شانۆییە: 2008/4/19**

* ئەم شانۆیی یە شەوانی 7 و 8 و 9 /9/2008 لەسەر شانۆی (هۆڵی گەل) لە هەولێر نمایشكرا و لەو سێ شەوەدا زیاتر لە 1800 كەس بۆ بینینی شانۆییەكە ئامادەبوون.

**کەسیەتیەکان:**

- دلّدار : قوتابی زانکۆیە و تەمەنی (23)ساڵە.
- هەنار: قوتابی زانکۆیە و تەمەنی (22) ساڵە.
- دیدار: رۆژنامەفرۆشە و تەمەنی (30) ساڵە.
- بەرخۆکە : شێتێکی تەمەن (28) ساڵە.
- بەیان : دایکێکی تەمەنی (25)ساڵە.
- دیاکۆ: منداڵێکی تەمەن (9) ساڵانە.
- بەخە: سەرخۆش.
- کاوێس: چافرۆش.
- کانەبی: پۆلیس.
- کاکل: پۆلیس.
- جەوهەر جێماو : رۆشنبیرێکی گەنجە.
- مامۆستا سیامەند: مامۆستایەکی یاخی.
- دلاوەر: گەنجی (1) کە نیازی هەیە بچێتە هەندەران.
- سیروان: گەنجی (2) کە نیازی هەیە بچێتە هەندەران.
- پەیامنێر.
- وێنەگر.

تێبینی : کەسایەتیەکانی ئەم شانۆیی یە بە شێوەیەکی را ستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هیچ کە سێکی د یاریکراوی کۆمەڵگەی کوردەواری ناگرێتەوە، چونکە مەبەستی ئەم شانۆیی یە پتر پیشاندانی دیاردەکانە لە کەسەکان .

# گۆڕەپانی دیموكراسی

## دیمەنی یەكەم

(بنەبانی شانۆ باخێكی پڕدارودرەختی بەرزە و لق و چڵی درەختەكان دابەزیوونەتە سەر شانۆ. چوارڕیانی شەقامێك بەپێشی دا تێدە پەڕێت. قەڵبەزە یەكی ئاو لەناوەڕا ستەوە ئاوی ڕەنگاوڕەنگ بەئاسما ندا هەڵدەدات.

ناوەراستی شانۆ گۆڕەپانێكی كراوەیە كە لەلای دەستەچەپیەوە كوشكێك هەیە كە رۆژنامە و گۆڤار و ساردەمەنی و چەرەزاتی لێ دەفرۆشێت . لەلای دەستەراستەوە كابینە یەكی قیتی تە لەفۆنی گشتی دا نراوە بۆ پەیوە ندیكردن بەخەڵكەوە. لەناوەراستیشەوە دوو ئەسكەمیڵی درێژ بەشێوەی گۆشەی كراوەی روولەیەكتر دانراون.

كاتێك سەر شانۆ بەرە بەرە روو ناك دەبێتەوە ، دەنگی مۆسیقایەكی بەجۆش و خرۆش لەگەڵ چریكەی مەل و بولبولان دێت. دڵدار و هەنار پێكەوە دانیشتوون و خەریكی قسەكردنن.)

**هەنار**(بەهەنا سە هەڵكێ شانەوە): دوێنی چوار ساڵی تە مەنمان زۆر بەخێرایی لە زانكۆ بەڕێ كرد بەبێ ئەوەی هیچ بەهیچ بكەین. هیچێكی واش فێر نەبووین. داخۆ ساڵی داهاتوو لەكوێ دەبین؟

**د ڵدار:** لەکوێ دە بین؟ من یان دە بمە فەرماذ بەرێکی ئا سایی لەبر سان مردوو یانیش بەبێ کار لە شەقامەکان دە سوڕێمەوە. ئەدی ئەتوو؟

**هەنار:** مـنیش یان بە موو چەیەکی کەم دادە مەزرێم کە بە شی خۆم نا کات یانیش دە بێ لەماڵ دابنیـشم و چاوەڕێ ی کەرەمی خوا بکەم!

**دڵدار:** ئەی من و تۆ؟

**هەنار:** خوا دەزانێت سەرەنجامی ئێمە بەچی دەگات؟

**دڵدار:** بۆ ، تۆ لە من نائومێدیت؟ !

**هەنار:** من لە هەموو دونـیا نائومـێدم! ئەدی ئومـێدم بە چی هەبێت؟! کەس نازانـێت چی لێ د ێت، من ئومـێدی چیم بە تۆ یان بەم ژیا نە بـ ێت؟ د ڵدار گ یان ، بۆ بەم قـ سانە د ڵی خۆ مان تەنگ بـکەین. دەی تو خوا هەر بەیادی رۆژا نی زانکۆ مان گۆرانیە کەی جارانم بۆ بڵێ.

**د ڵدار**( بەخۆگرانکرد نەوە): هەر چەندە قورگیـ شم تەواو نیـ یە، بەڵام لەبەر خاتری چاوە گەشەکانی تۆ هەر دەیڵێم. (دە ست بەگۆرانی گوتن دەکات)

هەنار .....هەنار .....هەنارە
دەرد و دەرمانم یارە،
ئەو جەژنەم بە بێ تۆ کرد
تاڵە وەك ژەهری مارە....

(لەگەڵ كۆتاییهاتنی گۆرانییە كە د یداری رۆژنا مەفرۆش لەملاوە چەپڵەیان بۆ لێدەدات و بەرەولای ئەوان دێت)

**دیدار** : دەمخۆش ، دە مخۆش ! ئەم گۆرانی یەی ئ ێوە كۆ مەڵێك یاد گاری تاڵ و شیرینی هێنایەوە یادم . م نیش وە كو ئ ێوە عا شق بووم ، دڵداریم دەكرد ، حەزم لە كیژێك دەكرد. كە باوكی كچەكە پێ ی زانی پێ ی نەدام . هەرئەوەش بوو وایلێكردم نەتوانم قوتابخا نە تەواو ب كەم و ئوم ێدم بەم ژیا نە نەمێنێت و بب مە كە سێكی هەناسەساردو سەرنەكەوتوو.

**د ڵدار** (دە ست دەخا تە سەر شانی ): برا كەم ، بەڵام ژ یان بەمجۆرە بەردەوام نابێت ، وانی یە ، هەنار گیان ؟

**هەنار** : راست دەكات ، سەیری ژیان بكە بەرەو ئاسۆیەكی فراوان .

**دیدار** : تازە من هیچ ، بەڵام حەزدە كەم ئ ێوە وە كو من تان لێ نە یەت . ئەم كتێ بەش كە ناوی "هو نەرێ‌ل خۆشەوی ستی یە" لەم نەوە دیاری یە بۆ ئێوە و هیوادارم سوودی لێ وەرگرن .

**د ڵدار** (كتێبە كەی لێ وەردەگر ێت) : زۆر سوپاس بۆ هاوكار یت و ئەو هەستە جوانەت . با بڕۆین ، هەنا ر گیان .

**هەنار** : دەبا بڕۆین .

**دڵدار** : هەنارەكەم ، حەز دە كەیت چەند لاپەڕە یەكی ئەو كتێ بەت بۆ بخوێنمەوە ؟

**هەنار** (بەپەرۆشەوە) : ئادەی خێراكە ، زۆرم حەز لەو كتێبەیە.

(كاتێك ئەوان خەریكی ئەو قسانەن ، لەولاوە كاوێس چایە چی بەدەم گۆرانی گوتنەوە دێتە سەرشانۆ)

کاوێس (بەگاڵتەکرد نەوە) هەنار .... هەنار .... هەنارە .... دەردو دەرمانم یارە ....

**دڵدار** (پێدەکەنێت): ئەوە چی یە، کاوێس دەڵێ ی پلارمان لێ دەدەیت ؟

**کاوێس** : ناوەڵا من هەر بۆ خۆشی گۆرانی دەڵێم !

**دڵدار** : ئەدی کوا خۆشەویستەکەی تۆ؟

**کاوێس** : کورە کێ ئێ مەی خۆ شدەوێت ؟ وەڵا هی کەس ئێ مەی خۆشناوێت . کێ حەز لە ئێمەی هەژار و قەلەندەر دەکات ؟

**دڵدار** : کاوێس ، ئەو بیبسی یە بدە من و ئەو فانتایەش بۆ هەنار .

**کاوێس** : باشە ، دەکاتە هەزار دینار .

**هەنار** : ئەوە هەزار دینارەکەت ، تۆش بڕۆ لای دەنکەکەی خۆت ؟

**کاوێس** : من دەنکم نی یە ، مەگەر بچمە لای د یدار . ( بەرەولای د یدار دەچێت)

**دیدار** : ها کاوێس ، خێرە وا بەکەیفی ؟ دڵداریش خۆشە ، ها ؟

**کاوێس** (بەلاساییکردنەوەوە) : حەزم لە کیژێك دەکرد ، کەشف بوو ، بابی پێ ی نەدام ، زۆرم خۆشدەویست ، لە ژیان نائومێد بووم .

**دڵدار**(بەتووڕەیی بەدوای دەکەوێت) : ئەوە چی دەڵێیت ، هەی مەیمون ! هەی قوندکە پ یاو ! هەر ئەمن مابووم لا سایيم بکەیتەوە ! دەزانیت من تۆم چەند خۆ شدەوێت ؟ ( کاوێس بەڕاکرد نەوە خۆی دەکوتێتە ناو چایخانەکەی خۆیەوە) .

(لەم کاتەدا پۆلیسەکان دێنە ژوورەوە)

**کانەبی** : ئەوە چیتە دڵدار ، بۆچی وا تووڕەیت ؟

**کاکل** : ئەوە کاوێس چی پێگوتیت ؟

**دڵدار :** هیچی پێنەگوتم . بۆخۆمان سوحبەتمان دەكرد . ئێمە برادەرین ، وانی یە كاوێس؟

**كاكل :** كورە ، ئەو كاوێسە هێندەی قەتێیە كە ، كەس دەم لەدەمی ئەو بستەمنداڵەی دەنێت ؟

**دڵدار :** برام ، ئەوە كەی قەتێیە ، ئەوە بەلبولە ، بولبول .

**كانەبی :** باشە ، ئەو كابرایە ، بەخۆی دوو بست و نیوە ، چۆن تووڕەی كردیت ؟

**دڵدار :** دەماری گرتم ، دەمار ؟

**كا كل :** قە سەی پێگوت یت ، ها ؟ دە می خۆش ب ێت ، بەو شان و شەپیلكەتەوە بوویتە قەشمەرجاڕی ئەو قونكەپیاوەی .

(پۆلیسەكان بانگی كاوێس دەكەن )

**كانەبی** : كا ؟

**كاكل** (بۆی تەواو دەكات) : وێس ؟

**كانەبی :** كا ؟

كاكل (بۆی تەواو دەكات) : وێس ؟

(كاوێس وەڵام ناداتەوە)

**كانەبی :** كاكل ، كاكل ، بڕۆ بزانە لەلای چی قەوماوە.

**كانەبی** (كاتێك كاكل بەرەولای دەستەراستی شانۆ غاردەدات، بەتوو ندی هاوار دەكات ) : كاوێس ؟

**كاوێس :** هۆ بەڵێ ، واهاتم .

**كانەبی :** كاوێس ، چۆنی ، باشی ، ماڵ و منداڵت چۆنن ؟

**كاوێس :** ماڵ و منداڵم لەكوێ بوو ، هەی هەپلەگون ؟

**کاکل :** ئەدی گەدە و گیپاڵت چۆنە ؟

**کاوێس :** بیَ عەیبە ( شەپ لە سکی خۆی دەدات )

**کا نەبی :** کاوێس ، دەزانیت تۆ پ یاوێکی بەڕێزیت و چایە چیەکی دەرەجە یەکیت ؟ ( کاوێس سەری پە سەندکردن دەلەقێنێتەوە) تۆ بەڕاستی کابرایەکی باشیت ، ئەتوو بەردەوام لیَرە یت ، هیچ پیاوخراپێك دێتە ئێرە، هیچ قسەیەکی خراپ لەو ناوە دەکرێت؟

**کاوێس :** وەڵاهی ...

**کانەبی و کاکل** (پێکەوە) : ئیَ ، ئیَ ؟

**کاوێس :** وەبیلاهی ...

**کانەبی و کاکل** (پێکەوە) : ئیَ ، ئیَ ؟

**کاوێس :** وەتیلاهی ...

**کانەبی و کاکل** (پێکەوە) : ئیَ ، ئیَ ؟

**کاوێس :** ئەمن کەس شك نابەم .

**کا نەبی** (پ شتملی کرا سەکەی بە دوو ئەنگو ست دەگر ێت و هەڵیدەسەنێتەوە): دەبڕۆ ، بڕۆ ، عەمرت نەمێنێت ، هەی بیَ خێر و بێر.

**کاکل :** گەورەم بابچینە پشت ئەو دارانە بزانین کەسی لیَ یە . ( بەپێش کانەبی دەکەوێت )

**کانەبی** (بەتێڕاخوڕینەوە): کورە سەدجارم پێگوتیت بەپێشم مەکەوە.

**کا کل :** با شە ، باش ، گەورەم . دەزانم تۆ زۆر حەزدە کەیت لەپێشەوە بیت و کاتی موو چەوەرگرتنیش هەر خۆت رە پێش دە کەیت . (دەچنەدەرەوە) .

(هەرکە ئەوان دەچنەدەرەوە ، بەرخۆکە بەهێواشی دەخزێتە ناو گۆڕەپانەکە و خۆی لەناو چیمەنەکە دەگەوزێنێت)

**بەرخۆکە:** وای لەو شوێنە خۆشەی! ئەی بابە، ئەو گوڵە جوانانە؟! ئێرە هەردەڵێ ی ماڵی متە سەخوڕیە! پەکوو چ خۆ شە، هەردەڵێ ی باغی شەقراوەیە! ( خۆی لەناو گوڵ و گژوگیایە کە غ لۆل دەکاتەوە) هۆی .... هۆی .... هۆی ....

(پۆلیسەکان لەوسەرەوە بەتاو بۆ لای بەرخۆکە دێن)

**کاکل** (بەهاوارکردنەوە): کورە هەڵسەوە، هەی شێت و شوڕ! ئێرە لەکوێ و باغی شەقراوێ لەکوێ! نەوەڵا ئێرە باغی چیوێ یە؟

**بەرخۆکە** (بەجۆرە ترسێکەوە): باغی چیوێ! ( لەپڕ هەڵدەسێتەوە) نا ....نا... با هەڵێم ئەوجا تەیارە دی !

**کا نەبی:** ئا ... ئا .... را کە....زوو . کورە وا هات؟ وووو... گرم ... گرم ...وووو ...گرم ... ئەوا تەیارەکە هات (بەدەست نیشانەی فڕینی تەیارە دەکات)

**بەرخۆکە** (رادەکاتە ئەوسەری شانۆ): بەراستتە؟ نا ...نا...هەو نییە؟

**کاکل و کانەبی** : هەوە ، هەو !

**بەرخۆکە:** هەو نیە، کورە ئێوە شێتن؟

**کانەبی:** کورە، هەی شێت و شوڕ ئێمە شێتین یان تۆ؟

**بەرخۆکە:** وەڵا ئەنگۆ شێتن! دەنا لۆ واز لە منێکی هەژار و بەسەزمان ناهێنن؟

**کاکل:** دەبڕۆ بابەکەم بڕۆ! کەی کاتی ئەو قسانەیە؟

(لەلای دەستەچەپەوە دیاکۆ و دایکی دێنە ژوورەوە)

**بەیان:** دیاکۆ ، کوڕم چاك بڕۆانە بزانە باوکت لەوناوە نییە؟

**دیاکۆ :** باشە ، دا یە . ( هەردووکیان دە چنەلای کو شکی رۆژنامەفرۆ شی دیدار)

**بەیان** (بۆ دیدار) ئەو کاتەت باش ، کاکە .

**دیدار :** ئەو کاتەت باش ، خانم . فەرموو ؟

**بەیان :** زەحمەت نەبێت مامۆستا سیامەندت نەبینیووە ؟

**دیدار :** مامۆستا سیامەند ؟

**بەیان :** بەڵێ .

**دیدار :** بۆ جەنابت چی ئەویت ؟

**بەیان :** ئەمن خێزانی ئەوم .

**دیدار :** خۆشحاڵم . ئەوەش دیاکۆی کوڕیەتی ، وانی یە ؟

**بەیان :** بەڵێ .

**دیدار :** ئیشتان پیّ ی هەبوو ؟

**بەیان :** بەڵێ زۆرم ئیش پێیەتی ، نازانیت لە کوێیە ؟

**د یدار :** فەرموون ل ێرە دانیشن ، من وادە چم بەدوا یدا دە گەڕێم . (دە چێتە ئەولاوە هاوار دە کات مامۆ ستا سیامەند ... مامۆ ستا سیامەند ، بەڵام هیچ دەنگ نی یە . دەچێتەلای بەرخۆکە و لەو دەپرسێت) بەرخۆکە ، بەرخۆکە ؟

**بەرخۆکە** (لەخەوەکەی رادەپەڕێت) : نا ...نا ... ناچمەوە باغی چیویّ ، ئێرە خۆشە ، دەچمە باغی شەقراویّ ...

**دیدار :** باشە ، باش . بەرخۆکە چۆنیت ؟

**بەرخۆکە :** ئەمن باشم ، بەڵام ئەتوو هەقت چی یە ؟

**دیدار :** هیچ . بەڵام پێم بڵێ مامۆستا سیامەندت نەبینیووە ؟

**بەرخۆكە :** كیها مامۆستا سیامەند ؟

**دیدار :** كورە مامۆستا سیامەندی خۆمان ، ئەوی هەمووجارێ كوبەت لۆ دەكڕیت ؟

**بەرخۆكە :** ئێ ... ئێ ، مامۆستا سیامەند . ئەوی شیعرو هەڵبەستان دەڵێت .

**دیدار :** ئا ...ئا ...

**بەرخۆكە :** لێراهێ بوو ، مندالانی لەباوەش دەكردن و گەمەی لەگەڵ دەكردن ...

(دیدار دەگەڕێتەوە لای بەیان و دیاكۆ)

**دیدار :** مامۆستا سیامەند لەوناوە نی یە ، بەڵام بەرخۆكە دەڵێ لەولاترەوەیە .

**بەیان :** بڵێ نەتبینیەوە؟

**دیدار :** نەوەڵا ، بەڵام وا لەولای بەرخۆكە خەوتووە ، لەپشت دارەكانی ئەوێ بۆی بگەڕێن ؟ ئەگەر نەتاندۆزیەوە وەرنەوە ئێرە دەمێكی تر پەیدا دەبێتەوە .

**بەیان :** دەیاڵا كوڕم بابەدوای بگەڕێین .

**دیاكۆ:** ناوەڵا دایە...بابە لە هیچ جێیەك دیار نییە.

(كاتێك ئەوان خەریكی گەڕان و سوڕانن بەناو درەختەكاندا ، دیاكۆ دەچێتە نزیك بەرخۆكە و بەرخۆكەش دەستی لەملی دەكات)

**بەرخۆكە:** بەه ...بەه ...ئەو مندالە چەند جوانە. وەمنی دەدەیت؟

**دیاكۆ:** بەرخۆكە ، كوی؟

**بەرخۆكە:** وەرە بابەكەم ، وەرە. ماچەكەم بدێ، ئێ ...ئ چێئەت دەدە مێ نچێئە!(كیسێكی پڕ چوكلێت و شەكرۆكەی بۆ راگرتووە)

**بەیان:** كوڕم، نەچیت ، ئەوە شێتە، شێت. دوایی پخت دەكات. (بەدەست نیشانەی چەقۆ بەمل داهێنان دەكات)

**بەرخۆكە** (دەست بەگریان دەكات): ئەمن شێت نیم .... شێت نیم . بۆ وام لێ دەكەن، بۆ؟ بەخۆتان دڵڕەقن، بەخۆتان هیچ، بۆ وادە كەن مندا ڵەكان رقیان لێم بێتەوە و لێم بترسن؟ ئاخر دوژمن وای لێكردم، بەس نیە، ئێوەش دەتا نەوێت لەوان خراپترم لە گەڵ بكەن؟ وادەڕۆم لەرقی ئێوە دەڕۆم و ئیتر ناگەرێمەوە. ئێرە ژیانی تێدا نەماوە، ئێوە تەنها یەك زمان دەزانن، ئەویش زمانی رقە ... رق!

(بەرخۆكە بەهەناسە ساردیەوە رووەو لای دەستەراست دەروات و بەیان و دیاكۆش بەرەو لای دەستەچەپ دەڕۆن)

**دڵدار**(لە گەڵ دوا و شەكانی بەرخۆ كە هۆ شی دێتەوە بەرخۆی و رادەچەنێت): بینیت ، گیانەكەم؟ شێتەكانیش لێرە بێزارن!

**هەنار:** باوەڕ بكە، ئەو شێتانە لە ئێمە دڵنەرمتر و هەستنا سكترن ، هەربۆیەش وایان لێهاتووە؟

**دڵدار** (بە خۆشیەوە) : بەرخۆكە ...بەرخۆكە ، وەرە پارەت پێ بدەم.

**بەرخۆكە :** پارەم دەدەیتێ ؟

**دڵدار :** ئا ...بەڵام ناوی شێتەكانم بۆ بژمێرە؟

**بەرخۆكە :** باشە ... ( تەسبێحەكەی لەملی خۆی دەكاتەوە و دەست بە ژماردن دەكات) چور چە ...جومعە ...سالحە شێت ... پیرداود ...

مه مەد ... ک سۆك ... عەونی ...حەمە شێت ... مێروو له پەنجاوپێنج ... هەیاس ... سەرۆکیان هەیاس ...بەخۆ شم (پێدەکەنێت) .

**دڵدار :** ئەتووش شێتی ؟

**بەرخۆکە** (بەپێکەنینەوە ) : وارێن ...وارێن .

**دڵدار :** ها بگرە ... ئەوە پێنج فلس ... بەڵام فێڵت لێکردم و نیوەت ژمارد ...جارێکی تر نیوەکەی ترم بۆ بژمێرە ، ئێ ؟

**بەرخۆکە :** باشە ، باش . ( بەدەم ڕۆیشتنەوە) ئەمن وادە چم کوبان دەخۆم .

**دڵدار :** بەشی منیش دەدەیت ؟

**بەرخۆکە** (دەگەڕێتەوە) : چما ئەتووش وەکی من برسیتە ؟

**دڵدار :** ئەدی کوو ؟ ! ئەمنیش وەکی تۆم .

**بەرخۆکە :** ئەگەر وەکی من بیت ، ئەدی لۆ کچ حەز لە من ناکەن ؟

**دڵدار :** ئەمن چوزانم ! (بەرخۆکە دەڕوات)

**هەنار** (روو دەکاتەوە دڵدار) : بەخوای شێتێکی سەیرو خۆشە !!

**دڵدار :** سەیر و بەس !! تۆ لەوە بگەڕێ ، دەزانیت دوێنێ لە گەڵ ماڵەوەمان باسی نیشانکردنی تۆم کرد؟

**هەنار** (بەتامەزرۆییەوە) : ئێ ، چیان گوت؟

**دڵدار :** گوتیان ، باشە بەنیشانی بکە ، بەڵام مەیگوازەوە...

**هەنار** (بەتووندیەوە) بۆ ؟

**دڵدار :** گوتیان ... چونکە تۆ نەپارەت هە یە کرێ ی خانوو بدەیت و نەدە شتوانی خاو و خ ێزان بەخێو ب کەیت ، کەی گەی شتیتە هەندەران و هاتیتەوە ئەوسا بیگوازەوە و لەگەڵ خۆتی ببە؟!

**هەنار** (لەخۆشیان قسەی پێناکرێت) : بلێ رازیبوون؟

**دڵدار :** هەر هەموویان؟ ئەدی تۆ چۆن ماڵەوەتان رازی دەکەیت ؟

**هەنار :** من لەبەرئەوەی تاقا نەم کەس نا یەوێت د لم ب شکێنێت ؟ هەر خوا خوایانە من لێیان رازی ببم .

**دڵدار :** ئاوەها؟

**هەنار :** ئاوەها و ئەولاتریش!

**بەیان:** دیاکۆ ، وەرە کورم دیارە باوکت لێرە نی یە؟ با بچینە لایەکی دی بەدوایدا بگەڕێین.

**دیاکۆ:** دەبا بڕۆین، دایە.

(دەڕۆن)

(روناکی دەکوژێتەوە)

## دیمەنی دووەم

(لایەکی دیکەی گۆڕەپانەکە. کات پاشنیوەڕۆیە و ناو گۆڕەپانەکە چۆلە وجگە لە د ڵدار و هەنار هیچ کە سێکی لێ ن یە. کات ێك د ڵدار و هەنار خەریکی دەربڕی نی هە ست و نە ستی خۆ یانن بۆ یەکتری ، مامۆ ستا سیامەند و جەوهەر جێماو پێکەوە دێ نەناو گۆڕەپانە کە و رۆژ باش لە

دڵدار و هەنار دەکەن . لەوبەریشەوە لەناو کو شکەکەی خۆ یدا د یداری رۆژنامەفرۆش خەریکی رێکخستنەوەی رۆژنا مە و گۆڤارە کانی بەردەم کوشکەکەی خۆیەتی.)

**جەو هەر جێ ماو :** مامۆ ستا سیامەند زۆرم پێخۆ شە بەو دەنـ گە پڕحە سرەتە شۆڕ شگێرانەیەی خۆت شیعرەکەی ئەوڕۆم بۆ بخوێنیـ تەوە . وەك خۆت دەیلـ ێیت سەرتۆپی هەموو شیعرەکانتە .

**مامۆ ستا سیامەند :** هەر چەندە خوێند نەوەی ئەو ئازارە بە سوێیانە زۆریشم ئازار دەدات ، بەڵام لەبەر دڵی تۆ بۆت دەخوێنمەوە.

(کاتێك ئەو خۆی ئامادە دەکات بۆ خوێند نەوە ، دە ستە دە ستە خەڵکی دێ نە ناو گۆڕەپانە کەوە ، بەڵام ئەو ئا گای لە کەس نییە.)

**مامۆستا سیامەند** (زۆر بەنەرمی):

ئای وێرانەماڵی کۆن و
کەلاوەی سەردەمی ئێستام،
کۆشکەکان با بەرزتربن،
شەقامەکانیش جەنجاڵتر،
جۆخینی پارەش بلاّوتر!
مۆدیلی ماشێنیش سەرووتر!
دڵی من و هەزارانی وەکو منیش،
چەشنی هەڵەبجەم وێرانتر!

**من چی بکەم ، ئەم وڵاتە**
**بەخوێنی و ئارەقەی گەلێك هاتەبەرهەم**
**ئێستاش من و هەزارانی وەك من وا بیّ لانەین،**
**ساڵانێك بوو خەڵكمان فێری خۆشەویستی وڵات دەكرد،**
**ئێستاش خۆفرۆشەكان ئێمەیان پیّ بێگانەیە و**
**خۆیشیان پیّ نیشتمانپەروەر.**
**جاران دڵی ئێمە پڕبوو لە عیشقی نیشتمانی پیرۆز،**
**ئێستا گیرفانی ئەوان زۆر ئاوساوە و**
**سكی ئێمەش لەمێشكی ئەوان بەتاڵتر!**

**(كاتێك ئەو لە خوێندنەوەی شیعرەكەی دەبێتەوە ، هەموویان پێكەوە چەپڵەیەكی زۆر توندی بۆ لێدەدەن .)**

**بەرخۆكە (لەهەموویان دڵخۆشترە) : بژی مامۆستا ...بژی !**

**هەموویان پێكەوە : بژی !**

**دیدار(دەچێتەلای مامۆستا سیامەند و بەتووندی لەباوەشی دەكات) :**
**ئەی ئافەرین، مامۆستا سیامەند بۆ خۆت و شیعرەكانت! كەی ئەو شیعرەت داناوە؟**

**مامۆستا سیامەند: هەر ئیمڕۆ!**

**دیدار (بەنازونوزێكەوە): دەسا حەز دەكەم شیعرەكەی دوێنێشم بۆ بخوێنیتەوە چونكە دەمەوێت بزانم كامیان گاریگەرترە.**

**مامۆستا سیامەند(بە كەمێك خۆگرانكرد نەوە): بەخوا من تا قەتم نەماوە. خۆ دوێنێش چوارجارت پیّ خوێندمەوە.**

**دیدار:** دەباشە، مادام تاقەتت نییە، بیدە خۆم با بەخۆم بیخوێنمەوە. !

**بەرخۆکە** (بەگاڵتەپێکردنەوە) : ئەیٚ ...ئەیٚ !

**د یدار** (دە می بەرخۆ کە دەگر ێت ) : ئەرێ مامۆ ستا لەبیرم نەماوە ناونیشانەکەی چی بوو؟

**مامۆستا سیامەند:** ناونیشانی "پێناسەی خۆم" بوو. بەڵام تو خوا ئەم دەم و فلتەی تۆ هی شیعر خوێندنەوەیە؟! دوێنێش هەمان فێڵت لێکردم، باش دەزانیت تا مابم من دڵم رێنادات کەس شیعری من بخوێنێتەوە جگە لەخۆم و کاکە جێماوی شۆڕشگێڕ.

**دیدار** (بەپێ داگرتنەوە): بەخوا ی یان بۆم دەخوێنیتەوە یان بەخۆم دەیخوێنمەوە.

**مامۆ ستا سیامەند:** ئەتو هەرهیچ! با شە ئە ستوورکێکم بۆ دەکڕ یت ئەگەر بیخوێنمەوە؟

**د یدار:** ئیز جا ئە ستوورك چی یە! کورە حەز دە کەیت نە فەرێك کەبابیشت بۆ دەکڕم.

**بەرخۆ کە** ( لەلاوە): وەڵا ئەمنیش دە مەوێت ، زۆرم حەز لە کەبا بە ، بەشی منیش دەدەن؟

**د یدار:** بزا نە ...بزا نە ! ئەرێ ئەتوو مووی شەیتانی ، چیت؟ هەروا دەکەم لەبەر کەپووم قیت دەبیتەوە.

**بەرخۆ کە** (بەگاڵ تەوە) : ناوەڵا ئەمن مووی رە حمانیم . بەخوای ئەمنیش بەشی خۆم هەر دەوێت.

**دیدار** (بەنابەدڵیەوە) : ئەمری خوای رەزای هەق، با شە، بابم ، با شە . بەشی تۆش دەدەین!

**جەو هەر جێ ماو :** مامۆ ستا م نیش گوێم لەو شیعرەی تۆ نەبووە . خۆ شت دەزان یت من چەند شەیدای شیعرەکانی تۆم . دوای شیعرەکەش هەمووتان دەعوەتی منن .

**هەموویان :** زۆر سوپاس .

**مامۆستا سیامەند** ( بەقایل بوو نەوە) دەبا شە ، کا کە جێ ماو ، جەنابت فەرمان دە کەیت! (بەهێوا شی دەڧ تەرە زلە کەی دەکا تەوەو دەیەوێت دەست بەشیعر خوێندنەوە بکات).

**بەرخۆکە** : ئەمنیش لەدوات دەڵێمەوە باشە ، مامۆستا ؟

**مامۆستا سیامەند** (بەڕووخۆشیەوە) : باشە ، گیانەکەم ، باشە .

(مامۆ ستا سیامەند بەگوڕوتینێکی بەهێزەوە دە ست بەخوێند نەوەی شیعرەکە دەکات) :

"**پێناسەی خۆم**"

منم سەرداری زەمانە،

(بەرخۆکەش دەیڵێتەوە: ئهی ، ئهی ، منم سەرداری زەمانە!)

هەرخۆشم گەدای شارانم!

(بەرخۆکەش دەیڵێتەوە: هەرخۆشم گەدای شارانم!)

ماڵانگەڕی جادەگەڕی دنیاپێوم!

+++

منم گەورەترین راستی

(بەرخۆکەش دەیڵێتەوە: منم گەورەترین راستی!)

کە قەڕاڵە درۆزنەکان دەمفەوتێنن!

(بەرخۆکەش لەدوای دەڵێتەوە: دەمفەوتێنن!)

هەر منیش گەورەترین درۆم

کە راستی لەناو خەڵتانی خوێن دەگەوزێنم!

(بەرخۆکەش لەدوای دەڵێتەوە: دەگەوزێنم!)

+++

خۆ جار وایە دەبمە سیزیف

بەردی ئەزەل لەکۆڵ دەنێم،

ساتیش وایە هەربەخۆمم کڕنووش بردەی

زۆردارانی سەدەی بیستەم!

(بەرخۆکەش لەدوای دەڵێتەوە: زۆردارانی سەدەی بیستەم!!)

+++

جار وایە ترسی مەزنم

(بەرخۆکەش لەدوای دەڵێتەوە: ترسی مەزنم!)

خەو لە پێلووی دەرگای

کەڵەمێرانی شار دەتارێنم،

هەندێ جاریش منم عەزەی ترسنۆك و

لەترسان سەردەرناهێنم!

(بەرخۆکەش لەدوای دەڵێتەوە: لەترسان سەردەرناهێنم!)

+++

تاو وایە من بەکرۆکەمە و

(بەرخۆکەش لەدوای دەڵێتەوە: بەکرۆکەمە!)

تاویش وایە قەرەتاژدین،

لەپێناو و دژی زیندا

قوربانی بەخۆم دەدەم و سەردادەنێم.

+++

باوەڕبكەن درۆ دەكەم

ئەمە پێناسەی من نی یە،

چونكە پێناسەی زەمانەم

وەك كەوڵەمەڕ كردۆتەبەر!

(بەرخۆكەش لەدوای دەڵێتەوە: وەك كەوڵەمەڕ!)

+++

دیسان سایلی خەڵكی دی

هەمبانەی با هەڵدەڕێژم

(بەرخۆكەش لەدوای دەڵێتەوە: هەمبانەی با!)

خۆم دەكەمە شاهی شاهان!

كاتێ بەخۆم دادێمەوە

خۆم دەبینم

هەرهەمان گەدای جارانم

(بەرخۆكەش لەدوای دەڵێتەوە: هەرهەمان گەدای جارانم!)

لەچوارچێوەی تابلۆی ماڵی ملیۆنێران

(بەرخۆكەش لەدوای دەڵێتەوە: ماڵی ملیۆنێران!)

هەر خۆمم ...خۆم.

(دوای کۆتاییهاتنی شیعرەکە جەوهەر جێماو و دیدار زۆر بەگەرمییەوە پیرۆزبایی لێدەکەن و دەستخۆشی لێدەکەن)

**جەوهەر جێماو :** کاوێس (هیچ وەڵامێك نییە ، دیسان بانگ دەکاتەوە) کاوێس ؟

**کاوێس :** ها ...ها ، ئەوە هاتم .

**جەوهەر جێماو :** وەرە کاوێس ، وەرە . با پێت بڵێم ، دەزانی چی یە ؟ ... ئەوە من جەما عەتم هەمووی دە عوەت کردووە ... کاك دیداری رۆژنامەفرۆش و ...مامۆستا سیامەند و ...بەرخۆکەش ، چونکە مامۆستا سیامەند شیعرەکەی دوێنێ ی بۆ خوێندمەوە . ها پارەت پێ بدەم ، برۆ چوار نەفەر کەبابمان بۆ بکرە و لۆ مان ببە ئەودیووی دارتووەکە ...

**کاوێس** (دەست بە ورگی خۆی دادێنێت): ئەدی بەشی من ؟

**جەوهەر جێماو :** تێگەیشتم ، ئەتۆش دەتەوێت ؟

**بەرخۆکە** (لەولاوە) : مامۆستا نیو نەفەری لۆ وی بکرە چونکە ئەو نیو پیاوە !

**جەوهەر جێماو :** کورە بابە نیوە پیاوی چی ؟ ئەو خۆی بە دوو پیاوان ناگۆڕێتەوە . ها بگرە ئەوە پارەی پێنج نەفەر کەباب ... بیبە لای ئاوساردکەرەوەکەی بن دارتووەکە و لەوێ داینێ ئێمە دوایی دێینە ئەوێ .

**کاوێس** (بەسوپاسەوە) : باشە ...باش . (دەڕوات)

**بەرخۆکە:** ئەمن لۆ خۆم لەگەڵ دیداری دەچمە ئەوێ کەبابان دەخۆم .

**جەوهەر جێماو :** وەڵا بابە خراپ نی یە . (بەرخۆکە و دیدار دەڕۆن)
بەڕاستی شیعرەکانی تۆ زیندوون ، مامۆستا سیامەند .
هێشتاش هەر نەفەسی شۆڕشگێڕایەتی جارانیان تێداماوە .

**مامۆستا سیامەند :** زۆر سوپاس . ئەرێ بەڕاست کاك جەوهەر ، چیت کرد بۆ مەسەلەی لاقت و لێژنەی پزیشکی ؟

**جەوهەر جێماو :** وەڵا مامۆستا سیامەند لێژنەکە راپۆرتێکی چاکیان سەبارەت بە قاچم نووسی .

**مامۆستا سیامەند :** باشە ، ئەرێ ئاماژە بەوە کرابوو کە وەختی خۆی لە پێشمەرگایەتی لەشەڕی دوژمن وات لێهاتووە ؟

**جەوهەر جێماو :** نەوەڵا ، هەرچەندی پێشمگووتن ، دکتۆرەکان گووتیان لەراپۆرتی پزیشکی بۆ هەندەران ئەو شتانە نانووسرێت . بەڵام ، خوا هەڵناگرێت راپۆرتێکی چاکیان نووسیبوو .

**مامۆستا سیامەند :** ئەدی بۆ نەچوویت ؟

**جەوهەر جێماو :** کە راپۆرتەکەم بردە وەزارەتی دارایی بۆ دیاریکردنی پارە ، ئەوان پارەکەیان هێندە کەمکردەوە هەر بەشی ئەودیوو سنووریشی نەدەکرد ، منیش بەناچاری وازم لەچارەسەری هێنا و وادەبینیت بۆخۆم بەشەلەشەل رێدەکەم .

**مامۆستا سیامەند :** هەی خوا بیانگرێت ، چاکەی شۆڕشگێڕان وادەدەنەوە ؟! ( پاش کەمێك وەستان) باشە ، کاك جەوهەر شتێکم لەو رۆژانە بیست کە بەنیازن پۆستێکی گرنگت پێ بدەن ، وایە ؟

**جەوهەر جێماو :** ئەو هەواڵەت لە کێ بیست ؟

**مامۆستا سیامەند :** ئێ منیش گوێم هەیە و بۆ خۆم شت دەبیستم .
**جەو هەر جێ ماو :** سەبارەت بەو پۆ ستەی گرن گەی با سی دە كەیت ، برادەرا نی شاخ ، ئەوا نەی پێ كەوە خەباتمان دە كرد من یان كاندید كرد بۆ ئەوەی پۆستێكی گرنگم پێ بدرێت .... بەلام خۆت دەزان یت ئەو رۆژ گارە رۆژ گاری كە سانی ز مانلووس و دووڕووە ...لەبەر ئەو جۆرە كەسانە ئەو پۆستە گرنگا نە بەر ئێمەمانان ناكەوێت ، لە گەڵ رێزی شم بۆ ئەو بەرێزا نەی كە شۆڕ شگێڕن و پۆ ستی گرنگ یان هە یە . تو خوا مامۆ ستا سیامەند واز لەو قسانە بهێ نە و برینم مەكولێ نەوە . ئێ ستا لەوانەیە كاوێس خواردنەكەی بردبێ تە ئەوێ و م نیش وا لە برسان قۆڕەی سكم د ێت. دە چم لەوێ لە گەڵ برادەران نان دەخۆم ... ئەتوو لەگەڵ من دێیت یان دوایێ دێیت ؟
**مامۆستا سیامەند :** من دواتر دێم ، بۆ خۆم كەمێك گوێ لە چریكەی ئەو مەل و بولبولانە دەگرم .
**جەوهەر جێماو :** باشە ... خواحافیز .
**مامۆستا سیامەند** (لەبەرخۆیەوە) : ئای كێ كردی و كێ خواردی ؟ ئاخ ...ئاخ ؟
**دیاكۆ**(لەپەنایەكەوە دەردەكەوێت و كە چاوی بە باوكی دە كەوێت هاوار دەكات) : ئەرێوەلا ، ئۆدا، ئەوەتا هەر خۆیەتی خۆی!
**بەیان:** كێ ؟ بەرخۆكە ! كێ خۆیەتی ، بەرخۆكەیە؟
**دیاكۆ:** نا ...نا، باوكمە و خۆ یەتی! (د یاكۆ خۆ دەكووتێ تە ناو باوە شی باوكی)

**مامۆستا سیامەند** (ماچی دەکات و بەتووندی لەباوەشی دەکات) : د یاکۆ ، باوکەکەم . دیاکۆ گیان ، ماڵەکەم .

**بەیان** (لەو سەرەوە هاوار دە کات ): کورە مامۆ ستا سیامەند تۆ شەرم لەخۆت ناکەیت؟ (مامۆستا سیامەند وەڵام ناداتەوە) لەگەڵ تۆ مە سیامەند ، ناشێ کەڕیش بوو بیت ؟! ئەرێ ئەتۆ شەرم ناکەیت ؟

**مامۆستا سیامەند** (بە خۆ گێلکردنەوە): بۆ شەرم بکەم؟ چیم کردووە؟ دز یم کردووە؟ حـ یزیم کردووە؟ قۆڵی خەڵکم بڕ یووە؟ جاسووسیم کردووە؟ ماڵی کەسم وێرانکردووە؟ بۆ شەرم بـکەم ، بۆ؟

**بەیان:** خۆز گە وات کرد با! هێ شتاش دەڵێ یت هیـ چم نەکردووە؟ ! ئا بەخوای ماڵی منت وێرانکردووە؟ ئەدی ئەوە نیـ یە ئەوا مانگ ێك پترە نایەیتەوە ماڵ و هەر ڕۆژەی لە کۆڵان و دەرکێك دەخەویت؟

**مامۆستا سیامەند:** ئینجا ئەوە خراپەی کەسی تێدا نییە؟

**بەیان:** چۆن تێیدا نییە؟ ئەدی من چۆن بەڕێوە بـچم؟ هەموو ڕۆژ ێك خەڵك لەدەرگامان دەدەن؟

**مامۆ ستا سیامەند:** ئاخر مـ نیش لەدە ست ئەوا نە هەڵاتم! ڕۆژ ێك خاوە نخانوو دێ دە ڵێ " ئادەی پێنجـ سەد هەزار دیـ ناری کرێ کەم بدەری!" منیش نیمە! ڕۆژێك سمەی دوکاندار د ێت داوای قەرزم لێ دەکاتەوە، منیش نیمە! ڕۆژێك کابرای کارەباچی دێت دەڵ ێت" بیـ ست و حەوت هەزاری کارە بام پێ شوەخت دەو ێت!" ئاخر پا شوەخت پێم دەدر ێت تا پێ شوەخت بـ یدەم؟! ڕۆژ ێك فۆرم دەنـ ێرن دە ڵێن " ناوی چوارینەی خۆت و دایـ کت و دا پیرەو

عه شیرەتت و وێنه یەك و ژ مارەی تە لەفۆنت بنوو سە" چەند هاوارده کەم با بە من تە لەفۆنم نی یە، کەس پێم باوەر نا کات. دەڵێت لە بنکە کەوە گوتوویا نە ئەوەی ژ مارەی تە لەفۆن نەدات کارەبا کەی ببڕن، ئەوانیش بێ سێودوو دە یبڕن! هەرئەوە ندەی ماوە لێم بپڕ سن هەر شەوەی چەند .....دە کەیت؟!" ئەوی شم پێناکرێ چونکە کە نان نەبێت بیخۆم ئەوەی تر چۆن دەکر ێت! سەرباری ئەو هەمووا نەش لەدە ست تۆ (نی شانە بۆ ژنە کەی دەکات) رامکرد!

**بەیان:** من!؟ بۆچ من چیم کردووە؟ هەر ئەوە مابوو بەمل م نی دابهێنیت؟ بۆچ دیارە هەر من نان دەخۆم و لە ماڵ دەخەوم؟!

**مامۆستا سیامەند:** ئاخ ...ئاخ !! تۆ ....تۆ ناودڵمت خوارد. هەموو رۆژێ هاوار دە کەیت " کورە سیامەند ئەوە ماڵی فلانە کەس دوو سەیارەی تر یان کڕی ، تۆش هیچ! ماڵی فی سارەکەس چوار خانووی تر یان درو ستکرد ، تۆش هیچ! ئەو کابرا یەی گەڕەکی ئەوبەر دوو ڤیلایان لەناو باغێکی ئەو هەورازە درو ستکردووە و ئیلاما شەڵا دە ڵێ ی بەهە شتە ، کە چی تۆ کونە سەگێکت پێ درو ست ناکر ێت! ماڵی هەرا مەی هەرا مەیان سەربڕی ، تۆش هیچ! هی نە سەرزلەکەی کۆڵا نمان ژ نە هینە کەی لە بەر ز ێڕ هەڵنا سێت ، تۆش هیچ! خاتوون عەنـ بەر چوو بۆ سەفەر لە دە شتودەر ، ئێ مەش هیچ! ژ نی فلانە کەس دوو خز مەتکاری فلیپینی راگرتووە و ئەوان وەك شاژن خزمەتی دە کەن ، ئێ مەش هیچ! ئاخر من لەدە ست ئەو هی چانەی تۆ و زۆرا نەی ئەوان

هەڵاتووم! ئەدی هەر ئەتوو نەبوویت دەت گووت ، تۆش فەرمان بەریت، وە كو فلا نە كەس بـ كە: پارە لـ یدە، بەرتیل وەربگرە، كورە كێ بە كێ یە؟یاسا نی یە ...لێپرسینەوە نی یە ."
باشە ئەوە من بووم وامدەگووت یان تۆ؟

**بەیان:** ئێ خۆ خراپم نەگوتووە! ئە گەر موو چەكەت بە شی كرێ ی خانوو نەكات ، ئەدی بە چی بژین؟ خۆ پارە مان لەئاسمان بە زەمبـ یل بۆ نایە تە خوارێ؟ پێم نالێ یت بە چی بژین؟ ئەی فەیلەفلوسی ئاخیر زەمان؟

**مامۆ ستا سیامەند:** بە ژە هر، بە قووزەڵ قوورت؟ پاش ئەم تەمە نە دەتەوێت ئابڕووم ببەیت، بمكەیتە دز و بەرتیلخۆر و گەندەڵ؟

**بەیان:** ئیـنـجا زۆر كەس بۆ خۆ یان بەكرِوكپی و هـ ێواش هـ ێواش پارە دەخە نە تەنـ كەی با خەڵیان و ئەودەستە شیان بەو دە ستەیان نازانـ یت! ئەدی ئە گەر وانە كەن كەس هە یە لەو گرانـ یە ماڵوێرانـ كەرە ئەو ندە قە سر و قەمەرە یەی بە موو چە پێ بكرِ یت؟! كورِە، هەی ماڵكاول ئەقلێك بێـ نەوە ناو ئەو سەركە ز لەت! ئەدی بۆ خەڵكی تر وادە كەن و هیچیـ شیان بەخەیا ڵدا نایەت؟

**مامۆستا سیامەند:** ئاخر ئەوانیش وەكو تۆ بێویژدانن؟ ئەوان لە پێـ ناو پەرژەوەندی خۆیاندا هەموو وڵات بسووتێت ، بایی پوو شكەیەك خەمیان نییە و دەوڵەتیش بەرەو وێرانی دەبەن .

**د یاكۆ:** با بە، زۆر غەریبیت دە كەم و زوو وەرەوە. با مـ نیش وە كو منداڵانی تر باوكێكم هەبێت؟

**ماموٚستا سیامەند:** كورِم تۆ باوكێكت هە یە لەزۆر بەی باو كانی تر شەریفتر. پێویستە شانازی پێوە بكەیت؟

**بەیان:** شانازی ؟! (بەپێكەنینەوە) شانازی بە چی یەوە بكات ؟ ! بەو جلە دراوو بەو گیرفانە بۆشانەی؟

**ماموٚستا سیامەند:** هەر هیچ نەبێت ئەو جلكا نەم بە پارەی دز یاری نەكرِدراون و گیرفانەكانیش پارەی حەرامیان تێ نەچووە؟

**د یاكۆ:** با بە، ئەدی بۆ من ناوێرم لە كۆلآ نان ناوت بێنم خەڵكی بە كەسێكی یاخی و سەرشێت باست دەكەن؟

**بەیان** (بەتەوسەوە) : ئەها ، گوێت لێ بوو ؟! بزانە خەڵكی چی دەڵێن ؟

**ماموٚستا سیامەند** (بەنەرمیەوە): قەیناكا ، كورِم . خەڵكی چی دە ڵێن بابڵێن . چونكە من ئەو ئاوێنە پا كەم كە ئەوان نا شیرینی و گەندەڵی خۆیان لەمندا دەبیننەوە، بۆ یە دەیا نەوێت بم شكێنن و دەستەچەورەكەی خۆیان بە من بسرِنەوە!!

**دیاكۆ**(بەسۆزەوە): مادام ئەوەندە پاكیت بابە منیش لەگەڵت دەبم ، لێرە دە نووم. چونكە شەوان لەما ڵەوە دەن گەدەنگی كە سی بێگا نە دێتەبەرگوێم ، زۆر دەترسم؟

**ماموٚستا سیامەند** : بێگانە ، چی ؟! كەس سەردانتان دەكات؟

**دیاكۆ** : نازانم ، بابە. ئەمن كەسیان ناناسم.

**ماموٚستا سیامەند** (بەتوورِەیی و هەڵچوونەوە بەسەریدا هاوار دە كات): بەیان!! كار گەیشتۆتە ئەو رادەیە ؟ ناشێ ئابرِوشمانت بردبێت؟!

**بەیان** (زۆر بەنەرمی): سیامەند گیانەكەم ، نا شێ بەو مندا ڵە باوەرِت كردبێت . كورە ، ئەوە مندا ڵە م ندالَ ... ئەو شەوان خەونی

جرِناوفرِنا دەبینێت. ناکا باوەرِت پیّ ی کردبێت؟ ! من و تۆ بە خۆشەویستی بەیەك گەیشتین ، چۆن شتی وا لە من روودەدات؟ !

**دیاکۆ** : بابە ، حەز دەکەم لەلای تۆ بم .

**مامۆستا سیامەند:** باشە کورِی خۆم، بابە لەباوەشی خۆی دەتخەوێنێت.

**بەیان** (بەتوورەییەوە): دەتۆش پیرۆزی باوکی خۆت بیت!

(بە توندی بەرەو دەرەوەی گۆرِەپانەکە رێدەکات)

(روناکی دەکوژێتەوە)

## دیمەنی سێیەم

(بەیانیەکی زووە . ناو گۆرِەپان چۆلە و جگە لە دیداری رۆژنا مەفرۆش کەسی تر لەو ناوە نی یە . لەلای پشتەوەی شانۆوە کەسێکی سەرخۆش بەلارەلار و بەدەم گۆرانی گووتنەوە دێتە ناو شانۆوە. )

**بەخە** (بەزمانخوار یەوە و بەبەلاداهاتنەوە): کورە بە شەرِەفم رۆژێکی زۆر خۆشە. ئای چەند خۆشە بۆ خۆم وا سەرخۆش و ئازادم . ئای لەو گۆرِەپانە جوانەی ! ئای لەو حەوزە پرِ ئاوە ساردەی ! ئۆی ئەو هەموو سەرگەورانە کێن لەوناوە خەریکی نانخواردنن؟ ئەریّ ئێرە خواردنگا یە؟! یان چەرەزا تخا نە؟ (دیدار دەبینێت و بۆ لای دەچێت)دیداری رۆژنامەفرۆش ، پێم بلّیّ هەوالّ چی هەیە ، چی نی یە ؟

**دیدار :** وەلا بەخە گیان چیت لێ بشارمەوە ، ئەوە چەند رۆژێکە هیچ رووی نەداوە . هەوا ڵەکان وەکو خۆ یانن ! دوێنێ و ئەورۆ و پێرێ هەروەکو یەکن .

**بەخە** (بەگاڵتەجاڕیەوە) : دوێنێ و ئەورۆ و پێرێ هەمووی هەر بەیەك دەچێت ؟! هیچ شتێکی نوێ نی یە ؟! با شە ، زۆر سوپاس ، خوا حافیز . (دەستی دیدار بەرنادات و تا ماوەیەك بەدوای خۆیدا رایدەکێشێت )

**دیدار** (دەستی ئازار دەخوات) : بەخە ، دەستم . کورە ، دەستم بەردە .

**بەخە :** ببوورە ، وامزانی دەستی خۆمە و بە لاشەی تۆوە نووساوە . بڕۆ بەخێر بـ چیت . وای لەو هەوا خۆ شەی بەخوای ماڵی خواردنەوەیە !

**دیدار :** هەڵبەتە خۆشە . بەلام ، بەخە کووە بەم بەیانی یە زووە سەری خۆت خۆشکردووە ؟

**بەخە :** من مرۆڤێکی ئازادم. دەخۆمەوە ، ناخۆمەوە ئەوە کەیفی خۆمە و کەس پەیوەندی بە منەوە نی یە ! ئەدی ناڵێن دیموکرا سی یە ؟

**دیدار :** بەلام دیموکراسیەتیش وا نا . بۆ خۆت بەشەو بخۆرەوە .

**بەخە :** بەشەو پارەم نی یە .

**دیدار :** دیارە بەڕۆژ بە بەلاش دەخۆیتەوە . (دەڕواتەوە لای کو شکەکەی خۆیەوە)

**بەخە :** کورە کاوێس، ئا هەتا ئێرە وەرە.

**کاوێس** (بەشەل و شێواویەوە): واهاتم ، هاتم. چیت دەوێت؟

**بە خە:** چایەکی ... (هەر کە کاوێس د ێت لەباوە شی دە کات) ئەڵاە ، کاوێس ! ئەمن نازانم بۆ چی تۆم هێ ندە خۆ شدەوێت ؟! من هەموو کە سێکی زل بە بـچووك دەبـ ینم ، تەنیا تۆ بە گەورە دەبینم . بەراست ، کاوێس ، من چایەکم دەو ێت ئیـ ستکانەکەی بـ چووك بـ ێت وە کو خۆت ، سووکیش بـ ێت هەروەکو خۆت . قوربانی ئەو دەموچاوەت بم . (ماچی دەکات )

**کاوێس:** تێناکەم. گەلێك پارەی ئەوانی ترت داوە تا ئەوەشت لەسەر زیاد بکەم؟

**بە خە:** هەر دەیدە مەوە. ئەوە چوار ماڵ گە پارەی خانەڵ شینیم وەر نەگرتووە، هەر وەریبـگرم ، پارەی تۆ هی هەموو خەڵکیش دەدەمەوە.

**کاوێس:** بالمشمش!

**بەخە:** کورە بەس فشەفش! جانم ، قابیـلە ئەو هەموو گەورە گەورا نە درۆ مان لە گەڵ بـکەن. ئەدی ئەوێ رۆژێ نەیانگوت هەر هەموو پارە کە بەزیادەوە دەدەیـنەوە. بڕوا بـکە کاوێس رۆژ ێك داد ێت ، لەوانەیە تۆ بەژنت درێژ بێت ، ورگت زلتر بێت ، جوان و سپۆرت بیت . خۆ دووریش نی یە بتکەنە مەسئوول . ئەو سا پارە هێ ندە زۆر دەبێت بەسەرخۆشتی دابکەیت هەر تەواو نابێت .

**کاوێس:** کورە ، هەی سەرخۆ شی بێ عەقڵ ئەو کا تە پارە دەدە نە هەژاران کە من و تۆ مردووین. ئەگینا وازوو هەرناو!

**بەخە :** ئێ هەر قەیناکا . ئەوکاتیش هەر باشە ، ئەوسا قەبرێکی رێك و جوانی پێ دروست دەکەین . ها ...ها ...ها ...

(لەوكا تەی ئەوان خەریكی ئەو قسانەن، پەیامنێر و كامیرای تەلەفزیۆن دێنە پێشەوە)

**پەیامنێر** : بێ ئەرانی ئازیز و خۆشەویست لە هەر جێیەك هەن ، سڵاوتان لێ بێت . خۆشحاڵین بەدیداری ئێوەی ئازیز شاد دەبینەوە بۆ راپۆرتەكەمان سەبارەت بە رۆژی پیرۆز... رۆژی دیموكراسی . ئێستاش لەو گۆڕەپانی دیموكراسی یە چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەو بەڕێزە رۆژنامەفرۆشە دەكەین . (دەچێتەلای دیدار) ئەو كاتەت باش ؟

**دیدار** : باشتر .

**پەیامنێر** : ناوی جەنابت چی یە ؟

**دیدار** : ناوم دیدارە .

**پەیامنێر** : كاكە دیدار ، رات چی یە سەبارەت بە رۆژی پیرۆز ... رۆژی دیموكراسی ؟

**دیدار** : رۆژی دیموكراسی خۆی لەخۆیدا رۆژێكی پیرۆزە. بەڕای من پتر لە 100 تا 200 رۆژنامە و گۆڤارمان هەن هەمووی بە ئازادی دەردەچن .

**پەیامنێر** : باشە ئەو رۆژنامانە حكومین یان ئەهلین ؟

**دیدار** : هەردووكیانن .

**پەیامنێر** : زۆر سوپاس . (دەیەوێت بڕوات)

**دیدار** : ئەرێ بەراست نەمانزانی ناوی تەلەفزیۆنەكەتان چی یە ؟

**پەیامنێر** : تەلەفزیۆنی ئێمە ناوی (سەن تیڤی ) یە .

**دیدار** : ئەها ، ناوێكی خۆشە .

**پەیامنێر** (دە چێتەلای کاوێس) : بەڕێزان ، ئێ ستا رووی پر سیارمان ئاراستەی ئەو پیاوە بەرزوبەڕێزەی دەکەین . ئەو کاتەت باش ؟

**کاوێس** (بەخۆبلّندکردنەوە) : هەموو کاتێکت باش .

**پەیامنێر** : چۆنی ، باشی ؟

**کاوێس** : خۆشبی ، یاخوا .

**پەیامنێر** : ناوی جەنابتان ؟

**کاوێس** : کاوێس کانەبی کاکەسوور.

**پەیامنێر** : کاك کاوێس، رات چی یە بەرامبەر بە رۆژی دیموکراسی ؟

**کاوێس** : رۆژێکی زۆر خۆ شە و لە رۆژا نی وادا چایە چیەکان چا زۆر دەفرۆشن!

**پەیامنێر** : باشە ، چایەکانی جەنابت بەهێلە یان بێ هێل ؟

**کاوێس** : سێ جۆرمان هەیە : بەهێل ، بێ هێل و بێ شەکر. ئەوەیان بۆ ئەوانەیە کە نەخۆشی شەکرەیان هەیە .

**پەیامنێر** : بەڕێزان ، خۆشەویستان ئێستا رووی کامێرا دە سووڕێنینەوە لای ئەو بەڕێزە . واد یارە بۆ خۆی بەدیموکرا سی دەخوا تەوە . بابزانین رای چی یە بەرامبەر ئەو رۆژە پیرۆزە .(روو لە بە خە دەکات) : ئەو کاتەت باش؟

**بەخە** : پاشەوپاش !!

**پەیامنێر** : چۆنی ، چۆن ؟

**بەخە** : وەلاّهی ئەمن شلّەتێنم .

**پەیامنێر** : ناوت چی یە ؟

**بە خە :** ئەمن چوار رۆژ لەمەو بەر ناوی خۆمم دەزا نی، بەڵام ئێستا لەبیرم چۆتەوە . ( لەگیرفانی پ شتەوەی نا سنامەی خۆی دەردەهێن ێت و دەیدا تە دە ست پەیامنێرە کە) خوێ ندەواریت هەیە؟

**پەیامنێر :** ئەدی چۆن ؟! کەواتە ناوت بەختیار خدر خەپۆلە .؟

**بەخە :** بەڵێ ، بەس خەڵك پێم دەڵێن "بەخە" .

**پەیامنێر :** کاکە بەخە ، رات چی یە لەبارەی رۆژی دیموکراسی یەوە ؟

**بەخە:** دەڵێم ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار!

**پەیامنێر:** مەبەستت روونتر بڵێ!

**بەخە:** پار کیلۆی تەماتە بە 500 دینار بوو ئێستا بە 1000 دی نارە ، پار دەسکی توور بە 250 دینار بوو ئەمساڵ بە 750 دینارە. پار کیلۆیەك ماست بە 1000 دینار بوو ئێستا بۆ تە 2500 دی نار . کارتۆنێك بیرە پار بە دەهەزار دینار بوو ئیمساڵ بۆتە سی هەزار دینار . پارەش بۆ ئێمەمانان بەرە بەرە لەکورتی دەدات و بۆ دەوڵەمەندانیش لەزیادی!

**پەیامنێر:** کەواتە بە گوێرەی تۆ ، پار لەمساڵ باشترە؟

**بەخە :** بێگومان، بێگومان! زۆریش !

**پەیامنێر:** ئەدی کوێریت، ئەو هەموو گۆڕانانە نابینیت؟

**بەخە** (بەلاقرتێوە): گۆڕان؟!! ئا ... بەڵێ ، گۆڕان؟

**پەیامنێر:** گاڵتەم پێدەکەیت؟

**بەخە:** ئا بەشەرەفی گاو گۆلکان لەبیرم چۆوە، ئەتوو گوو تت " گۆران" یان"گۆڕان" یاخود "گۆلکردنی ناو گۆلان"؟

**پەیامنێر**(بەتووڕەیی یەوە): کورە، گۆڕان، گۆڕان؟ ئەدی کوێر یت ئەو هەموو باڵەخانە و پرد و کۆمپانیا وباغ و شوقە جوان جوانانە نابینیت؟

**بەخە** : کوا دابەشکران ؟!

**پەیامنێر** : کورە ، ئەدی ئەو هەموو باڵەخانە بەرزانە ، ئەو جادەو پردانە ؟

**بەخە** : باڵەخانەکان بۆ خۆیانە ، جادەو پردەکانیش بۆ ئێمە .

**پەیامنێر** : ئەدی ئەو هەموو دارخور ما جوانا نەی لە سەر شەقامەکان چاندوویانە ؟

**بەخە** : ها ... دارخورما ...دارخورمای بێ بەر ... کورە با بە ئەمن دارخور مام بۆچی یە ئەگەر رۆژانە خورما و رۆن نەخۆم ؟!

**پەیامنێر** (بەوپەڕی تووڕەییەوە) : باشە کاکە بە خە ، یان تۆ کە سێکی چاوت بەم شتە جوانانە هەڵنا یەت ، یاتیش کە سێکی وڵات پەروەر نیت ؟ بۆ یە هیچ گۆڕانێك نابینیت ؟

**بەخە**: بەڵێ هەستدەکەم گۆڕان کراوە. زۆر بەی پیاوە باش و دڵسۆز و بەوێژدا نەکان یان لەکارەکانیان دەر کراون یانیش خراونە تە ژێردەستی خۆفرۆش و کۆنەهین و نەزا نەکان . کەوگیر کراوە تە تاجی میللەت ، مەسینە هەلگر و عەدەد بابووج کراونەتە پیاوی ناو پیاوان ، ئاشەوان بۆ تە نوێنەری گەل ، دزو گە ندەڵ بۆنە تە وڵات پارێز، نەزان کراوە تە زا نا، خۆفرۆش کراوە تە نیـ شتیمان پەروەر، دڵسۆز کراوەتە خا یەن، رۆشنبیران هە ندێکیان ریـ سوا و دەمکوتکراون و هەندێکیشیان گەروویان چەور کراوە، کاسەلێسان کراونەتە دەمڕاست و باوەڕپێکراو!! بەڵێ، گۆڕانێکی تر ئەوە یە

هەژاران هەژارتر و دەوڵەمە ندان دەوڵەمە ندترکراون، گۆڕانێکی تر ئەوەیە......

**پەیامنێر** (نا یەڵێت ڤ سەکەی تەواو بـ کات): کەوا تە تۆ کە سێکی کۆنەپەرستی!

**بە خە:** من کۆنەپەر ستی و مۆنەپەر ستی نازانم. بە گوێرەی هەموو هەژاران هەر وا یە. بە ستر پـێرار لەپار با شتر و پاریش لەمـساڵ باشترە. هەتا بەرەو دوا بگەڕێیـتەوە با شترە و هەتا بەرەوپێش بچین خراپترە!

**پەیامنێر:** کورە، چۆن وایە؟

**بەخە:** ئا بەوخودایەی چۆنی دەڵێم وایە. من وەکو کەسێکی سادە ڤسە دە کەم و درۆ نازانم و لەکە سیش ناتر سم. هەرکاتێك گوترا شتێك باشە من بێگومانم کە پێچەوانەی ئەمە راستە.

(کاتێك بەخە و پەیامنێر لەو قسانەدان پۆلیسەکان بەدزیەوە لەپشتەوە دێنە ناوەوە و زۆربەی قسەکان دەبیستن )

**کاکل :** گەورەم ، ئەو کابرایە زۆرخراپ بۆ دامودەزگاکانمان تێدەگووشێت .

**کانەبی:** ئادەی با زوو بیگرین و دارکاریەکی باشی بکەین؟

**کا کل:** کورە، لـ ێرە نا، دوا یی لە سەرمان دەکە نە هەڵا! هەموو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤمان وەکو ئەوسا ڵێ بەئاگادێن!

**کانەبی:** ئەدی لە کوێ؟

**کاکل:** لە کونەکەی کە لەوێ کەس هەر ناشیبینێت؟

**کاکل:** کورە، هەڵسەوە دەی؟ (دارێکی لە لاڕانی بەخە دەدات)

**بەخە:** بۆ هەڵسمەوە؟ دەمبەنە کوێ؟

**کانەبی:** دەتبەینە (کانی کەوەی)؟

**بەخە:** لەناو جۆرکی کام دەنێن؟

**کاکل:** ئەدی، ئەدی!

**بەخە:** ئەدی پاشتر چیم لێ دەکەن؟

**کاکل:** چما نایزانیت؟

**بەخە:** نەوەڵا نایزانم.

**کا نەبی:** ئێ ، زۆر با شە. هەتا دە مری .....( بە نیـ شانە تێ ی دەگەیەنێت)

**بەخە:** ئێ ، دەکەواتە بشمکوژن نا یەم. لێدانە کە بەس نـ یە، ئابڕوو شم ببەن؟

**کا کل** ( بە تێڕاخوڕیـ نەوە): هەڵدە ستیەوە ، هەڵ سەوە دە نا بە شەق دەتبەین؟

**د یدار** ( لەولاوە هاوار دە کات) : رە ئیس ...رە ئیس ، چاوەکەم ئەوە سەرخۆشە و ئاگای لەخۆی نی یە چ دەڵێت ؟

**کانەبی** (تووڕە دەبێت) : ئەتوو ئەوە توو ند بگرە هەتا من دێمەوە . (بەتووڕەییەوە بۆ لای دیدار دەچێت) ئێ بڵێ ...بڵێ !!

**دیدار** (بەپاڕانەوەوە) : دەڵێم بەخە سەرخۆشە و سەرخۆ شیش ئا سابیە قسەی حەلەق و مەلەق بکات .

**کانەبی** (بەڕقەوە) : ئەتوو پارێزەری ئەوی ؟

**دیدار :** نا.

**کانەبی** (بەتێڕاخوڕینەوە) : دەکەواتە برۆ ئەولای ، دەی برۆ!!

**دیدار** (بەدەم رۆیشتنەوە): وەڵا هی گونا هە. چی یە دوو قسەی کرد ؟ ئەدی ئێرە گۆڕەپانی دیموکراسی نی یە ؟ ئەدی ئەمڕۆ رۆژی دیموکراسی نی یە ؟

**بەخە** (لەناو دەستی پۆلیسەکانەوە): لە بەر ئەو قسەیەی ئیمشەویش نەبێت سبەی شەو دەعوەتی منیت !

(بەپاڵ پێوەنان وقۆڵ بادان بەخە بەپێش خۆیان دەدەن و لەتاو ئازاری دەستەکانی هاواری لێ هەڵدەستێت . لەولاوە مامۆستا سیامەند و بەرخۆکە بەتاو دێن)

**بەرخۆکە:** ئەی بابیلۆکێ، کورە خۆ کوشتیان. ئەو زاڵمبابانە دەڵێی ئەو دەرسانە لە رژێمەکەی پێشوو فێربووینە!

**مامۆستا سیامەند:** راوەستن، بۆ لەو پیاوە دەدەن، چی کردووە؟ ئەو بەسەزمانە زیان بەمێروولەش ناگەیەنێت.

**کا نەبی:** چۆن چی نەکردووە؟ ئەو کابرا یە لەو رۆژە پیرۆزەدا دامودەزگاکانمان بەدناو دەکات؟

**مامۆستا سیامەند:** ئەگەر دامودەزگا یەك بە بە سەزمانێکی وا بەدناو بێت، یاخوا سەدجار بەدناو دەبوو؟

**کا کل**(بەرقەوە): کورە دەمت دادەخەیت یان نا؟ دەنا وەك ئەو تێر شەقت دەکەین؟

**مامۆستا سیامەند**( بەتووڕەییەوە): چۆن تێر شەقم دەکەن، ئەدی ئێرە گۆڕەپانی دیموکراسی و ئێستاش سەردەمی دیموکراسی نییە؟

**کا نەبی:** کورە کام دیموکرا سی ؟! دیموکرا سی ناو کتێ بان؟ ! ئەوا تێرشەقمان کردیت، ئینجا بۆ خۆت بڕۆ لەدوای دیموکرا سیەتی خۆت بگەڕێ.

**مامۆستا سیامەند:** نازانن من کێم؟ بەخوای سکالآتان لێ دەکەم.

**کانەبی:** کورە، دەمدرێژی نەکەیت. دەنا دەتبەین زیندانیشت دەکەین.

**مامۆستا سیامەند:** ناتوانن.

**کاکل:** ناتوانین؟ دە یالآ بەپێشمان کەوە، بزانە لە پۆلیسخانە قسەی تۆ دەیخوات یان هی ئێمە؟

(کاتێك ئەوان خەریکی برد نی بە خە و مامۆ ستا سیامەند، پەیامنێرە کە لە کە سێکەوە دە چێتەلای یەکێکی تر و چاوپێکەوتنی خۆی دەکات)

**بەرخۆکە** (تا ماوە یەك بەدوایان دە کەوێت ): مامۆ ستای مە بەن ... ئێ چی کردووە مامۆستای دەبەن ؟ بۆ ؟!

(روناکی دەکوژێتەوە)

## دیمەنی چوارەم

(بەرەبەری ئێوارەیەکی فێنکی پایزییە. هەموو خەڵکی بەهێوا شی د ێن و دە چن و پیا سە دە کەن. لەلای کو شکی د یداری رۆژنا مەفرۆش خەڵکێکی زۆر وە ستاون و خەریکی قەرەپە ستانێن بۆ ئەوەی هەواڵی سەر رۆژنامەکان بخوێننەوە.

دواتر لەمەسەرەوە جەو هەر جێماو لەگەڵ مامۆستا سیامەند و بەخە دێنە ئەو ناوە. دەموچاوی هەردووکیان شین و مۆر بووە. لەوە دەکات هەردووکیان لە زیندان هەر ئێستا بەربووبن چونکە جلەکانیان یەگجار پەڕپووتە و ریشیان درێژە و زۆر چڵکن دیارن.)

**مامۆستا سیامەند** (بەهیلاکی یەوە) : کاك دیدار ماندوو نەبیت .

**د یدار** (بەپیریا نەوە دە چێت) : ئای بەخێربێ نەوە ، بەخێربێ نەوە . ئەرێ جەماعەت کەفارەتی گوناها نە . ئەوەی لەدەستم هات بۆ دێوە تەڤ سیریم نەکرد . بەخوای ئە گەر عارەقیش ڤا چاغ نەبووایە ئەویشم بۆتان دەنارد .

**بەخە** : کورە عارەق گوناهە ، گوناه .

**دیدار** : بلێ وای لێهات ؟! ئێ وەزعتان چۆنە ؟ ئەرێ بەراست ، پاکەت و کەباب و چەرەزاتەکەتان بەدەست گەیشت ؟

**مامۆستا سیامەند** : زۆر سوپاس ، گەیشت .

**بە خە** : نیوەی دەگەیشتە ئێمە و نیوەشی برادەرانی بەردەرگا وەکو برا یان لە گەڵیان دا بەش دە کردین . کاك د یدار ، ئەرێ پێم ناڵێیت ئەخبار چی یە ؟

**د یدار** : بە خە ، بڕوا نە، لێرە چی نوو سراوە؟ نوو سراوە "بڕ یارە موو چەی فەرمانبەران ز یاد بکر ێت" و "دەرما ڵەی ... نازانم چی" (رۆژنامەکە دەداتە دەست بەخە .

**جەو هەر جێ ماو**: بە خە ، دەی ...دەی بۆم بخوێ نەوە بزانم چی نووسراوە؟

**بە خە:** نوو سراوە: "لەبەر ئەوەی وڵاتە کەمان بڕوای تەواوی بەدیموکرا سیەتە ، بڕ یارە وەزیرە کان و گزیرە کان و میرە کان و فەقیرەکان لە ماف و ئەرکدا یەکسان بن!"

**جەوهەر جێماو:** بەخوا بڕیارێکی جوانە، بڕوانە خەتە جوانەکەی چۆن لە سەر کا غەز بریقەدەدا تەوە! ئای کە جوا نە لە سەر کا غەز، بەڵام هەر بگاتە سەرزەوی وەك بەفری هاوین دەتوێتەوە؟

**بەخە:** بۆ نا ، ئەدی دوای ئەو هەموو قوربانیدانە مافی خۆمان نیە؟

**جەوهەر جێماو:** مافی خۆمانە و بەزیادیشەوە. ئادەی هەواڵێکی ترم بۆ بخوێنەوە.

**بە خە:** " لەپێناو با شترکردنی گوزەرانی فەرمانبەران بڕ یاردرا بە ز یادکردنی دە هەزار دیـ نار وەك دەرما ڵەی مـ ندالّ، هی خێزانداریش پەنجا هەزار دینار ..."

**جەوهەر جێماو :** ترحێو! دەهەزار بەس بەشی پەڕۆی پیـسایی نا کات. بەڵام هی خێزانداری خراپ نیە؟

**مامۆستا سیامەند:** من دە ستم لەوا نە شۆریووە. ئەو گێلا نە وادەزا نن پارە یان بۆ ز یادکراوە، نازانن پارە کە بێ بەها بووە، ئەوە ندەی وەر یدەگرن، بەزیادەکە شیەوە ناکا تە نـ یو ئەوە ندەی جاران وەریا ندەگرت. ئەوا نە نەك جار ێك سەدجاری تریش فریو یان بدەن پە ندی لێ وە ناگرن. ئێ مەش تەنها ئاخ ودا خمان بۆ دەمێنێتەوە.

**بە خە:** جانم ، ئەمن ئا قلّ بوو یمە، جارێکی تر هەقم بە سەر ئەو قـ سانەوە نیـ یە. ئەوا نە وادەزا نن دیموکر سیەت تەنها لـ ێدان و

کووتا نە، نازانن دیموکرا سیەت وا تە رێ گادان بەهەمووکە سێك بەئازادی بیروورای خۆی دەربڕێت.

**جەو هەر جێ ماو:** کورە بە خە ، تۆ یەکی سەرخۆش ئەو هەموو قسە زلانە لە کێ فێربوویت؟

**بەخە:** بۆ جانم، ژیان قوتابخانەیەکی گەورەیە، هەموومان دە بێ تیا یدا بخوێنین.

**جەوهەر جێماو:** دەرسی سەرخۆشی، وانیە؟

**بەخە:** بۆ ، چما سەرخۆشی گاڵتە یە؟! کاتێك مرۆڤ سەرخۆش دەبێت ئەو سا لە شتە پوو چەکانی ئەو دونیا یە تێدەگات و را ستی بەرووت و قووتی دەبینێت. ئەوسا لەلای ئەو فەقیر و میر دەبنە یەك شت. خواردنەوەش فەلسەفەی خۆی هەیە و هەموو کەسێك لێ ی نازانێت.

**جەوهەر جێماو:** پێم ناڵێت فەلسەفەی خواردنەوە چی یە؟ با منیش تێ بگەم؟

**بەخە:** دیارە تا ئێستا تۆ هەرچی دەیلێیت لە کتێبا نەوە فێر بوو یت؟ ئەگینا کەس هە یە نەزانێت ، خوارد نەوە ڕێگایە کە بۆ پاکبوونەوە لە پیسیەکانی ئەم ژیا نە و هەلاتن لەو گەندەلیەی ناو هەناوی تەماعکاران هەڵدەکۆلێت؟

**جەوهەر:** واتە، ئەوەی بخواتەوە گەندەڵ نابێت؟

**بەخە:** من واناڵێم. بەڵکو دە ڵێم ئە گەر یەکێك بیەوێت پاکێتی خۆی بپارێزێت و نەیەوێت تێکەڵ بە پیسیەکانی ژ یان بێت با شترین رێگا ئەوەیە خۆی لەو ژیا نە گێل بکات. ئەگینا، ئە گەر را ستی

بلاّ یٽت ، ستەمكاران بەدەردی هەڤ تەی پێ شوومان دە بەن. بۆیە....( لەپڕ ڤ سەکەی دەبرّ یٽت) وەی با بە ، با هەڵێم، ئەوە واهاتنەوە بمگرن؟

**مامۆستا سیامەند:** کورە، کێ هات، بۆ وا زراوت ڕژاوە؟

**بە خە** ( خۆی لە پەنا هەردووکیان دەڈ یٽت): پۆلیـ سەکان! پۆلیـ سە چاو سۆرەکان! (دەڈ ڴی ڤ یت فیـ تەی پۆلیـ سەکان لەپشـ ست درەختەکانەوە دێت )

**مامۆستا سیامەند:** ئێ بەریان نەداین؟

**بەخە:** با؟

**مامۆستا سیامەند:** خۆ هەموو رۆژێك نامانگرن؟ بۆ دەترسیت ، بۆ؟

**بە خە:** بەخوای د ڵم (دە ست دەخا تە سەر د ڵی) د ڵم دەلاّ یٽت ئیـ مڕۆ یەکێکمان لێ دەگرن.

**جەوهەر جێماو:** فەلسەفەی خواردنەوە وات پێ دەڵێت؟

**بەخە:** بەس گاڵتە بکە، بەس؟ ها ئەوە وا بن درە خت و بن درە خت بەدوای ئێمەماناندا دەگەڕێن!

(لەنکاوڕا پۆلیسەکان تەماشای لای ئەوان دەکەن و بەتاو بەرەولای ئەوان دێن و لەترسان بەخە لە هۆش خۆی دەچێت)

**کاکل** (روودەکاتە هەردووکیان) : کامەتان، مامۆستا سیامەندە؟

**جەوهەر جێماو :** ئەوە ....

**بەخە** (دەستی بۆ درێژ دەکات) : ... سیامەندە .

**کانەبی :** وەرە پێش . بەقیتی لەبەردەمم بوەستە .

**مامۆ ستا سیامەند** ( بە ئازاد یەوە): من مامۆ ستا سیامەندم. چیتان دەوێت؟

**جەو هەرجێماو** : با بە ، چیتان لەو بەدبەخ تە دەو ێت ، هەمووی سەعاتێك نابێت لە زیندان بەربووە، خۆ دیسان نایگرنەوە؟

**کاکل** : دانیشە ، مامۆستا ئەوە ئیشی تۆ نی یە .

**بەخە** : کورە بابە ، قسە مەکە . بابزانین مەسەلەکە چی یە ؟

**جەوهەر جێماو** : ئاخرچیتان لێ ی دەوێت ؟

**کا نەبی** (بەتوو ندی): مامۆ ستا ر ێزی خۆت بـگرە و لە شوێنی خۆت مەجووڵێ .

**جەوهەر جێماو** : ئاخر بزانین چی کردووە ؟

**کا نەبی**: چی کردووە ؟ ژنە کەی سکاڵای لە سەر تۆ مارکردووە و فەرمانی داد گایی بۆ دەر کراوە لە هەرکوێ بەردە ست بـکەوێت ببر درێتەوە ماڵەوە؟

**بەخە** : مەسەلەیەکی خێزانی یە و پەیوەندی بە ئێمەوە نی یە .

**مامۆستا سیامەند**: مادام کار گەیشتە سکاڵا و سکاڵاکاری ئەوا من هەر ناچمەوە ماڵ!

**کاکل**: چما بەکەیفی خۆتە؟ بەتۆبز دەتبەین! (قۆڵی مامۆ ستا سیامەند بادەدەن)

**مامۆستا سیامەند** (خۆی رادەپسکێنێت): دەسا بشمکوژن نایەم!

**کانەبی** (شەپازلەیەك لەناوچاوی مامۆستا سیامەند دەدات): تۆ بوویـتە ئەو پـیاوەی فەرمانی دادوەر رەتبکەیـتەوە؟ هاووڵاتی لە بەردەم یاسا پووشکەیە، پووشکە!!

**جەوهەر جێماو:** ئەگەر هاوولاتی پووشكە بێت، ئەدی بۆ هەر باس باسی مافی مرۆڤە؟

**كانەبی :** مافی مرۆڤ ! ...دیموكراسی ! ... ماشەلا ! كاكل پێ ی بلێ .

**كاكل:** ئەم قسانە قسەی ناو كتێب و رۆژنامەكانن و لەلای ئێمە پوولێكی قەلپ ناهێنن؟ وانی یە كاك دیداری رۆژنامەفرۆش؟

**دیدار :** ئەشەدەمبیلا وایە !!

**كانەبی :** ئافەرین بۆ تۆ كاك دیدار ، ئافەرین .

**مامۆستا سیامەند:** ئەوە من نایەم ، چیتان پێدەكرێت بیكەین.

**جەو هەر جێماو :** كورە برایـنە ، بوەستن . ئەو بەسەزمانە بۆ كوێ دەبەن ؟ بۆ وا بەزۆری راپێچی دەدەن ؟

(بە هەردووكیان تاو دەدەنە مامۆستا سیامەند و لەهەمانكاتدا دیاكۆ لەلای كوشكەكەوە بەغار دێت و بە شەق و بۆكس لە پۆلیسەكان دەدات)

**دیاكۆ**(بەهاوارەوە): بۆ باوكم دەبەن ، بۆ؟ چی كردووە؟ تازە لە زیـندان هاتۆتەوە؟

**كا نەبی** (بەتووڕەیـیەوە پێلەقەیەك لە دیاكۆ دەدات) : كوڕی سەگ ، ئەوە لێمان دەدەیت؟ دەبیخۆ؟

**دیاكۆ** (دەگریت و لەوناوە دەكەوێت): وای بابە، كوشتمی؟

(پۆلیسەكان بەپالە سووان مامۆستا سیامەند بەپێش خۆ یان دەدەن و بەرەو دەرەوەی شانۆ راپێچی دەكەن)

**مامۆستا سیامەند** (هاوار دەكات): بێدینیـنە، ئەو منالە بەسەزمانەتان كوشت، هەرگیز لێتان خۆش نابم!

(روناكی دەكوژێتەوە)

## دیمەنی پێنجەم

(كات پاش نیوەڕۆیەكی درەنگە. دلاوەر دەچێتە ناو كو شكی تە لەفۆن و دەست بە لێدانی ژمارەی تەلەفۆن دەكات. كاتێك ئەو خەریكی ئەوە یە، لەپڕەوە مامۆ ستا سیامەند بەتاو دێ تە ناو گۆڕەپانە كە و لەژێر بنەدەوەنێكی ژاڵە خۆی دەشارێتەوە و لەشی بە تەواوی دەخزێنێ تە بن دەوەنەكە و تەنیا سەركی بەدەرەوەیە.)

**دلاوەر**(بەنەرمیەوە): ئەو كاتەت باش، كاكە سیروان.

**دەنگی سیروان** (لەو سەری شانۆوە): ئەو كا تەت باش، دلاوەری برام، چۆنیت، باشیت؟

**دلاوەر:** چۆن چاك بم؟ بێ ئیش و كارم، نەشوێنێك هەیە بۆی بچم، نە شتێك هەیە خۆمی پێوە خەریك بكەم. پێم بڵێ ، چیت كرد بۆ مەسەلەكەی خۆمان؟

**دەنگی سیروان:** چیم كرد، وەڵا ئەویش فت؟

**دلاوەر:** چۆن؟

**دەنگی سیروان:** ئەو كابرایەی بڕیار بوو بەقاچاغ بمانبات وا گیراوە و لە زیندان دەناڵێنێت!

**دلاوەر:** با شە، چی بكەین؟ هەموو دونیا رۆیشت، هەر ئێمە ماوین. دوایی ئەورووپاش وەرمان ناگرێت.

**دەنگی سیروان:** خەم مەخۆ. چارێك هەر دەدۆزمەوە. لەگەڵ یەكێكی تر رێككەوتووم، بەمزووانە خەبەرێكی خۆشت دەدەمێ.

**دلاوەر:** ئای بەقوربانی دەمت بم. كورە لێرە مردین، با بڕۆین بۆخۆمان وەكو خەڵكی دی دونیا ببینین!

**دەنگی سیروان:** باشە، بەڵام تۆ پەساپۆرتی (ج)ت هەیە؟

**دلاوەر:** نەوەڵا، چۆن هەمبێت؟ هەرهەمووی بەپارە و واسیتەیە؟

**دەنگی سیروان:** ئێ تۆش واسیتە بكە؟ كەسێك ناناسیت؟

**دلاوەر:** كێ بناسم؟ ئەو پیاوە مەردانەی من دەمناسین هەموویان یان ئێستا هیچیان بەدەست نییە، یانیش لە هەندەرانن.

**دەنگی سیروان:** بەخوا هەردەبێت دەریبهێنیت، چونكە، ڤیزای شینگن بەبێ ئەو پەساپۆرتە نابێت.

**دلاوەر:** باشە، باش. چی بكەم؟ دەتۆ چارەیەكم بۆ بدۆزەوە ؟

**دەنگی سیروان:** تۆش وەك خەڵكی تر پێنج گەڵای خۆت بدە و با بۆت دەربهێنن؟

**دلاوەر:** باشە، تۆ كەس دەناسیت؟

**دەنگی سیروان:** ناسین و ماسینی ناوێت! هەر تۆ بڵێ پارە دەدەم خۆ یان وەك كوچكوچە بەدوات دەكەون. باشە تۆ ئێستا لەكوێ؟

**دلاوەر:** وا لەناو گۆڕەپانی دیموكراسیم.

**دەنگی سیروان:** لەوێیت؟ منیش خۆ لەوێم؟ لەكوێ ی ئەوێیت؟

**دلاوەر:** لەلای كابینەی تەلەفۆنەكەم.

**دەنگی سیروان:** باشە، لە شوێنی خۆت بە ، وا دێمەلات.

**دلاوەر:** باش.

(هەر ئێستا لەوسەری گۆڕەپانەکەوە سیروان بەخێرایی دێتە لای کابینە کە و کە دلاوەر دەبینێت یەکسەر باوەشی پیا دەکات. هەر کە سەیر دەکات، پیاوێك لەژێردەوەنێکەوە راکشاوە و پەنجەی لەسەردەمی خۆی داناوە واتە وس بە قسە مەکە)

**سیروان** ( بەرەولای مامۆستا سیامەند دەچێت): دلاوەر، دلاوەر، ئەو پیاوەی ئەوێت دیووە؟

**دلاوەر**(بەسەرسوڕمانەوە): کامە پیاو؟

**سیروان:** ئەوەی خۆی لەژێر ئەو دەوەنانە شاردۆتەوە. کورە ، با لێرە بڕۆین، نەوەکا تیرۆریست بێت و بیەوێت خۆی لێرە بتەقێنێتەوە.

**دلاوەر:** تیرۆریست؟ (لێی دەچێتە پێش و لێی ورد دەبێتەوە) نا ... نا ... وابزانم خۆیەتی.

**سیروان:** نەمگوت تیرۆریستە؟

**دلاوەر** : من وام نەگوت. (هێشتا لێی دەچێتەپێش ، هێندەی نەماوە لووتی لە لووتی بخشێت) ئەرێ وەڵا دەق خۆیەتی. بەڵام کەمێك پووت و لاوازتر بووە.

**سیروان:** دڵم تەقی، پێم بڵێ کێ یە؟

**دلاوەر**(لێی دوور دەکەوێتەوە و دەستی سیروان دەگرێت بچنە سەر ئەسکەمیڵەکان دابنیشن):ماڵخراپ ئەوە لە کوێ و تیرۆریست لەکوێ؟! ئەوە ئەو مامۆستا سیامەندەیە کە بەمنداڵی شیعرەکانیانمان لەبەردەکرد و بەسروود دەمانگووتنەوە.

**سیروان:** ئەدی ، بۆ وای لێهاتووە؟

**دلاوەر :** با بچین ئەو نهێنییە لەخۆی بپرسین؟

**سیروان:** ئەرێ مامۆستا سیامەند، تۆ مرۆڤێكی زۆر ناسراوی و ئێمەی گەنج هەمووومان شانازی بە هەڵوێست و شیعرەكانتەوە دەكەین، پێمان ناڵێیت بۆچی وات لێهاتووە؟

**مامۆستا سیامەند** (بە مرەمرێكەوە): هەمووی لە خەمی ئەو میللەتە و زۆرداری دەسەڵاتداران؟!

**دلاوەر**(بەسەرسورمانەوە): چۆن؟!

**مامۆستا سیامەند** (بەهەڵچوونەوە): ئێوە باش دەزانن كە سەردەمی رژێمی پێشوو ئێمە چ دەردەسەری و ئازارێكمان چەشت تا بەم رۆژە گەیشتین. ئێمە چاوەڕوان بوون خراپەكاران سزای خۆیان وەربگرن و چاكەكارانیش پاداشتی خۆیان. بەڵام پێچەوانەی ئەوە راست دەرچوو- هەرچی ناپاك و پیس و خۆفرۆش بوون تاجی سەربەرزیان لە سەرنرا و ئێمە شیان بەمجۆرە سووك و ریسوا كرد و كردیانین بە سۆدەرە و گاڵتەجاڕی خەڵكی. سبەیش كە دەمرم هەر ئەوانەی وایان بەسەرهێنام دێن كۆڕی ماتەمینم بۆ دەگێڕن و لە كۆڕەكە شمدا ئەوان خۆیان دەكەنە پاڵەوانی مەیدانان و لەپەنای منیشەوە چەند پوولێك هەڵدەلووشن. ئەوسا دوای ئەوەی مردم دێن ژیاننامەم بەكەیفی خۆیان دەنووسنەوە و دەمكەنە بە شێكی جیا نەكراوە لەو هەمووگەندەڵی و پۆخڵەواتەی خۆیان. دوای منیش خوا دەزانێت چی لە ژن و منداڵەكەم دەكەن؟

**سیروان:** باشە، تۆ بەمجۆرە ژیانی خۆت و ماڵ و منداڵت وێران دەكەیت.

**مامۆستا سیامەند** (بەئاخ هەڵکێشانێکی قوو ڵەوە): و ێران بوو، و ێران بوو. بڕواننە دیاکۆی کوڕی نەوجەوانم وا لەوێ پێڵاوی ڕێ بواران بۆ یاغ دە کات کە دەبوا یە ئێ ستا بۆ خۆی لە خوێ ندنگا وە کو منداڵانی تر خەریکی خوێندن و یاریکردن بوایە. بڕواننە من وا لە ترسی پۆلیس خۆم لەم کوو نە پە ستاوە و ها کا هاتن بەزۆر دەمبەنەوە لای ئەو ژنە حەزیایەم.

**سیروان:** باشە، بۆ سەری خۆت هەڵناگریت و بچیتە هەندەران؟

**مامۆستا سیامەند** (بەخەمێکی قووڵەوە): بە چی بـچم؟ بۆ کوێ بـچم؟ چۆن بچم؟ من وا لە وڵا تی خۆم دا ئاوارەکراوم ، لەوێ دوو جار ئاوارە دە کرێم . پا شان من کە هیـ چم نـ یە و دەر گای هەموو سنوورەکانیش بە پارە دەکرێنەوە، پارە لە کوێ بێنم.

(لەپڕەوە هەست بە هاتنی پۆلیـ سەکان دە کات و گوێ ی لە فـ یت فیتەیان دەبێت لەوسەری گۆڕەپانەکەوە و دە یەوێت هەر چۆنێك بـ ێت بە سەرخۆی نەهێنێت) با شە، رۆ ڵەکانم ، لـ ێرە بڕۆن ، با لە سەرینی مـ نەوە توو شی گێ چەڵی ئەو پۆلیـ سە د ڵڕەش و بێبەزەییانە نەیەن.

**سیروان :** نا ، مامۆستا ، نا ! ئێمە لەگەڵت دەمێنینەوە.

**مامۆستا سیامەند :** مەمێننەوە ، دەی زوو بڕۆن ، دەی .

**کانەبی** ( یەکسەر دەگاتە سەرسەری): ئەوە با سی ئێ مەت دە کرد، هەی ناپیاو؟

**مامۆستا سیامەند :** ئـێوە وە کو تاژی بەدوا مەوەن. ئە گەر با سی ئـێوە نەکەم، ئەدی باسی کێ بکەم؟

**کاکل:** زیندانەکانیش لە تۆ بێزارن. ئەمجارە ، ئێمە لە تۆ پیاوتر دەبین. بۆیە ناتگرین.

**کانەبی :** بەڵام نامانەوێت جارێکی تر لەم گۆڕەپا نەی دیموکرا سی یە چاومان بەچاوە پڕ رق و کینەکانی تۆ ببێتەوە.

**مامۆ ستا سیامەند :** ئە گەر من چاوم پڕ رق و کی نە ب ێت، ئ ێوەی دە سەڵاتدار دڵ و مێ شکتان پڕ رق و کینە یە. ئ ێوەی نا حەز لە کارەکەم دەرتانکردم. بۆ یەش پارەی کرێم نی یە تا لە کونج ێك دابنیشم ، ئەدی بچمە کوێ؟ من لەو نیشتیمانەی خۆمدا ب ستێك زەویم نی یە تیایدا بژیم . ئاخر بۆ کوێ بچم ، بۆ کوێ؟

**کا نەبی:** بۆ کوێ دە چیت برۆ. بەڵام ئێ مە لە سەرووی خۆما نەوە فەرمانمان پێکراوە نەیەڵین لێرە بمێنیتەوە.

**مامۆستا سیامەند:** بشمکوژن ، ئێرە جێ ناهێڵم! ناڕۆم! هیچ شوێنێکی ترم نی یە ، هیچ !

**کاکل:** کەواتە ناچارمان دەکەیت، بەزۆری دەرتبکەین.

**مامۆستا سیامەند:** ناڕۆم، نا....ئاخر کێوە بچم؟

**کانەبی:** کەیفی خۆتە.

(بە هەردووکیان تاوی دەدە نێ کە ئەوان خەریکی ئەوەن بەرخۆ کە دێ تەپاڵ مامۆ ستا سیامەند و دە یەوێت لەدە ست پۆلیسەکانی دەربهێنێت، بەڵام ئەوان بەتووندی پاڵی پێوە دە نێن و بەری دەدە نەوە . پا شتر د یاکۆ لا قی یەکێك لە پۆلی سەکان دەگرێت.)

**دیاکۆ :** بۆ باوکم دە بەن ، بۆ ؟ ئا یا باوکم چی کردووە ؟ (بەلە قە لە پۆلیسەکان دەدات)

**کانەبی** (لێیدەدات) : سەگباب ، ئەوە لێمان دەدە یت ؟ وەرە دەی ، تۆش نابێت لێرە بمێنیت . کوڕی سەگیش هەر سەگە . (ئەوان دیاکۆ و باوکی هەڵدەگرن و بەجۆرێکی زۆر بێبەزەییا نە لە گۆڕەپانە کە فرێ یان دەدە نە دەرەوە. ئینجا بەرخۆ کە د یێت و کەرە سەکەی بۆ یاغی د یاکۆ بەجۆرێکی زۆر بەزەیی هێن هەڵدەگرێ تەوە و لەباوەشی دەکات .)

(روناکی دەکوژێتەوە)

## دیمەنی شەشەم

(بەرەبەری بەیانیە، دونیا کەمێك رۆشن بۆ تەوە. بێدەنگ یەکی سامناك باڵی بە سەر گۆڕەپانە کەدا کێ شاوە. جگە لە گ ڤەی با یەکی ساردو سڕ دەنگی هیچ نایەت. لە نێو درەختەکانەوە مەلەکان جریوە یان لە خۆوە بڕ یووە. مامۆ ستا سیامەند لە گەڵ د یاکۆی کوڕی بە پەنادزە خۆ یان دەخزێن نە ناو گۆڕەپانە کەوە. هەریە کەیان کۆ نە بەتاذ یەکی دڕاو یان بەسەر شانیان داداوە و چۆقەی ددانیان دێت)

**مامۆستا سیامەند** (بەنەرمی) : وەرە کوڕە شیرینەکەم، با لە پەنای ئەو درەخ تە جێگا یەك بۆ خۆ مان بکەی نەوە. وای چ سەرمایەکی کوشندەیە!

**د یاکۆ**( بەدانە چۆقەوە): با بە، یەگجار سەرمامە، لەباوە شم بگرە ، با گەرم ببمەوە.

**مامۆستا سیامەند**: باشە، کوڕە نازدارەکەم. (لەباوەشی دە کات و کەمێك دەست بە سەر و قژی دادێنێت)

**دیاکۆ**: بابە ئەو ئەستێرێهێ دەبینیت؟

**مامۆستا سیامەند**: کیهایان ، کوڕە شیرینەکەم؟

**د یاکۆ**: ئەو ئە ستێرەی سوورەی وا لە نێوان مانگ و ئە ستێرە شینباوەکەوە گەش گەش دەتریسکێتەوە.

**مامۆستا سیامەند**: ئێ دیتم ، ئینجا چیت لەو ئەستێرەیە دەوێت؟

**د یاکۆ** : با بە ، ئەو ئە ستێرە تاقانەیە یە تۆ یت و شینباوەکەش منم چونکە زۆر کز و بچووکە.

**مامۆستا سیامەند**: کوڕم ، ئەو ئە ستێرانەش وە کو مرۆڤن . ماوە یەك دەژین و دوایی دەکوژێنەوە و لەناودەچن.

**دیاکۆ**: بابە، ئەدی کە لەناوچوون چیان لێدێت؟

**مامۆ ستا سیامەند**: کە کوژا نەوە و لەناو چوون لە خۆڵەمێ شی ئەوان ئەستێرەی دیکە لەدایك دەبنەوە.

**دیاکۆ**: کەواتە، بابە ، ئەستێرەکان نامرن؟

**مامۆستا سیامەند:** هەرگیز نامرن ، بۆ یە مرۆ ڤی مەزن هەمیشە بە ئەستێرە دادەنرێت. کاتێك ئەوان لەژیانیشدان خۆیان وەکو مۆم لە پێناو خەڵکدا دەسووتێنن بۆ ئەوەی دونیا رووناك بکەنەوە.

**دیاکۆ:** کەواتە من هەڵە نەبووم کە تۆم بە ئەستێرە گەشەکە دانا.

**مامۆستا سیامەند:** نەخێر ، بەڵام سوودی چی یە ؟ تروسکەی من لەناو خەڵکانی نەزان وەکو شەوقی ئە ستێرەی ناو گۆمێکی لیخنە ، ئەگینا ئەوە حاڵە ئەو بێویژدانانە بەسەر ئێمەیان هێناوە؟

**دیاکۆ:** بابە ، خەم مەخۆ ، مادام منت هەیە ، هەرگیز نایەڵم پێویستیت بە کەس هەبێت.

**مامۆستا سیامەند** (دەست بەسەری دادەهێنێت): خوا بۆ منت بهێڵێت ، رۆڵەکەم ، ناخەویت؟

**د یاکۆ:** جارێ خەوم نای ێت. ئەرێ با بە ، چیرۆکێکی خۆ شم بۆ دەگێڕیتەوە؟

**مامۆستا سیامەند :** چیت بۆ بگێڕمەوە، رۆڵەکەم؟

**دیاکۆ:** چیرۆکی ....چیرۆکی " پاشای زۆردار"

**مامۆستا سیامەند :** باشە، کوڕەکەم. ( چیرۆکەکە دەگێڕێ تەوە) " هەبوو نەبوو کەس لە میلـلەت با شتر نەبوو و کەس لە پا شایان زۆردارتر نەبوو. لەو رۆژهەڵاتەی خۆماندا، ناو چەیەك هەبوو پێیا ندەگووت ولا تی خۆرپەر ستان. لەوێ خەڵکێکی یەگجار باش دەژ یان و ئا مادەبوون بە هەموو جۆر ێك یار مەتی یەکتر بدەن... "

**دیاکۆ:** ئەدی دواتر؟

**مامۆ ستا سیامەند :** "دوا تر رۆژێک یان کابرا یەکی ری شن ها تە ناو یان پێیی گوتن ئ یوە تەنها بۆ ئەم ژیا نە دەژ ین و پاش مردن هەمووتان بە نەفرەت دەکرێن. وەرن فێرە ژ یانی ئەودیووتان بکەم." ئەوانیش گوتیان "لەودیوو چی هەیە؟"

**دیاکۆ:** بابە، ئەو چی گوت؟

**مامۆ ستا سیامەند :** ئەویش گوتی: " لەودیوو هەر چی د ڵت ب یەوێت هە یە. خواردنی خۆش، ژ نی جوان، ئاوو هەوای سازگار." خەڵکە کە گوت یان: ئێ مە ل ێرە ئەما نەمان هەمووی هە یە ، بۆ چیمانە؟" کابرای ری شن گوتی: " ئەوا نەی ئ ێرە هەمووی ساتەوەختین، ئەوەی ئەویٚ بۆ هەتا هەتایەیە."

**دیاکۆ:** باشە، خەڵکەکە پێیان باوەڕ کرد؟

**مامۆستا سیامەند:** ئەدی کورم، خەڵکەکەی ئێمە دڵیان سافە. بەمجۆرە خەڵکێکی زۆری بەلای خۆیدا راکێشا. جا کات ێك کابرای ری شن دە سەڵاتی پە یدا کرد دە ستە و تاقمی ج یا ج یای دا نا ، خەڵکەکەی کرد بە چەند جۆرێکەوە و لەدوای ئەم رۆژەوە خێروخۆشی رووی لەم ناوچەیەی ئێمە نەکردووە.

(لەگەڵ دوا قسەکانی مامۆستا سیامەند ، دیاکۆ لە باوە شی باوکی خەو دەیباتەوەو باوکی لەسەر زەوی درێژی دەکات و شرە بەتانیە کەی خۆی بۆ رادە خات و بەتانیە کەی تری پ ێدادەدات. دوای ئەوە بەناو درەختەکانەوە وەکو شێت پیاسە دەکات و لە بەرخۆی دەکەوێ تە قسە و وڕینەکردن )

**مامۆ ستا سیامەند** (بە چاوی پڕ بەزەیی و هەنا سە هەڵكێ شانەوە لە دیاكۆی كوڕی دەڕوانێت): ئەوە خۆم هیچ، با چیتر ئەو منا ڵە بەهۆی منەوە بەدبەخت نەبێت؟

**دەنگێكی ناوەوە:** بەتەمای چیت، سیامەند؟

**مامۆستا سیامەند** (بەسەرسوڕمانەوە): هیچ ! تەنها دەڵێم، باشتر نیە بۆ خۆم و ئەویش من نەمێنم؟

**دەنگێكی ناوەوە:** بیر لە خۆكو شتن دەكەیتەوە؟ ئەدی ئەو منا ڵە چی بكات؟ بیرت لەوە نەكردۆ تەوە چی بە سەردێت؟ كێ ئا گای لێ ی دەبێت ؟ كێ پارێزگاری لێ دەكات لەناو ئەو جەنگەڵستانەدا ؟

**مامۆستا سیامەند:** بۆچی ئێستا من ئەو بەخێو دە كەم ، یان ئەو من بەخێو دە كات ؟ بۆچ نازانیت ئێستا من بەپارەی ئیشكردنی ئەو بەڕێوە دە چم ، نەك ئەو بەهی من؟ دوا یی م نالّی من ج یاوازی چی یە لە گەڵ هەموو ئەو مندا ڵە چاوگە شانەی خەڵكی دی كە لەسەر شەقامەكان فڕێ دراون؟ بۆ ئەو بەسەزمانانەش رۆحیان نیە؟ ئەویش وەكو ئەوان؟

**دەنگێكی ناوەوە :** نا ...سیامەند نەكەیت ، نا؟

**مامۆستا سیامەند:** لێرە مانی من هیچ لە شتەكان ناگۆڕ ێت. رەنـگە بە مردنم هەندێك گۆڕانكاری روو بدات!

**دەنگێكی ناوەوە :** وەك چی؟

**مامۆستا سیامەند :** وەك ئەوەی رەنگە خەڵك لە ئەنجامی مرد نی من بیر لە ژ یانی خۆ یان بكە نەوە. هەوڵێك بدەن ئەم ژیا نەی

خۆیان كەمێك بگۆڕن و داوای مافی خۆیان لەوانە بكەنەوە كە ژیان و مافی مرۆڤانەیان لێ زەوت كردوون .

**دەنگێكی ناوەوە:** كەواتە تۆ بڕیاری خۆتت داوە و لێ ی پەشیمان نیت؟

**مامۆستا سیامەند:** بە هیچ شێوەیەك؟

**دەنگێكی ناوەوە:** هەر ئێستا ئامادەیت؟

**مامۆستا سیامەند:** زۆریش.

**دەنگێكی ناوەوە:** كەواتە ، بەبێ دواكەوتن وەدوام بكەوە.

**مامۆستا سیامەند :** لەكوێیت ؟

**دەنگێكی ناوەوە:** لای پەتی جۆلانەكەم .

**مامۆستا سیامەند:** واهاتم. (بەدوای سەدای دەنگەكە دەكەوێت و دەچێتە لای جۆلانەكەی بنەبانی شانۆ و خۆی بە پەتی جۆلانەكەوە هەڵدەوا سێت و زۆر بە نەرمی گ یان دە سپێرێت و لا قەكانی لەگەڵ گەڵاكان دەشەكێنەوە).

(روناكی دەكوژێتەوە)

## دیمەنی حەوتەم

( بەیانی یە خەڵكێكی زۆر دێنە ناو گۆڕەپانەكە. لافیتەی گەورە گەورە لەبارەی رۆژی م ندالان و مافی مرۆڤ هەموو ئەوناوەی رازاندۆ تەوە. خەڵكە كە سەرقاڵی رێكخ ستنی سەر شانۆن بۆ ئا هەنگ و بەزم. لەپڕ بەرخۆكە دێت و دەبینێت د یاكۆ لەوناوە بەرووت و قووتی خەوتووە.

ئەویش كەره سەكانی بۆ یاغی بۆ هێناوه تەوه و د یاكۆ له خەو واگادێتەوه.)

**بەرخۆكه :** دیاكۆ ، ئەوه بۆچی لەوناوه بەبێ بەتانی خەوتوویت ؟

**دیاكۆ :** ئاخر دوێنێ شەو بایەكی توندی دەهات و كه هاتینەوه بۆ ئێره لەرێگا با بەتانیەكانمانی رفاند .

**بەرخۆكه :** ئەدی كوا مامۆستا سیامەند ؟

**دیاكۆ :** ئەویش لەوناوەیه . دوێنێ شەو پێكەوه گەڕاینەوه ئێره .

**بەرخۆكه :** دەباشه ، وەره سەرپشتم با بچینەلای جۆلانه كه و تا ئەوێ گەمان ده كەین (د یاكۆ تالای جۆلانه كه لەپ شت ده كات و كه دەگه نه ئەوێ دەب ینن مامۆ ستا سیامەند رەق و بێ جوو له وه ستاوه . هەردووكیان غار دەده نه لای . بەرخۆ كه سەر به سینگیەوه دەن ێت و دەكا ته هاوار و فی غان و د یاكۆش زریكەیەكی تیژی لێوه دەردەچێت . )

**دیاكۆ**(بەدەم هەنسكەوه): ئاخر بابه، بۆ واتكرد ، بۆ؟ بۆ به تەنیا لەناو ئەو درندانه بەجێت هێشتم، بۆ؟! بابه زیرەك و زاناكەم ، بۆچ پشتت شكاندم؟ لەمەودوا لەباوەشی كێ بخەوم، كێ؟

( خەڵكێكی زۆر لەوناوه كۆ دەب نەوه و دەبێ ته غەڵ به غەڵ به و هەركه سێك به جۆر ێك ئەو رووداوەو لێكدەدا تەوه و هەموو كارێكتەرەكانی تا ئێستا هاتوونەته سەرشانۆ لەوێ دەبینرێن)

**بەخه** (بەدەم هەنسك و گریانەوه): ئای شاعیره كلۆڵەكەم، رۆ. ئای ماڵی وێرانم ، رۆ. كێ لەمەودوا با سی ئێ مەی هەژار و نەدار بكات،

كێ؟ بەخوا نا هەقت ناگرم كە واتكرد، بەڵام هێشتا زۆر زوو بوو رۆیشتیت و ئێمەت هەموو بێ كەس كرد؟

**كاوێس:** كورە چاكى كرد، بۆ خۆی رزگاری بوو لەدەست ژنە عیفریت و پۆلیسە دلڕەقەكان. كێ بە قەد ئەو ئازاری هەبوو، مەگەر هەرخۆم بزانم. شەو نەبوو بۆ ئەو میللەتە قوڕبەسەرە كۆلێك نەگریت.

**بەرخۆكە** ( خۆی لەوناوە دەگەوزێنێت و بە چەنگان خۆڵ بەسەر سەری خۆی دادەكات): ئەیهاوار ....ئێمەی بێ ماڵ و حاڵ هەر تۆمان هەبوو بەزەییت پێمان دابێتەوە. هەر تۆمان هەبوو بێزمان لێ نەكاتەوە ونا نمان لە گەڵ بخوات... هەر تۆمان هەبوو ریشمان بتاشێت و بمانباتە گەرماو بمانشوات .... بۆ ئێمەی بێكەس و لانەواز لە دایك و باب باشتر بووی .... ئای قوڕبەسەری خۆم و مەمەد و كسۆك و پیرداود و عەونی و حەمەشێت و مێروو لە پەنجاوپێنج و هەیاس و چورچە و سالحاغا و هەموو شێتەكان.

**دڵدار:** بەخوا كابرا یەكی رۆشنبیر بوو . هاوینان پێش ئەوەی بچمە كۆلیج دەهاتە لامان دادەنیشت و باسی فیكر و فەلسەفە و مێژووی جیهانی بۆ دەكردین و فێرە وانەی نیشتیمانپەروەری دەكردین.

**هەنار:** بەچی دەچێت، دەسەڵاتداران بایی یەك تۆزقاڵیش رێزیان لێ نەگرت و هەمیشە لەنێوان ئێرە و زیندان هاتووچۆی بوو.

**بەیان:** ئۆخەیش، خۆ بەچاوی خۆم مەرگیم بینی. پیاوی وا بۆ مردن نەبێت بۆ هیچی تر باش نییە.

**دیاکۆ** (بەهاوارێکی تووندەوە): وا مەڵێ دایە ، وامەڵێ. ئەگەر باوکم بۆ مردن باش بێت کەسی تر شایەنی ژیان نییە.

**د یدار**(رۆژنامە یەکی بەدە ستەوەیە): ئەیهاوار، ماڵی هەمووماں و ێران بوو! کێ جارێکی تر تێم بگە یەنێت چی لەرۆژنا مەکان نووسراوە و راستی و درۆکان کامانەن؟

**کانەبی** (بەتێڕاخوڕینەوە): لا چۆن، ئادەی لا چۆن. بزانم ئەو پاڵەوا نە مردووە یان بەدرۆ وای لەخۆی کردووە؟ (نوو کە دار ێك لە قەبر غەی دەژەن ێت) مادام قدیلانۆ کەی نا یەت ، د یارە بەراستی مردووە.

**کاکل:** بەخوای چاك بوو ، باش بوو لەکۆڵمان بۆوە ، دە نا دەبوا یە تا رۆژی مەحشەر هەر بەدوایەوەبووایین!

**کانەبی** (بەفەرمانکردنەوە) : کەس لەو تەر مە نز یك نەکەوێ تەوە ، تا لێکۆڵینەوە تەواو دەبێت هەر لێرە دەمێنێتەوە ، باشە؟

**د یاکۆ**( بەڕق و کی نەوە): باوکم لە ڕ قی ئ ێوەی دڕ ندە خۆی کو شت. خوێنی باوکم تا ئە بەد لە گەردنی ئ ێوە ئاڵاوە و هەرگیزاوهەرگیز گەردنتان ئازاد ناکەین.

**دلاوەر:** ئاخ، لەناو میل لەتی ک لۆڵ و دا ماو قەدری رۆ شنبیر لە قەدری سەگێکی تۆپیوو کەمترە!

**سیروان:** بەخوا راست دە کەی. ئە گەر ئێ ستا کەرێك لێرە بتۆپیبووا یە، رێک خراوی مافی ئاژەڵان لە سەری بەجواب دە هاتن، بەڵام مرۆڤی دڵسۆز و رۆشنبیری راستەقینە کەس خۆی بە خاوەنی نازانێت.

**جەوهەر جێماو:** قەت وامەڵێن! ئەو دڵێکی هەبوو جێگای هەموومانی تێدادەبۆوە، ئێمەش پێویستە هەتا ماوین لەناودڵمان وێنەی پیرۆزی ئەو بپارێزین. ( لە جە ستەی مامۆ ستا سیامەند دەچێتە پێش و دەست بەلاشەی دادێنێت) ئای چەند پیرۆز و سەربلندانە کۆچت کرد! ئێستاش چاوت هەر لەئا سۆیە و رۆحت بەرەو ئاسمان لەفڕیندایە. بەلام ئەوە چیە لەناو پەنجە قووچاوەکانتدان، با بیزانم چیە؟ (پار چە کا غەزێکی بچووك لەناو پەنجەکانی دەردەهێنێت و بەهێواشی دەیکاتەوە و روو لە خەڵکەکە دەکات)

**هەموو خەڵکەکە:** بۆمان بخوێنەوە، بۆمان بخوێنەوە.

**جەو هەر جێماو:** ئەوە پەیامێکە ئارا ستەی هەموو مرۆ ڤە دڵسۆز و پا کەکان کراوە. بەتاي بەتیش بۆ مندالانی کابوسستان نووسراوە.

**هەموویان پێکەوە:** کابوسستان؟ ئەوە ناوی چ ولاتێکە؟

**جەوهەر جێماو:** کە خوێندمەوە ئەوسا تێدەگەین کوێ یە؟

**هەموو خەڵکەکە:** دەباشە، زوو کە بۆمان بیخوێنەوە.

**جەوهەر جێماو:** ناونیشانی شیعرەکە "قەقنەس"ە.

**هەموو خەڵکەکە:** قەقنەس چی یە؟

**جەو هەر جێماو:** قەقنەس باڵندە یەکی ئەفسانەییە لە هەموو جیهان یەك دانەی هەیە، هێلانەی لەسەر هەورا نە و کە پیر دەبێت پێش ئەوەی کاتی مردنی دابێت دێت خۆی دەسووتێنێت تا لەخۆڵەمێشی ئەو قەقنەسە یەکێکی نۆی لە دایك بێت.

**دڵدار و هەنار** (پێکەوە): بە خوا دیارە شیعرێکی قوو ڵە ، ئەگینا ئەو ناونیشانە هێماییەی بۆ شیعرەکەی نەدەنووسی. باگوێ بگرین.
(جەوهەر جێماو شیعرەکە دەخوێنێتەوە):

**"قەقنەس"**

منداڵانی کابوسستان،
بەقسەی کەس باوەڕ مەکەن:
قسەکانمان دەبدەبەیە!
(بەرخۆکە لەدوای دەڵێتەوە: دەبدەبەیە!)
شانازی بە چیرۆکی دەسەڵاتدارانی ناو کتێبی مێژوو مەکەن:
فیشاڵ و درۆ و فشەیە!
(بەرخۆکە لەدوای دەڵێتەوە: فیشاڵ و درۆ و فشەیە!)
رۆژنامەکان مەخوێننەوە:
وتەکانیان شەقشەقەیە!
(بەرخۆکە لەدوای دەڵێتەوە:شەقشەقەیە!)
مەڕواننە وێنە و روخسارمان: دەمامکێکی کۆنینەیە!
(بەرخۆکە لەدوای دەڵێتەوە: دەمامکێکی کۆنینەیە!)
بە گفت و بەڵێن مەخڵەتێن:
گفت و بەڵێن هەمبانەیە!
(بەرخۆکە لەدوای دەڵێتەوە:هەمبانەیە!)
لە هونەرمان ورد مەبنەوە : گەڕەلاوژەی کۆسانە.
بە وشەی شۆڕش سەرسام مەبن: کەشکۆڵی جادووگەرانە.

پەیوەندی بە ئێمەی رزیوو مەکەن:

ئێمە دێوین ...خێوین ...شەوەین!

(بەرخۆکە لەدوای دەڵێتەوە: دێوین ...خێوین ...شەوەین!)

گەر حەزدەکەن بژین نەمرن: لێمان راکەن!

گەر دەتانەوێ کوێر نەبن: پەنجە لەدورِ چاومان راکەن!

(بەرخۆکە لەدوای دەڵێتەوە: پەنجە لەدورِ چاومان راکەن!)

گەر مەبەستتانە نەخلەتێن: مێشکی کەمزانمان پەرِە کەن!

نەکەن بەدوای ئێمە دابێن! ....شوێن هەنگاومان بسڕنەوە!

دیدی نوێ و

بیری نوێ و

رێگای نوێ

بدۆزنەوە!

**بە خە :** ئای دە مخۆش. هەزار رە حمەت لەگۆرِە کەت. بەخوای ئێ مە نەماندەزانی هێندە ئازاری هەیە ، دەنا هەرگیز لێنەدە گەڕاین بەو کارەساتە بچیت.

**جەوهەر جێماو :** ئادەی کورِینە ، با تەرمی پیرۆزی ئەو کەڵە شاعیرەی میل لەت ب ببەین لە بەرزترین لووتـ کەی چیای سابڵەند یان قەندیلی سەربەرز بنێژین. بەراستی جگە لەو شوێنە خواییانە هیچ جیگایەکی تر شایەنی ئەو لاشە پیرۆزەی نییە.

( هەموویان پێـ کەوە لا شەکە بەرِێزەوە هە ڵدەگرن و جە هەر جێ ماو سەری خـ ستۆتە سەر سینگی خۆی و د یاکۆ لەپێش

خەڵکە کەوە بە هەنگاوی زۆر سەنگین دەڕوات و ئاڵا یەکی کوردستان و دەفتەرەشیعرەکەی باوکی هەڵگرتووەو بەهێواشی بەدەم دووبارەکردنەوەی (دیدی نوێ ، بیری نوێ ، ڕێگای نوێ بدۆزنەوە ) ، بەرەو ناو جەماوەر بەڕێ دەکەون)

(کۆتایی)

(2)

# شانۆیی
# "خەونەکانی لاتیك"*

میژووی نووسینی ئەم شانۆییە: 2007/4/10

* تا ئێستا کەس ......... ئەم شانۆیی یە بخاتە سەرشانۆ .

## کەسایەتیەکان:

**هەڵۆ : گەنجێکی 25 ساڵانە**

**هەڵکەوت: کەرتی دووەمی هەڵۆیە**

**شالیار: پیاوێکی کەتەی 40 ساڵانە**

**میر: پیاوێکی باڵابەرزی 45 ساڵانە بازرگان**

**پیربالْ: میوانی هەڵکەوت**

**بایز: میوانی هەڵکەوت**

**دەنگێك: دەنگی ناوەوەی وێژدانە**

# "خەونەكانی لاتیك"

## دیمەنی یەكەم

( سەر شانۆ تاریكە و لەپڕ رۆشن دادێت. هیچ شتێك لەم ناوە نییە جگە لە چەند كور سیەكی وەر گەڕاو و مێزێكی رەق و تەق. هەڵۆ خەون دەبینێت و لەو خەونە یدا لە وڵاتێكدا یە كەس ناوی نازانێت. بەدەم خەونە كەوە ڤ یت دەبێتەوە و دێتە لای بینەران و دەگەڕێتەوە لای تەختەی شانۆ و لەبەرخۆی قسە دەكات )

**هەڵۆ:** گەندەڵ بم!

یان گەندەڵ نەبم! ئەمە كرۆكی مەسەلەكەیە!

گەندەڵ بم، دەبمە خاوەنی كۆشكی بەرز،

ئۆتۆمبێلی كەشخە، جلی جوان،

ژنی تەڕ و ناسك، پارەی زۆر و زەبەند،

گەشت و گەڕانی خۆش، میوانی بەردەوامی شاشە،

پیاوماقوولی كۆڕ و كۆبوونەوەكان، كێڵگەی فراوان،

مەلەوانگەی خۆش كە لەباتی ماسی كیژۆڵەی ناسك مەلەی تیا دەكەن!

گەندەڵ نەبم،

برسێتی، نەخۆشی، لەسەرما قەسرین،

شەوانی دڵتەنگی بێ روناكی،

جلی پەڕپووت، بێنە بێنەی خاوەن خانوو،

گەرمای سووتێنەری هاوین رووم تێ دەكەن!

كەواتە گەندەڵ دەبم!

**دەنگێك:** نا ا ا ا ! هەموو كەس گەندەڵ بێت، تۆ نابێ گەندەڵ بیت!

تۆ پیاوی خاوەن بڕوا پاكەكان بوویت!

تۆ ئەو كەسە بوویت كە هەزاران كەست فێری وانەی دڵسۆزی دەكرد!

نا ا ا ا ! هەموو كەس گەندەڵ بێت، تۆ نابێ گەندەڵ بیت!

**هەڵۆ:** نەخێر ، دەبم!

سەردەمی بیروباوەڕەكان بەسەرچوو،

ئەمڕۆ ئەو قسانە باویان نەما!

ئەمڕۆ رۆژی پارە و سامانە! رۆژی گیرفان پڕكردنە!

بۆیە بڕیارم داوە و دەبم!

**دەنگێك:** نابیت!

**هەڵۆ:** دەبم!

**دەنگێك:** نابیت!

(سەر شانۆ تاریك دادێت)

## دیمەنی دووەم

(هەڵۆ بەتەنیا لە سەر شانۆیە و لەناوەڕاستەوە كەرت دەبێت. لا یەكی بەرەو لای راست و ئەوەی تری بەرەو لای چەپ دەكشێت. سەر شانۆش بە هەمان شێوە دا بەش دەبێت. لا یەكیان دەبێتە ئۆفیسێكی نازداری

ڕێزدار هەڵکەوت، لایەکەی تر دەبێتە ماڵە پەڕپووتەکەی هەڵۆ. لێرەدا ڕوناکی دەکەوێتە سەر ئۆفیسی هەڵکەوت.
لەناو ئۆفیسەکەدا تاخمێك قەنەفەی گرانبەها و مێزێکی بریقەدار و تەلەفۆنێك و تەلەفزیۆنێکی پلاز مای گەورە و کۆمپیو تەر دا نراوە. ناوبڕەیەك لە نێوان ماڵی هەڵۆ و ئەم ئۆفیسەدا هەیە. کاتێك هەڵکەوت لە گەڵ میوا نەکانی قا قا پێدە کەنێت، کە هەموویان حج لی نازدار و کەشخەیان لەبەرە، هەڵۆ لەناو کونی دیوارەکەوە سەیریان دەکات.)

**هەڵکەوت:** ئای ژیان چەند سەیر و سەمەرەیە!

چەند ئاسان و خۆشە!

برادەرینە، ئیمشەو لە کوێ ڕابوێرین؟

**پیربال:** لە کێڵگەکەی من!

ئەوەی خوا حەز نەکات بۆ ئیمشەوم ئامادە کردووە!

خواردن! خواردنەوە! کیژۆڵەی چاوگەشی فلیپینی!

تیپی مۆسیقا و بادان و ئەوانەی تر کە خۆتان دەیزانن!

**هەڵکەوت:** باشە، پێم نالێیت ، ئەو هەموو پارەیەت لە کوێ بوو؟

**پیربال:** تۆ لە کوێت بوو ، منیش لەوێ؟

**هەڵکەوت:** یانی تۆش لە گروپی نیوە بە نیوەکانیت؟

**پیربال:** بۆ من غەشیمم وەکو تۆ بکەم!

من لەسەرەوەڕا بەوانم گوتووە نیوە بە نیوە،

بەڵام لە بنەوەڕا سێ بەش بەیەك بەشم!

**هەڵکەوت:** چۆن؟! من تێ ناگەم!

**پیربال:** كورە، بایزمەسەلەكەی تێ بگەیەنە؟

**بایز:** هەڵكەوت، من و بایز پێش ئەوەی قازانجەكەمان دابەش بكەین،

بەشی ماندووبوونی خۆمانی لێدەردێنین،

ئەوەی دەمێنێتەوە، هەر كەسە لەگەڵ بەرپرسە برادەرەكەی

خۆمان نیوە بە نیوەی دەكەین.

**هەڵكەوت:** ئەدی نایزانێت؟

**بایز:** كورە زانینی چی هەر باسیشی ناكەن!

خۆ پشتیان بەو پارەیە نەئێشاوە،

هەمووی موڵكی ئەو میللەتەیە و دزیوویانە!

**هەڵكەوت:** باشە ، ئەگەر هاتوو رۆژێك زانیان؟

**بایز:** چۆن دەیزانن، ئەوانە ئەوەندە پارە و سامانیان هەیە حیسابیان

لێ تێكچووە! با پێت بڵێم ، هەڵكەوت، ئەوێ رۆژی چووم بەشی

بەرپرسەكەی هاوبەشمم برد. شتێكی ئەوەندە سەیرم بینی

، هەر وەخت بوو

دڵم رابوەستێت!

**هەڵكەوت:** دە توخوا پێم بڵێ چیت بینی؟

**بایز:** پیربال پێ ی بڵێم؟

**پیربال:** بۆ پێ ی ناڵێیت، خۆ ئەویش وەكو خۆمانە؟

**بایز:** دەباشە واپێت دەڵێم: بڵێ چیم بینی!

كە گونیە پارەكەم برد بۆ هاوبەشەكەمان،

كەس لەماڵ نەبوو، وا دیار بوو مەست بوو و كەمێك بەلادا دەهات.

**هەڵكەوت:** ئێ! ئینجا ئەمە چی سەیری تێدایە، هەمووومان دەخۆینەوە.

**بایز:** كورە خۆ ئەوە مەسەلەكە نیە، هەی مێشك پووچ؟

**هەڵكەوت:** ئەدی مەسەلەكە چیە؟ دەزووكە، بایز تەقم كرد؟

**بایز:** وە كو گوتم كە گونـ یە پارە كەم پـ ێی دا، دەر گای ژوورێ كی بۆ كردمەوە و گوتی:

(( تەماشاكە، بایز، تەماشا كە، تو خوا من گوناه نیم.))

منیش پێم گوت : (( گەورەم ، ئەویّ تاریكە و هیچ نابینم!))

كە گلۆپی پێكرد بڵێ چیم بینی؟!

**هەڵكەوت:** كورە ، بە خوا دیقت پێ كردم ، چیت بینی؟

**بایز:** سەرەتا باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەكرد،

ڕێز ڕێز تا بنمیچی ژوورەكە، هەموو ناو ژوورەكە پڕ بوو لە توورەكە لیرەی پاكیزە! سەر زەویەكەش هێندە لیرەی لێ ڕژابوو نەمتوانی بیانژمێرم، چونكە كابرای بەرپرس هەر دەیگوت: (( تو خوا من گوناه نیم؟))

منیش لێم پرسی: (( گەورەم بۆ وادەڵێیت؟))

وەڵامێكی وا سەیری دامەوە هێندەی تر تاسام.

**هەڵكەوت:** دەتوخوا پێم بڵێ چی گوت؟

**بایز:** بە خوای ئەوە بڤەیەو ناوێرم بیڵێم؟

**هەڵكەوت:** بە و خوایەی پێم نەڵێیت، تا ماوم قسەت لەگەڵ ناكەم؟

**بایز:** ئەویشی پێ بڵێم ، پیربال؟

**پیربال:** كورە، مەترسە هیچ نابێ،

ئەویش وەك خۆمانە.

**بایز:** بڵێ بەشەرەفم بۆ كەسی ناگێڕمەوە، كورە هەڵكەوت ئەوە زۆر بڤەیە؟

**هەڵكەوت:** بەشەرەفم لای كەس باسی ناكەم.

**بایز:** دەزانی چی گووت؟

**هەڵكەوت:** ئەگەر بمزانیبایە لە نامەردێكی وەك تۆ نەدەپاڕامەوە و ئەو هەموو بەشەرەفەشمم نەدەگوت تا پێم بڵێت؟

**بایز:** ئاخر دەزانی چی گوت؟

**هەڵكەوت** ( یەگجار توورە دەبێت): كورە گوتی قوزەڵقورت؟ چی گوت؟

**بایز:** گوتی: (( دەزا نی ئەوا نەی سەرەوەی خۆم غەدرم لێدە كەن و هەقی من دەخۆن. چونكە ئەوە ندە پارەی من هە مە ناكا تە یەك لە هەزاری پارەكەی ئەوان!))

منیش لێم پرسی: ((بەراستتە؟))

ئەویش گوتی : (( زۆریش بەراستمە.))

منیش لەگەڵ ئەو دەستم كرد بە گریان.

**هەڵكەوت:** باشە ئەوە زانیمان ئەو لەبەر مەغدووریەتی خۆی دەگریا، ئەدی تۆ بۆچی دەگریای؟

**بایز:** هەی گەوجە ، من لەبەر ئەوە دەگریام چونكە ئەوسا تێگەیشتم چەند كەربووم، ئەو هەموو ساڵە ئە گەر مـنیش ئا قڵ بووام بۆ خۆم ئێستا نیوەی وڵاتم دزی بوو؟

**هەڵكەوت:** بۆ ئێستا كەمت دزیووە؟

**بایز:** هەی كەرە، ئەگەر ئەو پارانەی من بینیم تۆ بتبینبووایە، دەمێك بوو لە شێتخانە بوویت!! پەكو چەند زۆر بوو!!

( شاتۆ تاریك دادێت)

# دیمەنی سێیەم

( کاتێك هەر سێ برادەر خەریکی خوارد نەوەن، خەیاڵی چەند کیژۆڵە یەك بە پشت پەردە یەکی توو لدا رەت دەبێت. بە دەم مەی خواردنەوەوە دەکەونە قسە و نوکتە گێڕانەوە بۆ یەکتری )

**هەڵکەوت**( روو لە هەردووکیان دەکات): بە خوا نوکتەکەی تۆ زۆر بێتام بوو، توخوا ئەمەش نوکتە بوو؟

**پیر باڵ**( بە خۆگیف کرد نەوەوە): دەبا شە بابزانم، نوکتەی تۆ چۆن چۆنی دەبێت؟

**هەڵکەوت** ( بەبڕوا بەخۆبوو نەوە): من نوکتە یەکی را ستەقینە دەگێڕمەوە کە بەچاوی خۆم بینیوومە؟

**بایز:** دەبیگێڕەوە، بزانین بەتامە یان نا؟

**هەڵکەوت:** دە ساڵ لەمەو بەر ئەوکاتەی لە بازاڕەکەی ناو شار خەریکی ئاوفرۆشتن بووم، شتێکی زۆر سەیرم بینی کە دەتوانم بڵێم هەر ئەوەبوو بووە هۆی ئەوەی واز لە ژیانی کۆنم بهێنم و وێژدان بخەمە ژێر پێوە؟

**پیرباڵ:** بڵێ، ئاوا؟

**هەڵکەوت:** بەڵێ واتریش! بە سەرهاتەکە لە نێوان پیرەمێردێکی لادێ یی و یاساوڵێك رووی دا. کابرای پیرەمێردی نەگبەت هات و

كەر و عەرەبانەكەی لە سەر شەقام راگرت یا ساوڵەكەش وەكو قیڕ و بنێشت پێیەوە نووساو لێی نەبۆوە. دوای هێن و من هێنێكی زۆر بە بڕە پارەیەك یاساوڵەكە وازی لێ هێنا. كابرای پیرەمێرد چووە لای سەرۆكی یاساوڵان و سكاڵای لە یاساوڵەكە كرد. دەزانن سەرۆكی یاساوڵان چی كرد؟

**بایز:** چی كرد؟

**هەڵكەوت:** گوتیە پیرەمێردەكە ، ئادەی وەرە لام. پیرەمێردی نەگبەتیش وایدەزانی پارەكەی بۆ وەردەگرێتەوە. كە چووە لای سەرۆكی یاساوڵان ، كاكی سەرۆك تێی راخوڕی: (( قەت شەرم لەو ریشە سپیەی خۆت ناكەیت؟))

پیرەمێرد گوتی: (( بۆ گەورەم؟))

سەرۆكی یا ساوڵان گوتی: (( چونكە، تۆ گە ندەڵیت، تۆ تاوانباریت و دێیت سكاڵا لە یاساوڵان دەكەیت!))

كابرای پیرەمێرد بە سەر سوڕمانەوە پر سی: (( بۆچ من تاوانبارم؟ ئەو بەزۆر پارەی لێ سەندم))

سەرۆكی یاساوڵان گوتی: (( دەی هەفتەیەك ئەم پیرەمێردە و كەر و عەرەبانەكەی بخەنە زیندانەوە، چونكە هەم سەرپێچی لە یاسای شارەكەمان كردووە و هەم یاساوڵان بەدناو دەكات!))

ئەو سا پیرەمێرد ما بپاڕێتەوە تا نەیگرن، بە هەزار تكا و ناورانەوە تا لەدەست سەرۆكی یا ساوڵان رزگاری بوو. بە مە دەڵێن بۆ ریش چوو سمێڵیشی نایە بانی!! ها ها ها !!

**پیربال:** من شتی لەمە سەیرتر دەزانم.

**بایز:** دەبیلێ، پیربالْ بیلێ؟

**پیربالْ:** دەزانی هەندێك وڵات هەن تەنها كەسانی فاشیل دەكەنە شالیار و دەسەڵاتدار؟

**هەولكەوت:** ئێ قەی چیدەكا، بەلكو ئەوانە لە تاقیكردنەوەی فاشیلی دا بە یەكەم دەرچووبن؟

**پیربالْ:** نەخێر نەتزانی وانەبوو؟

**هەلكەوت:** ئەی چۆن بوو؟

**پیربالْ:** لە وڵاتی ئەو دەوروبەرەی خۆمان شوێنێك هەیە پێی دەلێن كو چەی قاچاغ چیان، لەوێ هەر چی كەسانی فاشیل هەن بڕوانامە بۆ خۆیان و مندالەكانیان دروست دەكەن، لێرەش دەچنە پاڵ لایەك و كوێیان بوێت لەوێ وەردەگیرێن!

**هەلكەوت:** كورە، دەلێن زۆربەی بڕوانامەكانی وڵاتە سۆشیالیستەكانیش بە بووتلە وێسكی و جگەرەی كێنت و بنێشت كڕاون؟

**بایز:** پێوە مەنێ! كەی شتی وا هەیە؟

**هەلكەوت:** بە قەبری ئەو باوكە حەمبالانەمان وایە؟

**بایز:** چۆن، تێم بگەیەنە؟

**هەلكەوت:** بەرپرسان بۆ خۆیان و مندالەكانیان هەروا دەكەن، هەر دەریشچوون پۆستی بەرز بەرز وەردەگرن!

**بایز:** ئینجا ئەم تڕەكەلەكەیە چۆن سەردەگرێت؟

**هەلكەوت:** سەر دەگرێ و زێتریش! چونكە ئەو وڵاتانە پیویستیان بە مرۆڤی زیرەك و بەتوانا نیە، دوژمنی مرۆڤی زیرەكن و بۆیە

دەیانخە نە ژێردە ستی مرۆ ڤە نەزا نەکان تا بەمجۆرە سزای زیرەکەکان بدەن.

**بایز:** ئینجا ئەمە وڵات بەرەو دواوە دەگێڕێتەوە؟

**هەڵکەوت:** هەی بێ ئەقڵ ! ئەی دە تەوێت وڵات بەرەو پێش بـچێت و شوێنی کەسانی وەك ئێمە نەمێنێتەوە؟!

**پیربال:** کەواتە ئەمە سیاسەتە نەك میزاجی تاکە کەس؟

**هەڵکەوت:** دەق وایە!

**پیربال:** ئەوە هەر لێرە وایە؟

**هەڵکەوت:** هەی گەوجە، ئە مە سیا سەتی وڵا تانی ئەفریقیا و سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، خراپەکان دەبێت چاکەکان بەدەربنێن!

بۆ یەش من برِ یارم دا زوو گە ندەڵ بم ، تا بە شتێك رابـگەم. توخوا باشم نەکرد؟

**پیربال:** بەرێوەڵا، ئەگەر گەندەڵ نەبووایین ئێستاش پـشتمان لەبن باری گران رزی بوو. ها ها ها !!!

( لەگەڵ دەنگی هەرسێکیان پێکەوە پەردە دادەدرێتەوە)

## دیمەنی چوارەم

( رو ناکی دەکەوێ تە سەر ما ڵە پەڕپووتە کەی هەڵۆ. هەڵۆ لە سەر نی ندەرێکی کۆن بەدیار مەقەڵە یەك رەژووەوە دانی شتووە، لە بەر چرایەکی کز خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکە و هەر کۆخە کۆخیەتی)

**هەڵۆ:** ئای لەو ژیانە بەدبەختەم!
بەشەو خەریکی خۆرۆشنبیرکردنم و
بەرۆژیش خزمەتکردنی ئێوە!
کەچی هێشتاش تێر بەسکی خۆم ناخۆم و
سەیری ماڵ و حاڵم بکەن
رەنجی فەرهاد دەدەم و ماڵم دەڵێ ی ماڵی قەرەجانە!
**دەنگێك:** بەڵام تۆ وێژدانت ئاسوودەیە!
نەماڵی خەڵکی دەخۆیت و
نە وەکو کەسانی تر وڵات وێران دەکەیت !
**هەڵۆ:** بەچی دەچێت؟
نەکارەبام هەیە، نە نەوت!
وا لەسەرمان دەلەرزم،
رۆژانە تەنها ژەمە خۆراکێك دەخۆم،
ئەویش نانە رەقە و بەس!
خودایە ، بۆ نامکوژیت و زوو رۆحم بکێشیت؟
**دەنگێك:** دە باشە بۆ بەم ژیانە رازیت؟
تۆش وەکو هەڵکەوتی جمکەت
دەتتوانی روخساری خۆت بگۆڕیت و
ببوایت بە پیاوی ناو پیاوان!
**هەڵۆ:** بەڵێ دەمتوانی، ئێستاش دەتوانم ببمە پیاوی ناپیاوان،
بەڵام چی لە وێژدانم ، بیروباوەڕم ، مرۆڤایەتیم بکەم!

خۆزگە منیش کەسێکی هەستمردوو بووام وەکو زۆر بەی خەڵکی ئێرە

ئەوسا لەوانیش دەسەڵاتدارتر دەبووم!

بەڵام کە بیر دەکەمەوە،

دەزانم ژیان گەشتێکی کورتە و سەرەنجام هەر کۆتایی دێت،

لەلای من مرۆڤی مەزن ئەو کەسەیە کە وێژدانی ئاسوودەیە و

خشتێك دەخاتە سەر تەلاری شارستانی و مرۆڤایەتی،

دڕندەش ئەوا نەن ئەو تەلارە جوانا نە ت ێك دەدەن و خ شتەکان دەفرۆشنەوە.

ئەوا نەن وە کو مۆرا نە کەلتوور و شار ستانی مرۆڤا یەتی بن کۆڵ دەکەن.

نا گەندەڵ نابم!

با هەر بە مرۆڤی بمرم!

نەك بە گەندەڵی و دڕندەیی!

( سەرشانۆ تاریك دادێت)

# دیمەنی پێنجەم

(ئێ ستا هەڵ کەوت لە ناو ئۆفی سی میردا یە، لە بەرام بەر میر خۆی دەچەمێنێتەوە و بە چۆك داد ێت و دە ستەکانی ماچ دە کات. میر بە ب ێزەوە تەما شای شوێنی ما چکردنەکە دە کات و بە پ شتی دە ست

نیشانەی بۆ دەکات بچێتەوە شوێنی خۆی. هەر کە هەڵکەوت ئەم جوولانە دەکات، هەڵۆ لە کونی ناوبڕەکەوە تەماشای دەکات و هێلنج دەدات و ڕشانەوەی دێت. کە هەڵۆ رشانەوەی دێت، هەڵکەوتیش دەست بەسگی خۆی یەوە دەگرێت، وەکو نیشانەی هەست بە ئازارکردن)

**هەڵکەوت:** گەورەم من هەمیشە خەون بە ئێوە و باب و باپیرانی ئێوەوە دەبینم!

شەو و رۆژ هەر لە بیری ئەوەدام ئێوە دڵخۆش بکەم،
وەکو پێشەکیەکیش بۆ ئەم خۆشەویستی و دڵسۆزیەم بۆ
ئێوە، ئەمشەو من و سەدان پەری لە ماڵی خۆمان لە
خزمەتت دادەبین و دەمەوێت سوورترین شەو لە ماڵی من
بەسەر بەریت!

( میر بەبێ دەنگی دەست دەخاتە سەر شانی وەکو پەسەندکردنی قسەکانی و لە پڕ پەردە دادەدرێتەوە و کە پەردە هەڵدەدرێتەوە بەزم و هەرا و خواردنەوەیە لە ماڵی هەڵکەوت)

**هەڵکەوت:** گەورەم ، من ئەوانەم بەتایبەتی بۆ تۆ لەو سەری وڵاتەوە
هێناون!
دەزانم چەن حەزت لەو بەزمەیە!
بۆیە دەمەوێت ئیمشەو تا بەیانی خزمەتت بکەین.

**میر** ( پەرداخێك مەی بەدە ستەوەیە و سەرخۆ شە. بەدەم مەی هەڵقوڕاندنەوە):

ئافەرین، كوڕی چاك ئافەرین!

بەڕاستی شەوێكی خۆشە، (فڕێك لە مەیەكە دەدات)

نازانم چۆن پاداشتت بدەمەوە؟ (فڕێكی تر لە مەیە كە دەدات)

هەر دەم بـ كەوە (نز گرەی د ێت) ئەوەی بـ تەوێت دەتـ كەم بەو كە سە، چ پـ لە و پایە یەكت بۆ ێت ( بە ز مان خواربوو نەوە) چ سەروەت و سامانێك،

بیلێ ، كوڕی چاك بیلێ!

**هەڵكەوت:** ئەی پایەبەرز، ئەی خاوەن شكۆ،

خودا سێبەری تۆمان لەسەر لانەبات،

لەسای سەری تۆوە لەهیچم كەم نییە!

**میر:** شەرم مەكە كوڕم (مەی دەخواتەوە) شەرم مەكە.

**هەڵكەوت:** ئاخر دەترسم ، پێت زۆر بێت!

**میر:** تۆ شایەنی هەموو شتێكی،

هەرچی تۆ بتەوێت دەتكەم بەو شتە!

**هەڵكەوت:** دەمكەیتە شالیار؟

**میر:** دەتكەم، بەلآم شالیاری چی، چونكە هەموو وەزارەتەكانمان شالیاریان هەیە؟

**هەڵكەوت:** شالیاری .... شالیاری .... شالیاری .... هەوا و تیشكی خۆر!

**میر:** بۆچیتە؟ ئەم شالیاریەتیەت پولێك قازانجی بۆ تۆ نابێت؟

**هەڵكەوت:** نەخێر ، گەورەم!

تۆ بمكە شالیاری هەوا و تیشکی خۆر، مەرج بێت نە یەڵم
كەس بەبێ كڕینی بوتڵی هەوا و تیشكی خۆر
لەم وڵاتەدا بژیت!

**میر:** تێم بگەیەنە، چۆن؟

**هەڵكەوت:** رەشماڵێكی تەم و دوكەڵ بەسەر وڵاتدا پەرت دەكەم،
ئەوسا خەڵكی ناچار دەكەم هەوای پاك و تیشكی خۆرم لێ
بكڕن، ئەگەر لێشم نەكڕن، تەم و دوكەڵ ناڕەوێنمەوە و
هەموویان لە بێ خۆری و بێ هەواییدا دەمرن!
ئەوسا بە هەر نرخێكی بمەوێت هەوا و تیشك دەفرۆشم و
سەرەنجام دەبمە دەوڵەمەندترین كەسی وڵات.

**میر:** بەخوا ژیریت!! ئەوەندە مێشكەی لەپەنجەی پێ ی تۆدا هەیە
لەسەری هیچكام لە شالیارەكانی ترم دا نی یە!
نازانم چۆن بوو بەخۆم بیرم لە شتێكی لەو بابەتە نەكردۆتەوە؟
بەڵام چونكە بیرۆكەكە هی تۆیە
(قومێكی درێژ لە مەیەكە دەدات و پەرداخەكە فڕێ دەدات)
تۆش خۆمانەیت و خیانەتم لێ ناكەیت ، دەباشە وادەتكەم بە
شالیاری (هەوا و تیشك) بەڵام بە نیوەییمان، رازیت؟

**هەڵكەوت:** بەڵێ رازیم و سوپاسیشت دەكەم!

(پەردە دادەدرێتەوە)

## دیمەنی شەشەم

( هەڵۆ زۆر كز و مەلوولتر لەجاران لە كونجەكەی خۆیدا پاڵكەوتووە و هەر هاوار و ناڵە و كۆخە كۆخیەتی. ئێستا كونجەكەی زۆر لەجاران تاریكترە و خۆی لەجاران بێ بەرگترە و دەلەرزێت و چۆقە چۆقی ددانی دێت.)

**هەڵۆ:** نازانم ئەم ستەم و زۆردارییە كەی كۆتایی دێت؟

تاكەی ئێوە راناپەڕن؟

زوڵم و زۆریش رادەی هەیە!

گەندەڵی گەیشتە ئەوپەڕەكەی،

كێڵگە و باغەكان، گرد و شاخەكان،

جادە و شەقامەكان، كۆشك و تەلارەكان،

لاڕێ و گۆڕەپانەكان، رووبار و چۆمەكان،

كارێز و كانی و سەرچاوەكان،

كانزا و كانەكانی ژێر زەوی

فرۆشران، داگیركران، تالانكران!

وا لەمەودوا هەوا و تیشكیشیان داگیر كرد.

هەر هیچ نەما،

لەمەودوا دەبێ چوار وەرزەی ساڵ كار بكەین،

بۆ كڕینی هەوا، بۆ كڕینی تیشك!

ئەگینا لە بێ هەوایی و بێ تیشكی دەمرین.

مرۆڤ چەند رۆژێك بێ نان دەژیت،

چەند رۆژێكیش بەرگەی بێ ئاوی دەگرێت،

بەڵام لە چەند خوولەكێك پتر بێ هەوا ناژیت.
ئاخ! توانام نەما، بڕستم بڕا،
وا گشت پارچەكانی لەشم دەلەرزن،
پاك و بێ گەردەكان یان بوونە رەوە پەڕەسێلكەیەك و هەڵوەرین،
یان بوونە پۆلێك كۆتر و هەڵفڕین
پیس و گەندەڵەكان سەرەتا وەكو مشك بوون،
ئا ئێستا هەریەكەیان بوونەتە دێوێكی مرۆڤخۆر،
كەس ناوێرێت لە بەرامبەریان بڵێت "لەل"،
زمانی لە گوێچكەی دەردێنن، ملی وەكو چۆلەكە دەپسێنن.
تاقە رێگای مانەوەش لێرە گەندەڵی یە و بەس!!
منیش وا خەریكە دڵم بۆ ئەوان لێدەدات،
واباشە منیش ببمە گەند .....

**دەنگێك:** نا، هەموو كەس گەندەڵ بێت ، تۆ نا
بزانە، هەر تۆ نیت وا بە پاكی ماویتەوە،
هەزاران كەسی وێژدان زیندووی وەكو تۆ،
گڕ و بڵێسەی رق و كینە وا لەناخیاندا دەجۆشێت!
هەر بزانە كانی رقەكان تەقینەوە و یەكیان گرت،
ئەوسا لافاوی رق و تۆڵە گەندەڵەكان نغرۆ دەكات.

**هەڵۆ:** ئاخر كەی ئەم رۆژە دادێت؟
ئێمە دەمرین و ئەو رۆژە نابینین!

**دەنگێك:** چاوەڕوان بە! زۆر نزیكە، زۆر!

( پەردە دادەدرێتـەوە)

## دیمەنی حەوتەم

( هەڵكەوت لە سەر مێز ێك دانی شتووە و بازر گان دەورە یان داوە. سەر مێزەكەی پڕە لە بوتڵی سپی و گلاسی تی شكدار. بوتڵە سپیەكان بوتڵی هەوان و گلا سە بری قەدارەكانیش تی شك و وزەن كە هەڵ كەوت بازرگانیان پێوە دەكات.)

**هەڵكەوت:** ئادەی پارەكانتان بێنن و لەسەر ئەو مێزەی دابنێن!
بۆ هەر بوتڵێكی هەوا پەنجا لیرەی زێڕ و گلا سێك تی شك بە سەد لیرە! بەم دووە هەفتەیەك تەمەنتان درێژ دەبێتەوە!

**بازرگان:** گەورەم ، من دەمەوێت مامەڵەیەكت لەگەڵ بكەم.

**هەڵكەوت:** مامەڵەی چی؟

**بازر گان:** من بە تەمام هەر چی بوتڵی هەوا و گلا سی تی شك هە یە بفرۆشیتەوە من، بەڵام بەیەك مەرج؟

**هەڵكەوت:** مەرجەكەت چی یە؟

**بازرگان:** بەو مەرجەی تۆ هەقت بەسەر ئەوەوە نەبێت من بە چەندی دەفرۆشمەوە.

**هەڵكەوت:** با پرسێكی سەرەوەی خۆم بكەم؟

**بازرگان:** دەفەرموو، قوربان؟

**هەڵ كەوت** ( دەخزێ تە پەنایە كەوە): ئەرێ جەناب، راز یت من
بازرگانیەكی وا بكەم؟ رازی نیت؟ بۆ؟ گەورەم قازانجێكی زۆر
دە كەین و كە سیش ناوی ئێمە بەخرا پە ناهێنێت؟ بەڵێ؟
دەتەوێت لە قازانجەكەی ئەویش نیوە بە نیوە بیت؟
باشە، باش! تێ ی دەگەینم!

**بازرگان:** ها؟ چی گوت؟

**هەڵكەوت:** گوتی، رازیم بەمەرجێ قازانجمان بەنیوەیی بێت؟

**بازرگان:** بۆ بە نیوەیی بێت؟ نابێ بە سێ یەك بێت؟

**هەڵكەوت:** ئەو هەرگیز بە سێ بەیەك لەكەس رازی نابێت.
ئەگەر دەتەوێت پێك بێین، لەسەر ئەوە رەزای خۆت گران
مەكە!

**بازرگان:** ئاخر پارە هی من ، ماندووبوون هی من،
ئەو چی كردووە تا من نیوەی پێ بدەم؟

**هەڵكەوت:** ئێستا چیتر مەڕێسە، ئەگەر رازیت وەرە پێش، ئەگەر رازیش
نیت، برۆ.

**بازرگان:** گەورەم ، رازیم و هەزار خێریش لێكتر ببینین.

( پەردە دادەدرێتەوە)

## دیمەنی هەشتەم

( هەلۆ لە سەر شەقام پاڵکەوتووە و خەون دەبینێت. لەخەویدا یە کە لەناو بازاڕدایە و دەیان کەسی تری وەکو ئەو کە هەمان جۆرە پۆشاکیان لەبەردا یە لەو ناوە کەوتوون و کەس جوو لەی لێوە نا یەت. لەپڕ کابرایەکی چوارشانە دێت و هەموویان دەخاتە ناو نایلۆنی زبڵ و بەرەو گوفەکی دەرەوەی شار پەلکێشیان دەکات. لەو خەوەدا لەپڕ بەخەبەر دێتەوە و لە شوێنەکەی دەردەپەڕێت و چاو بەملاو ئەولادا دەگێڕێت و دەبینێت هەرچوار دەورەی پڕخەڵکە بۆیە سەری لێ دەشێوێت و نازانێت خەوە یان راستیە و هاوار دەکات.)

**هەلۆ:** ئەم شەوگارە چی یە بەسەر ئەم وڵاتە داهات؟

تەم و دوکەڵ ئاسمانی وڵاتی بەتەواوی پۆشیوە!

وا هەموومان گیان دەدەین، دەمرین!

کەس بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە! نازانم چی بکەین؟

(روو دەکاتە لاشە درێژبووەکان)

ئەرێ ئێوە مردوون یان زیندوون؟

ئەرێ بۆ کەس نابزوێت؟

ئەگەر مردوون خوا لێتان خۆش بێت،

ئەگەر زیندوون ئەو بێ دەنگیەتان لە چی یە؟

(لە گەڵ ئەم قسانەی هەلۆ کە سەکانی تەنیشتی یە کە یە کە زیندوو دەبنەوە و هەریە کەی دەبنە فەلا مەرزێك و دارو بەردی ئەو ناوە بە سەریەکدا دەرووخێنن، شەقامەکە تێك و پێك دەدەن و خە پەنگی دوکانەکان دەشکێنن. بەرەو لای دیوارە ناوبرەکەی نێوان ماڵی هەلۆ و

ئۆفیسە نازدارەکەی هەڵکەوت دێن و بە پاچ و بێڵ دەیڕوخێنن. کورسی و مێز و قەنەفە و تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر و هتد بە سەریەکدا وەردەگێڕن. پاش دەمێکی تر دەکەونە دوای هەڵکەوت. ئەویش بەرەولای ماڵی هەڵۆ رادەکات و لەپڕ دەکەوێتە باوەشی هەڵۆ. لە هەڵۆ دەپاڕێتەوە کە بیپارێزێت.)

**هەڵۆ:** ئەوە بۆ وا پەشۆکاوی ، هەڵکەوت؟

**هەڵکەوت:** ببینە، ببینە! ئەو هەموو خەڵکە بەدوامەوەن بۆ کوشتنم؟

**هەڵۆ:** ئاخر لە خراپی خۆتە؟ کەس هەیە بیری لەوە کردبێتەوە هەوا و تیشك بفرۆشێت؟

**هەڵکەوت:** واز دێنم ، بەخوا وازدێنم، بەس ئەو خەڵکەم لەکۆڵ بکەوە؟

**هەڵۆ:** تازە من چیم بۆ تۆ پێدەکرێت؟

**هەڵکەوت:** سوێند دەخۆم بەخودا، بە پێغەمبەر، بە هەموو شتە پیرۆزەکان، بەس ئەو جارە رزگار ببم، واز لە هەموو کارێکی گەندەڵی دەهێنم!

**هەڵۆ:** باوەڕ ناکەم! ئێوەی گەندەڵ نە خاوەن وێژدانن و نە مرۆڤایەتی. ئێوە ئافاتێکن تووشی ئەو میللەتە بەسەزمانە هاتوون،
ئێوە زێروو و گەنەن و لەسەر خوێنی ئەو میللەتە دەژین.
ئەوەندە پیسن بە هەرچی تایبەت و شامپۆی دونیا هەیە خاوێن نابنەوە.

**هەڵکەوت** ( خۆی لە پەنای هەڵۆ دەنێت و دەلەرزێت کاتێك خەڵکە تووڕەکە دەیانەوێت هەڵکووتنە سەری): هەڵۆ گیان باوەڕم پێ

بكە، تەواو! تۆبە! هەر ئەوجارە دەربازم بكە ئیتر بڕای بڕ كاری وا ناكەم.

**هەڵۆ:** دەباشە، بەیەك مەرج؟

**هەڵكەوت:** سەد مەرج؟ بیڵێ ئامادەم.

**هەڵۆ:** پەیمان دەدەیت ببیتەوە مرۆڤەكەی جاران؟

**هەڵكەوت:** پەیمانی پیاوان!

**هەڵۆ:** دەكەوا تە ئەو جلە سەیرانەت داكە نە و وە كو ئێمە ما نان جل بكەبەر!

( لێرەدا هەڵكەوت جلە گرانبەهاكان فڕێ دەدات و جلێكی هاوچە شنی ئەوان لە بەر دە كات و دە چێتە پاڵ هەڵۆ و لە گەڵ ئەو دەبێ تەوە بەهەمان كەسی دیمەنی یەكەم بەر لە كەرتبوون. هەر لە هەمان ساتدا هەردوولای شانۆ دەبنەوە یەك پار چە و ە كو شانۆكەی د یمەنی یە كەم. دوای ئەوە سەر شانۆ گوڵ باران دەكر ێت و هەڵۆ لەناو گوڵەكا ندا ون دەبێت.)

(كۆتایی)

(3)

# نەورۆزی ئازادی*

میژووی نووسینی ئەم شانۆییە: 2007/2/27

* ئەم شانۆیی یە سەر لە ئێوارەی 20 /2007/3 بە ئامادەبوونی زیاتر لە 2000 کەس لە گۆڕەپانی (پارکی منارە) لە هەولێر نمایشکرا .

**<u>کارێکتەرەکان</u>**:

**زاگرۆس**: کوڕی کاوە

**کوێستان**: دەزگیرانی زاگرۆس

**موکریان**: کوڕی پیر شاوەندی زەردەشتی

**بۆتان**: ئامۆزای زاگرۆس

**گەرمیان**:پوورزای موکریان

**سۆران**: خاڵۆزای بۆتان

**هەورامان**: خزمی گەرمیان

**بابان**: خزمی موکریان.

**کاوە**: ئاسنگەر

**پادشا**: زوحاکی زۆردار

**وەزیر**

**پاسەوان (1)**

**پاسەوان (2)**

**پاسەوان (3)**

**پاسەوان (4)**

**پاسەوان (5)**

**پاسەوان (6)**

**پاسەوان (7)**

**چوار ئەسپ سوار**

**دەرگاوانی پادشا**

**جاڕچی**

**جەللاد**

**زەندێ:** خوشکە (10) ساڵانەکەی زاگرۆسە.

**میدیا:** خوشکە (12) ساڵانەکەی زاگرۆسە.

**دایکێك :** ژنی کاوەیە.

**سێ کەسی گاڵتەجاڕ**

# نەورۆزی ئازادی

## تابلۆی یەکەم
## (وڵاتێکی ئاسوودە)

( هەموو جوولەکان بەدەنگی نزم ئەنجام دەدرێن و دەنگەکان دەبێتە غەڵبەغەڵب)

ناوبازاڕی شارۆچکەیەکی چیایی یە کە لە چوارڕیانێکدا هەڵکەوتووە. وەختی پێش نیوەرۆیە، خەڵکی خەریکی کاروکاسبی خۆیانن. هەندێکیان لە سووچێکدا ماست و هێلکە و هەنگوین دەفرۆشن، هەندێکیان رێواس و هەندێکی تر قوڕادە و هەندرێشە و قەلەندۆر و ئەسرێلك و پیفۆك و ترشۆکە وگێلاخە و گۆرمزە و کاردی و کەنگر و تۆڵکە و کووزەڵە و پەڵپێنە، هەندێکی تر گوڵی نێرگز و هەڵاڵە و مێلاقە و شلێر، هەندێکیان کر و قوماشی کوردەواری،هەندێکیان شمشێر و خەنجەر و تیر و کەوان و هەندێکی تر زرێ و مەتاڵ. هەندێکی تر قاڵی و بەڕە و مافوور، هەندێك کڵاشی هەورامی و بەلەك پێچ و کڵاوی کوردەواری. هەندێکیان شمشاڵ و تەپڵ و دووزەلە و بلوێر، هەندێکیان

گۆزە و جەڕە و شەربە و كووپە. هەندێك شەربەتی هەنار و ترێ و مێكووك، هەندێكیان سجووق و باسووق و نوقڵ و گوێز و مێوژ و بادام لەسەر سینی دەگێڕن. هەندێكیان مامز و ئەسپ و مایین و جوانەگا، هەندێكی تر باز و كەو وسوێسكە و هەوێردە و پۆڕ وكۆتر، هەندێكیان كەروێشك و سمۆرە و ڕێوی ، هەندێكیان بارەدار و هەندێكی تر نێر و هەوجاڕ، هەندێكیان گۆچان و هەندێكی تر قەلنە.

بازاڕ گەرمە و هەڵلایە، كیژۆڵە بەدوای دەسرۆكە وگوارەو پاوان و بازن و خڕخاڵ و مێخەكبەند و ملوانكە و لاگیرە و ژێرچەنەن و گوارە و مت و مۆروو دادەگەڕێن، منداڵان بەدوای فڕفڕۆك و كۆلارە و دارلاستیك و بەردەقانی و تۆپی چەرمین و كەلابەرد. گەنجانیش بەدوای تیر و كەوان و زرێ و مەتاڵ و پێڵاو و بەلەك پێچ و كڵاوی كوردەواری دا وێڵن. پیرەمێردەكانیش بەدوای گۆچان و قەلنە.

# تابلۆی دووەم

## (ترس و تۆقاندن)

( هەموو قسەكان بەچرپەوە دەكرێن جگە لە قسەكانی جاڕچی)

هەرهەمان چەقی بازاڕە. لە هەر چوارڕیانەكەوە ئە سپ سوار دەرژێ نە ناو شار و بەرەو چەقی بازار د ێن. سەرتاپای لە شیان رەشپۆ شە وخە نجەریان لەبەركەمەردا یە و بەشم شێری روو تەوە لەم سەری بازارەوە دەچنە ئەوسەری بازار. چەند جار ێك بەناو خەڵكە كە د ێن و

دەچن و شمشێرەكانیان هەڵدەشەقێنن و بە رق و كینەوە لە خەڵكەكە دەڕوانن ، ترس و تۆقین لە سەر دەم و چاوی ژن و مندا ڵەكان بەدی دەكرێت. منداڵەكان خۆیان لە پەنا دایكیان دەشارنەوە و بەلا چاوێكەوە دەڕوانن ئەو ئەسپ سوارانە. بازار بە تەواوی راوەستاوە و جاڕچی بەدوای ئەسپ سوارەكانەوە دێت و جاڕنامە كەی بەناو شاردا بڵاودەكاتەوە لەگەڵ لێدانی تەپڵ دوای هەموو ڕستەیەك.

**جاڕچی:** ئەی خەڵكینە، باش گوێ بگرن (دم ددم دمدم)

فەرمانە فەرمان ..... فەرمانە فەرمان ! (دم ددم دمدم)

فەرمانی پادشای شكۆدار و پابەبەرزمان. (دم ددم دمدم)

فەرمانێكە و دەبێت بەدڵ و گیان جێ بە جێ بكرێت.

(دم ددم دمدم)

پاشای مەزنمان تا تەمەن درێژتر بێت بۆ خزمەتی گەل و وڵات،

(دم ددم دمدم)

پێویستی بە قوربانی زێتری ئێوەیە. (دم ددم دمدم)

جا پێویستە هەموو ماڵێك چ كوڕە گەنجێكی ماوە،

(دم ددم دمدم)

بیكاتە قوربانی بۆ پادشای خوانادوومان (دم ددم دمدم)

ئەوەی بێ كوڕە گەنجیشە (دم ددم دمدم)

دەبێ كچە گەنجەكانیان بكەنە كەنیزەی پادشامان!

(دم ددم دمدم)

ئەم فەرمانەی پادشای مەزن یەگجارەكی یە و(دم ددم دمدم)

بەهیچ شێوەیەك رەتكردنەوەی بۆ نیە. (دم ددم دمدم)

(دوای تەواوبوونی قسەكانی جارچی دیسان بە هەمان شێوەی پێشوو چوار ئەسپ سوارەكە لە ناو چەقەی بازاڕ تەڕاتێن دەكەن و پاشان دەڕۆن)

( دوای رۆیشتنی ئەوان ، خەڵكی بەچرپە دەدوێن. )

**زەندێ** (بەترس و ڤیژەوە): دایە! دایە!

**دایك**(بەسەرسوڕمانەوە): بەڵێ كیژە ژیكەلەكەم؟

**زەندێ:** دایە با زووبچینەوە ماڵ!

**دایك:** بۆ كیژە نازدارەكەم، بۆ؟

**زەندێ**(دەلەرزێت و چۆقەی ددانی دێت): دایە، ئەمن زۆر دەترسم، زۆر!

**دایك:** ئەوە چیتە كیژۆڵەكەم ؟

**زەندێ:** دایە وا دەلەرزم، دیتت چاوی ئەو زەلامانە چەند سووروبەترس بوون؟

**دایك:** مەترسە، كیژە جوانەكەم مەترسە. ئەوانەهیچ نین ؟

**زەندێ:** ئاخر دایە شمشێرەكەی زۆر تیژ بوو ؟

**دایك:** مەترسە كچم مەترسە. زاگرۆسی برات یەك یەكەیان بەدارەوە دەكات.

**زەندێ:** بەراستتە، دایەگیان؟

**دایك:** دڵنیابە، كیژە نازدارەكەم، دڵنیا.

**زەندێ:** دایە گیان، دەكەواتە ناترسم.

**دایك:** وابە، كیژە جوانەكەم ، باش؟

**زەندێ:** باشە دایە گیان. دادێ جووتە گوارەكەم بۆ دەكڕێت؟

**دایك:** ئا، كچم ئا .

**میدیا:** ئەدی خەناوكە و مێخەكبەند بۆ من؟

**دایك:** ئەویش دەكڕم ، كچم.

**زەندێ:** دەبا بچین دایە.

(دایك و هەردوو كچەكەی دەڕۆن و بەناو بازاڕدا دەگەڕێن و دوای كڕینی هەندێك ملوانكە و گوارەو مت و مۆروو سەرلەنوێ كچەكان لەگەڵ دایكیان دەكەونەوە قسە)

**زەندێ:** دایە، ئەرێ ئەو خەڵكە بۆچی سەر بۆ زوحاك دادەنەوێنن؟

**دایك:** كچم ئەو پیاوی چەكدار و پاسەوانی زۆری هەیە.

**میدیا:** دایە، ئەو پاسەوانانە لەبەرچی بەقسەی زوحاك دەكەن؟

**دایك:** چونكە ئەو خواردن و جل و بەرگ و خانووبەرەیان پێ دەدات؟

**زەندێ:** دایە، ئەرێ زوحاك ئەو هەموو پارە و سامانەی لە كوێ بوو؟

**دایك:** هەمووی هی ئەو خەڵكە بەسەزمانەیە و بەزۆر لێیانی سەندووە.

**میدیا:** باشە، زوحاك ئەوەندە بەهێزە بەم هەموو خەڵكە پێی نەوێرن؟

**دایك:** نەخێر، كچم، لەبەرئەوەیە ئەو هەموو خەڵكە یەكگرتوو نین؟

**زەندێ:** باشە، ئەدی بۆ یەكناگرن.

**دایك:** منیش نازانم بۆ؟

**زەندێ:** ئەدی ئەگەر یەكیان گرت؟

**دایك:** بابان وێران، زۆرت گووت، ئیتر بیبڕەوە، با بچینەوە.

(دەڕۆن تا لەبەرچاوان ون دەبن)

## تابلۆی سێیەم

## (ستەمکاری)

( هەموو قسەکان بە هات و هاوارەوە ئەنجام دەدرێن)

پاد شای وڵات بە دە ست و پێوە ندێکی زۆرەوە بە سواری پەیتون دادەبەزێتە ناو چەقی بازاڕ. خەڵکی رێگا بۆ تێپەڕینی چۆل نا کەن، پا سەوانان بە قام چی و ل ێدان دەکەو نە گ یانی ئەم خەڵ کە. پاد شا لەناوچەقی شار دەوەستێت و هاوار دەکات.

**پادشا:** ئەی خەڵکی وڵاتی خۆر و چیا،

باب و باپیرانی ئێوە زۆر بەخشندە و شەرفمەند بوون،

باپیرانی ئێمە هەرچی خزمەتێکیان لێ داوا کردبان

بەبێ دەنگی بۆیان ئەنجام دەدا،

بەڵام هەردەڵێ ی ئێوە لە ڕەچەڵەکی ئەوان نین،

خەریکە هەندێکتان یاخی دەبن و سەرپێچی لە فەرما نەکانم دەکەن،

بۆیە منیش بەزەییم بە هیچ کەستان دانایەتەوە و

پێم بکرێت پێستی گەورەو بچووکتان دەگوورم،

دەتانکەم بە پرد یان لە دیوارتان دەگرم.

ڕێم بەردەن و لەبەرچاوم گوم بن،

ئەگینا خاکتان لە توورەگە دەکەم، بڕۆن!

**وەزیر:** خەڵکینە، وا بزانم کە ستان لە فەرموودەکانی پادشای شکۆدار دەناچن، چونکە هەرچی ئە بیلێت لە بەرژەوەندی ئێوەیە!

**پادشا:** تا بەیانی مۆڵەتتان دەدەم. لەمە بەدوا خۆتان بەرپرسیار دەبن.

**وەزیر:** بێگومان کەس لەم ئەرکە مرۆڤانەیە دواناکەوێت: شاری بێ پادشا وێرانەیە.

(پادشا زۆر بەتووڕەیی لەو ناوە دەڕوات و هەمدیس خەڵکی ڕێگا بۆ تێپەڕینی چۆل ناکەن، پاسەوانان بە قامچی و لێدان دەکەونە گیانی ئەم خەڵکە.)

(دوای رۆیشتنی پادشا سێ گاڵتەجاڕ دێنە پێشەوە)

**گاڵتەجاڕی (1)**( بەخۆبادان وفسەزمانیەوە): وای لەم پاشا بێ مێشکە! چەند خۆی پێ زلە، نازانم بەچی خۆیەوە دەنازێت؟

**گاڵتەجاڕی (2)**( بەزمانخوارکرد نەوەوە): هەڵبەتە بە گەدەو گیپاڵی خۆیەوە دەنازێت!

**گاڵتەجاڕی (3)**( بەخێل و خواریەوە):ئای خودایە، تەماشای لووتی پادشا بکەن ، لووتی هەردەڵێی سەلکە زوڕنایە!

**گاڵتەجاڕی (1)**( بەخۆبادان و فسەزمانیەوە): ئاخر بۆیە لووتی وایە، هەر دەڵێ کلکی مەیموونە سەر و کەللەی وەك هی گایە!

**گاڵتەجاڕی (2)**( بەزمانخوارکرد نەوەوە): بروا نە ، بڕوا نە، تو خوا ئەو جانەوەرەش پادشایە!

خەڵکی وا لەبرسان دەمرن ، ئەویش لووتی لە حەوایە!

**گاڵتەجاڕی (3)**( بەخێل و خوار یەوە): کورە پاد شا کەی وەها یە! ئەی خودایە،

لەو وڵاتەی دڕندەی تێدا پادشایە،

هێزی میللەت لە بن نایە!

یاخی بوونیان گەردەلوولە وتووڕەیشیان رەشەبایە!

پادشا سێبەری شەیتانە و دەنگی میللەت هی خودایە!

کرم و ماریش لەناو کەللەی پادشایانی گەندەڵ دایە!

**گاڵتەجاڕی (1)**( بەخۆبادان وفسەزمانیەوە): ئای چەند فشەکەر بوو!

تەنها کەش و فشەکەی لێ لاببەیت بە نۆکەریش دەست نادات!

**گاڵتەجاڕی (2)** (بە زمانخوارکردنەوەوە ): وای چ پاد شایەکی بە فیز و دڵڕەقە!

**گاڵتەجاڕی (3)**( بەخێل و خواریەوە): کورە کرمیەکی وایە،

بیخەیتە بەر سەگیش، سەگ بۆ خواردن بێزی نایە.

**گاڵتەجاڕی (1)**( بەخۆبادان وفسەزمانیەوە): کورە ئەوە تۆ چ دەڵێیت، سەگی چی ،

مشکیش خۆی لێ لادەدات و بۆ لای نایە.

کۆ تایی ئەم دیمە نە بەگۆڕاذ یەکی بەکۆرالی د ێت کە هەر سێ گاڵتەجاڕەکان پێکەوە دەیلێنەوە:

(( باخچەی پاشا لەمبەر ئاوە،
هێزی میللەت دەوری داوە،
بۆ زاڵم زەواڵ دانراوە،
دوای بارانان هەر هەتاوە،
پاشا راكە زوو لەم ناوە،
كەس چیدی ئۆقرەی نەماوە،
مسۆگەر تەختت رووخاوە))

## تابلۆی چوارەم
## (بەرەنگاری)

( هەموو قسەكان بە هات و هاوارەوە ئەنجام دەدرێن)
(زاگرۆس و موكریان و بابان و بۆتان و گەرمیان و سۆران و هەورامان لە سووچێكەوە دەدوێن)

**كاوە**: كوڕینە بینیتان ئەم پادشا بۆگەندە لەمان چ بێ ڕێز یەكی بەرامبەر ئەو خەڵكە نواند؟

**موكریان**: بێڕێزی و بەس! كەسمان بەپیاو نازانێت و دوای ئەو هەموو چاكە و پیاوەتیەشمان هێشتا هەر لێمان رازی نییە!

**زاگرۆس**: ئەو بەڵایەكە و خوداوەند بۆ ئێمەی ناردووە.

**موكر یان**: سوێند بە ئاگری پیرۆزی سەر چیای سامرەند، خوداش ئێمەی خۆش ناوێت؟

**بۆتان**: وە نەبێژە، كورۆ وەنەبێژە! خودێ ئەم هەمی خۆش دڤێت!

**موكریان**: نەخێر، خودا مرۆڤی مەرد و ئازای خۆش دەوێت ، نەك ئێمەی ترسنۆك و ملكەچ!

**سۆران**: راست دەكەی موكریان. تا ئێستا هەزاران گەنج كراونەتە قوربانی ئەو پادشا خوانەناسە.

**گەرمیان**: ئێمە نەتەوەیەكین لە گڕ و بلێسە ، زۆر دەمێكە گەرەك بوو ئەم سەرشۆڕیە بەلاوەبنێین.

**هەورامان**: لەوەتەی ئەم پادشایە سەردارمانە نە خەلە و خەرمانمان زێدە دەكات و نە گا و گۆ تەلمان فرە دەبێت. هەردەلێ ی ئەهریمەنە و بەربۆتە گیانی ئەم خەلكە بێ وەزەندەیە!

**بابان**: ئەی باشە كە ئێمە خۆمان بەپیاو دەزانین تاكەی بەم سەرشۆڕیە بژین؟

**زا گرۆس**: كەوا تە ، با هەموومان پێكەوە یەك بگرین و ئا سوودەیی بگەڕێنینەوە بۆ ولآت و بزە بۆ سەر لێوی دایكان و خۆشی بۆ دلی دلداران. ئادەی كوڕینە ، ئادەی . تاكەی بەدەست ئەو زەلیلی و سەرشۆریەوە بنالێنین، ئیمڕۆ رۆژی هەلمەت و قوربانیە.

**موکر یان**: من هەر لەئێ ستاوە بەدڵ و گ یان ئا مادەم کە لەپێناوی سەربەخۆیی گەل و هۆزەکەمدا قوربانی بەخۆم بدەم.

**کوێستان**: م نیش لە گەلٚتان د ێم و ژ یانی ژێردە ستەییم پێ لە مردن خراپترە.

**بۆتان**: ئەم زێتر نکارین زولٚم قەبیل بکەین.

**سۆران**: ئەو گاوربا بە ئاگری بەرداوە تە د لی هەموو کە سێك و ماڵی هەمووماني وێرانکرد. لەو رۆژەوەی ئەو بۆتە پادشا ژیانمان بۆتە یەکپارچە ئاگر و دۆزەخ.

**گەرمیان**: ئاگری تۆڵە لە ناخی تاك تاکەماندا وا قوڵپ قوڵپ دەجۆشێت. چیتر بەرگە ناگرین.

**هەورامان**: ئێمەی کردە ڕەمنە و رەهەندەی شار و وڵاتان و لەترسی ئەو کۆرپەکانمان ئەشکەوتاوئەشکەوت دەشارینەوە.

**بابان** : تو خوا ئەمەش ژیانە؟! لەترسی نا مەردێکی وا رۆ ڵەکانمان وە کو بێ چووە پ شیلە لەم کون بۆ ئەو کون دەگوازی نەوە؟ کوڕی نە بەسیەتی ئەم ملکەچیيە ، بەس؟

**کاوە**: کەواتە هەمووتان ئامادەن بۆ شۆڕش و راپەڕین؟

**هەموویان پێکەوە**: ئامادەین و بەڵێن دەدەین.

**کاوە**: بەڵێنی کوردایەتی و مەردایەتی!

**سۆران**: بەڵێنی مەردایەتی و کوردایەتی!

**کاوە**: تێکڕا بڵێن(( سوێند بەم خاکە و بەتیشکی خۆر،

لەمڕۆ بەدواوە سەرشۆڕی و ملکەچی قبووڵ ناکەین!))

**هەموویان پێکەوە**: سوێند بێ ! سوێند!

**کاوە**: زاگرۆس کوڕم ، ئەوا سەرکردایەتی ئەو شۆڕشەم بە تۆ سپارد.

**زاگرۆس**: سوپاس، بابە گیان. بەڵام بابزانم هەموویان منیان قبووڵە.

**هەموویان پێکەوە**: لە تۆ زیاتر کێ شایستەی ئەو پلە و پایەیە؟

**زاگرۆس**: کەواتە با چی دیکە کات بەفیڕۆ نەدەین و تا سارد نەبووینەوە

با هەمووومان پێکەوە بە یەك دڵ و یەك دەنگ و یەك بڕوا و

یەك جەستەوە تەخت و تاراجی پادشایەتی بڕوخێنین.

(کاتێك زاگرۆس لە نیوەی قسەکانیەتی حەوت پاسەوان دێنە ئەو ناوەو گوێ یان لە قسەکانی دەبێت پەلاماری دەدەن، ئەوانیش بەرەنگاریان دەبنەوە و سەرەنجام پاسەوانەکان دەکشێنەوە و رادەکەنەوە ناو کۆشکی پادشا بۆ ئەوەی ئەم هەواڵە بە پادشا بگەیەنن)

(خەڵکێکی زۆر بە ژن و پیاوو کوڕ و کچ لەو ناوە کۆدەبنەوە)

**زاگرۆس**(روو لە هەموویان دەکات): براکانم، ئەی رۆڵە ئازا و مەردەکانی

وڵاتی بەفر و چیا. بەچاوی خۆتان بینیتان چۆن یەکگرتنمان

چۆکی بەهەمموو زۆردارێك دا. کەواتە هەرلە ئێستاوە موژدەی

سەرکەوتنتان دەدە مێ ئە گەر دوژ من هەزار جار لەوە

بەهێزتریش بێت.

هەموویان پێ کەوە: با بەرێ ب کەوین و قەڵای زۆرداری
بڕووخێنین و داری ئازادی بڕوێنین!

**زا گرۆس**: برا ئازا کانم، وڵات چاوەڕێ ی ئێمە یە و بەهاریش وا لە
کەژاوەی خۆ یدا سەرەتاتکێمان لەگە ڵدا دە کات. با بڕۆین ،
بووکی کوردستان ئازاد بکەین.

**کوێستان**: منیش دێم سینەم دەکەمە قەڵغان بۆ ئەوەی چیتر دۆ ست و
دەز گیران لـ ێك نەکرێن و چیتر د ڵداران بەنائومـ ێدی
سەرنەنێنەوە.

(کیژان هەلهەلە لێدەدەن و کوڕانیش دەکە نە بەزم و هەرا و بە سەماوە
بەرەو کۆشکی پادشا بەڕێ دەکەون)

# تابلۆی پێنجەم
## (یاخی بوون و شۆرش)

( هەموو قسەکان بە هات و هاوارەوە ئەنجام دەدرێن)

(کۆ شکی پاد شا، حەوت پا سەوان بەهەناسە سواریەوە خۆدەکوت نە ناو
کۆشك)

**پادشا**: کوڕە، ئەوە چیتانە، چی؟

**سەرۆکی پاسەوانان**: نازانم چی بڵێم ن ەپادشامان.

**پادشا**: ئادەی بیڵێ بزانم چیتە؟

**سەرۆکی پاسەوانان**: ئاخر ناوێرم بیڵێم؟

**پادشا**: کورە بیڵێ ، بزانم چی بووە؟

**سەرۆکی پاسەوانان**: ئاخر بیڵێم ، بە خودا دەمکوژیت؟

**پادشا**: زووکە بیڵێ ، تەقم کرد!

**سەرۆکی پاسەوانان: نا ، نا ناوێرم!**

**پادشا ( بەتووڕەیی بۆی دەچێت)**: بە خوا نەیلێیت دەتکوژم؟

**سەرۆکی پاسەوانان**: بەخوا بشیلێم ، هەردەمکوژی؟

**پادشا**: نا نا ، دڵنیا بە ناتکوژم.

**سەرۆکی پاسەوانان**: دە کەواتە، پادشا خۆت بشارەوە وا هاتن؟

**پادشا**: کوڕە، ئێوە شێت بووینە چیتانە؟ کێ هات؟

**پاسەوانی1**: گەورەم، گەنج و پیر و ژن و منداڵ؟

**پادشا**: بۆچی دێن؟

**پاسەوانی 2**: بۆ کوشتنمان، گەورەم؟

**پادشا**: نەخێر، درۆ دەکەیت، درۆ؟

**پاسەوانی 3**: بە خوا درۆ ناکەین، گەورەم، هەموویان وادێن.

**پادشا**: بەدمەزەبینە راست بلێن، دەنا دەتانکوژم.

**پاسەوانی 4**: سوێند بەو تاجەنازدارەی سەرت، هەرچی دەیلێین راستە.

گوێ بگرە گەورەم گوێ بگرە، ئەوە هاتوهاواریانە و بەرەو ئێرە دێن.

**پادشا**:هاتوهاواری چی؟ هەی ترسنۆکینە! وەزیر؟جەللاد؟

**وەزیر و جەللاد پێکەوە**: بەڵێ، گەورەم؟

**پادشا**: وەزیر فەرمان بە سەربازان بدە با ئامادەبن بۆ بەرەنگاربوونەوە.

**وەزیر**: فەرمانتە ، گەورەم.

**پادشا**: هەرئێستا سەری ئەو حەوت ترسنۆکە پەل بدە و لە سەر د یواری کۆشك هەڵیانواسە.

**جەللاد**: بەسەرچاو، گەورەم.

( جەللاد حەوت پا سەوانەکە بەرەو دەرەوە بەپێش خۆدەدات، لە پەنایەك بەهەر حەوتیان جەللاد دە کوژن و بۆ لای جەماوەری بەرەو پێش هاتوو هەڵدێن)

# تابلۆی شەشەم

## (راپەڕین)

( هەموو قسەکان بە هات و هاوارەوە ئەنجام دەدرێن)

**پادشا** (لەناو کۆشکەوە دەنەڕێنێت): وەزیر، ئەم هاتوهاوارە چی یە؟

**وەزیر**: گەورەم، شەپۆلی خەڵکە و بەرەو ئێرە هەڵمەت دەبەن؟

**پادشا**: ئەی پاسەوان و سەربازە ئازاکانمان؟

**وەزیر**: گەورەم، زۆربەیان کوژراون یان بەدیل گیراون؟

**پادشا**: دەرگاوان؟

**دەرگاوان**: بەلێ، گەورەم؟

**پادشا**: زوو هەموودەروازەکان داخە؟

دەرگاوان: فەرمانتە گەورەم.

**پاد شا:** وەرە دەر گاوان. تۆ دڵ سۆزترین كە سێكی لەم كۆ شكەدا. ئەم خەزێنەیە بگەیەنە پشت كێوی قاف تا لەوێ بەیەك دەگەینەوە.

**دەرگاوان:** بەسەرچاو گەورەم.

(خەزێنە كە لە پاد شا وەردەگر ێت و بەرەو لا یەك رادە كات و لە پەنایەكدا ون دەبێت)

(لەپشت دەرگاكانەوە دەنگی دەرگاكووتان بەتووندی دەبیسترێت و پا شا و وەزیر بەرەو لایەكی دی شانۆ بەورەرووخاویەوە رادەكەن)

**پادشا** (بەهەناسەبڕكێوە): چار چی یە؟ وەزیر، چارە؟

**وەزیر:** بڕۆ ناو ئەو پێستەی گایە و خۆت بشارەوە.

**پادشا:** ئەی تۆ چی دەكەیت؟

**وەزیر:** من جلی ژنان لەبەر دەكەم و هەڵدیم.

**پادشا:** ئەی بۆ جلەكە نادەیتە من و تۆ بچیتە ناو پێستەكەوە.

**وەزیر:** نایدەم ، بەتایبەتی بۆ رۆژێكی وام داناوە.

**پاد شا:** وەز یرە ژیرە كەم، من ئەو تا جەت پێ دەدەم ئە گەر ج لەكان بدەیتە من.

**وەزیر:** رۆژی وا تاج دەبێتە بەڵا و پولێك ناكات.

**پادشا:** دەكەواتە، دەبێ بتكوژم.

**وەز یر:** مەمكوژە ، چونكە ساتێكی تر نا بات شەپۆلی خەڵكی تووڕە دەگەنە ئێرە وهەردووكمان پێكەوە دەكوژن.

( دەنـگی شكان و لەگرێژ نە دەر چوونی دەرگا كان د ێت و هەر لە گەڵ تەواوبوونی ئەم قسانە كاوە و زا گرۆس و موكر یان و با بان و بۆ تان و گەرمیان و سۆران و هەورامان دەگەنە سەریان)

**كاوە:** هەر ئێستا تەسلیم بن، دەنا دەكوژرێن.

**پاد شا و وەز یر** ( بە دەم لەرزیـنەوە ): ئێـمە كرد مان، ئـێوە مەیـكەن. بمانبەخشن.

**زاگرۆس:** ئێمە مافی ئەوەمان نـیە بتانبەخـشین، میـلـلەت برِیار دەدات. چونكە ئێوە هەرچی پێتانكرا لە خرا پەكاری و كو شتار كرد تان، گەنجانتان قرِكرد، ولاتتان تالان كرد، ترس و رقـتان لەدلی ئەم میللەتە بێگوناهە چاند.

**هەموو خەلكی:** لەناویان بەن، لەناویان بەن.

**پاد شا و وەز یر** ( بە دەم گریا نەوە ): دە ست و پێـتان ماچ دە كەین، بمانبەخشن.

**هەموو خەلكی:** لەت لەتیان كەن، لەناویان بەن.

**كاوە:** فەرمانی گەل دەبێ جێ بەجێ بكرێت.

( هەردووكیان بەرەو پەنا یەك پەلكێش دە كرێن و خەلكیش دەكە نە هەرا و چەپلەرێزان . دواتر سێ گالتەجارەكە دێنە ناوەوە.)

**گالتەجارِی (3)** (بەخێل و خواریەوە): برِوانە، برِوانە ، چەند ترسنۆك بوون! نەمگوت بەنۆكەریش نابن؟

**گالـ تەجارِی (2)** ( بە زمانخواركرد نەوەوە ): پاد شا و وەز یریش هەرئەوە ندە بوون؟ رۆژێ سەدپاد شای وات بۆ لە قورِ درو ست دەكەم!

( سەیری پەیتونی پاد شا دە کات و لەژێرەوەی پەیتونە کەدا دەر گاوان خۆی درێژ کردووە و خەزێنەکەشی کەدۆتە بالیف و لە بن سەری خۆی داناوە)

**گاڵتەجاڕی** (3) (بەخێل و خواریەوە): ئۆی ، وەرن وەرن، ئەوە کێیە؟

**گاڵ تەجاڕی** (2) ( بە زمانخوارکرد نەوەوە ): بەخوای دەق دەرگاوا نە قوڕمساغەکەی پادشایە!

**گاڵ تەجاڕی** (1) ( بەخۆبادان وڤ سەزمانیەوە): وەرە دەرێ ، هەی مام رێوی ! ئەوە لەو کونە چی دەکەیت؟ ئەوەچیە لەبن سەرتدایە؟

**دەرگاوان**( بەپاڕانەوەوە): بە خوای هیچ نییە. ئەوە بالیفە، بالیف!

**گاڵ تەجاڕی** (3) ( بەخێل و خوار یەوە): ئادەی بمدەرێ زوو ، با ت ێر شەقت نەکەم!

( دەر گاوان بەتر سەوە لەژێرەوە دێ تەدەرەوە و خەزێنە کەی لەدە ست بەردەبێتەوە و شتەکانی ناوی بەو ناوە وەردەبن)

**گاڵ تەجاڕی** (2) ( بە زمانخوارکرد نەوەوە ): ئای ئای لەو شتە سەیر سەیرانە!!

**گاڵتەجاڕی** (3) (بەخێل و خواریەوە): ئەوە هەمووی خوێنی میللەتی بەسەزمانە!!

**گاڵتەجاڕی** (1) (بەخۆبادان وفسەزمانیەوە): لێیان دزیووە ئەو پاد شا و وەزیر و ستەمکارانە!!

**گاڵتەجاڕی** (2) (بە زمانخوارکردنەوەوە ): بوو بەمیراتیان و کۆشکیان لێ بوو بە وێرانە!!

**گاڵ تەجاڕی (3)** ( بەخێل و خوار یەوە): ئە مەش سەرەنجامی هەموو فەرمانڕەوایێکی بێ وێژدانە!!

**گاڵتەجاڕی (1)** ( تاجی پا شا لەدە ستێکیەتی و گۆ چانی وەز یریش لە دەستەکەی تری)(بەخۆبادان وفسەزمانیەوە): ها بگرە ئەوە تاجی پاشا بۆ تۆ! کوڕە ئەوەش گۆچانی وەزیر بۆ تۆ!

**گاڵ تەجاڕی (3)**(تاجە کە پا شو پێش دەکا تە سەری) ( بەخێل و خواریەوە): ئەرێ لێم دێت؟

**گاڵ تەجاڕی (2)** ( بە زمانخوارکرد نەوەوە): زۆر یش! (ئێ ستا ئەویش گۆ چانەکە سەرەوخوار هە ڵدەگرێت): ئەدی ئەمن بەم گۆچانەوە بە وەزیران دەچم؟

**گاڵ تەجاڕی (1)** ( بەخۆبادان وفـ سەزمانیەوە): بۆ نا؟ زۆر لەوانیش ماقوولتری!

**گاڵ تەجاڕی (3)** ( بەخێل و خوار یەوە): ئای خودا یە! دون یا چەند سەیرە! پاد شای بێ تاج و وەز یری بێ گۆ چان لە ئێ مەش پەڕپوتترن! ها ها ها!

**گاڵ تەجاڕی (1)** ( دە چێتە سەر تەختی پاد شایەتی و لەوێ وە کو پادشایان دادەنیشێت): ئادەی تاجەکەم بدەنەوە؟

**گاڵ تەجاڕی (3)**(تاجە کەی دەدا تەوە دە ستی): ها ئەوەش ئەو تا جە شوومەت.

**گاڵتەجاڕی (1)**: وەرن بیکەنە سەرم!

( گاڵتەجاڕی 2 و 3 بە سەراونخوونی لەسەر سەری دادەنین)

**گاڵتەجاڕی (1)**: ئێستا من پادشام یان نا؟

**گاڵتەجاڕی( 2 )و( 3 )**(پێكەوە): زۆر لەویش پادشاتری!
**گاڵتەجاڕی (1)** ( بەفەرمانكردنەوە): دەكەواتە گوێ بگرن!
( هەردوو گاڵتەجاڕەكە بە هەردوو دەستان گوێ ی خۆیان بە توو ندی دەگرن و خەریكە گوێچكەكانیان لەبنەوەڕا هەڵكێشن)
**گاڵتەجاڕی (1)**( هاوار دەكات): لەم ساتە بەدواوە پێویستە هەمووتان
من بە پادشای وڵات بزانن و چی بڵێم دەبێ بەگوێم بكەن.
بەگوێم دەكەن یان نا؟
**گاڵتەجاڕی 2 و 3** (پێكەوە): بەگوێت دەكەین.
**گاڵتەجاڕی (1)**( هاوار دەكات): كەواتە هەئێستا بیكەنە بەزم و شایی و
تا حەوت شەو و حەوت رۆژان گەورەو بچووك دەبێ هەڵپەرن.
**دە یان دە نگ پێكەوە: دە مخۆش،** ئەی شێتۆكەی لەپاد شایان ژیر تر ، دەمخۆش!

# تابلۆی حەوتەم
## (نەورۆز و ئازادی)

له هەموولایە كەوە دەنگی تەپڵ و مۆ سیقا و زوڕنا یە. رە شبەڵك و سەمایە، خەڵكی لە جۆش و خرۆش و جۆ ست و جۆ یەكی یەكجار سەیردایە. دەنگی بلوێرژەنان تێكەڵ بەدەنگی نای و باڵەبان و كەرەنایە. كچان بەدە سرۆكە و سەرپۆش و جلی ئالواڵاوە بە حریتەو قریوە و قا قاوە د ێن و دە چن. كوڕان بە را نك و چۆغە و شال و شەپك و موراد خانی و كولەباڵەكانیا نەوە جوانترین د یمەن دە نوێنن. مە ندالآن

خەریكی یاری و هەلوكێن و ساپساپانێ و كەلایانێن و لەمـسەری شانۆوە بۆ ئەوسەر فڕفڕۆك بەدەستەوە رادەكەن. لەو ناوەشدا زایەڵەی گۆرانی ((ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزەی پیرەمێرد بەدەنگی حە سەن ز یرەك دار و بەرد دە هەژێنێت)) و مە شخەڵی ئاگری نەورۆز گڕ دە سەنێت و ئاڵای كورد ستان دە شەكێتەوە و بە نەرمی بە سروودی (( ئەی رەقیب)) كۆتایی دێت .

((كۆتایی))

# چاوەڕوان بن

## ئەم كتێبانە بەم زووانە دەكەونە بازاڕەوە :

1- فەرهەنگی پێشكەوتووی ئازاد (ئینگلیزی-كوردی) [95000 وشە]
دانانی: د. ئازاد حەمە شەریف
2- شاكارنووسانی كورد لە سەدەی بیستەم دا: محەمەد مەولود مەم،
""كۆمەڵێك وتارو لێكۆڵینەوە" دەرچواندنی: د . ئازاد حەمە شەریف
3- چوار دەقی شانۆیی جیهانی
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
4- ئێل گریكۆ / دانانی : جۆن ف. ماسیوز
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
5- پۆل سێزان / دانانی: سیۆدۆر رۆسۆ
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
6- پیكاسۆ / دانانی: ویلیام لیبەرمان
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
7- رائول دوفێ / دانانی: ویلیام لیبەرمان
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
8- كوشتنی خەونەكان لە رۆژهەڵاتدا
نووسینی: د . ئازاد حەمە شەریف
9- كورتە مێژوویەكی سینەما / دانانی : جۆن ئێسكۆت
وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف
10- (25) هۆنراوەی كەڵەشاعیرانی رۆژئاوا
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
11- ئێرلەندا: وڵاتی شۆڕشگێران
دانانی: د . ئازاد حەمە شەریف
13- فەرهەنگی رووەكەكانی كوردستان
دانانی: د . ئازاد حەمە شەریف
14- (10) چیرۆكی شاكاری جیهانی
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
15- نوێكاری نوێ : بۆ فێركردنی ئینگلیزی بە نوێترین شێوە
دانانی: د . ئازاد حەمە شەریف
16- پوختەیەك لە بیروباوەڕی زەردەشتی /دانانی: زێهنەر (چاپی سێیەم)
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
17- وڵگەی سزا / دانانی : فرانز كافكا
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
18- ئیمپراتۆر جۆنز / دانانی : یوجین ئۆنێڵ
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
19- مەیمونی تووكن / دانانی : یوجین ئۆنێڵ
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف

20- گیانەوەرە شوشەییەکان / دانانی : تێنیسی ویلیامز
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
21- هاملێت / دانانی: شێکشپیر
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
22- شەوی دوازدەیەم / دانانی: شێکشپیر
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
23  خەونی شەوێکی چلەی هاوین / دانانی: شێکشپیر
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
24- هەقایەتی زستانێ / دانانی: شێکشپیر
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
25- چۆنت پێخۆشە / دانانی: شێکشپیر
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
26- وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی دا / دانانی :جێمس جۆیس(چاپی دووەم)
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
27- بوونەوەرە هۆشمەندەکانی بۆشایی ئاسمان (چاپی دووەم)
دانانی : د. اسماعیل موسی مراد و د . ئازاد حەمە شەریف
28- دونیایەکی ئازا و نوێ / دانانی: ئەڵدۆس هەکسلی
وەرگێڕانی: د . ئازاد حەمە شەریف
29- داستانەشیعری (بەدواتەوەن)
دانانی : د. ئازاد حەمە شەریف
30- کۆمەڵەشیعری (گۆرانی کۆشی مەرگ)
دانانی : د. ئازاد حەمە شەریف
31- رۆمانی (یەك سەدەی تاریك)
دانانی : د. ئازاد حەمە شەریف
32- چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانیەکانم
دانانی : د. ئازاد حەمە شەریف
33- روناکی و تارماییەکانی سەرشانۆ : کۆمەڵێك وتار و رەخنەی شانۆیی
دانانی : د. ئازاد حەمە شەریف